دیمۆکراسی بۆ ئێران خودموختاری بۆ کوردستان

# کوردستان

ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

٣١ی بانەمەڕی ١٣٨١ | ٢١ی مای ٢٠٠٢ | ژمارە ٣٤١ | ١٥٠ تمەن


## "چوونی ئێران بۆ نێو پەیماننامەی لەنێوبردنی جیاوازیدانان بە دژی ژنان دژی شەرعە"!

پاش ئەوەی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی چوونی ئێران بۆ نێو کۆنوانسیۆنی لەنێوبردنی هەرچەشنە جیاوازیدانانێك بە دژی ژنانی بە مەرجی "لە چوارچێوەی شەریعەت"دا پەسند کردو بۆ بڕیار لەسەردان ڕەوانەی مەجلیسی شوورای ئیسلامیی کرد، ٣ کەس لە "مەراجیعی تەقلید"ی شیعەکان لە قوم: ناسری مەکاریمی شیرازی، جەوادی تەبریزیو محەممەد فازل لەنکەرانی چوونی ئێران بۆ نێو کۆنوانسیۆنی ناوبراویان بە کارێکی پێچەوانەی شەرع دانا. ئاخوند "مکارم شیرازی" لەم پێوەندییەدا گوتی: "ئەم پەیماننامەیە خزمەتێك بە کۆمەڵی ژنانی ئێمە ناکاو هەر ئەو بەڵایەیان بەسەر دێنێ کە لە ڕۆژئاوا بەسەر ژنانی هێناونو بناغەی بنەماڵەکان لێك هەڵدەتەکێنێ".

هەر لە ئێستاوە چارەنووسی ئەم مەسەلەیەش وەك زۆر لەو لایەحەو گەڵاڵانەی لەم چەند ساڵەی دواییدا چوونەتە مەجلیس، ڕوونە. تەنانەت ئەگەر مەجلیس بە گونجاندنی هەر جۆرە مەرجێکیش ئەم پەیوەست بوونە پەسند بکا، شوورای نیگابانو سەرئەنجام مەجمەعی تەشخیسی مەسڵەحەت بەو بیانوویە کە ـ بە گوێرەی نەزەری ئاخوندە موحافیزەکارەکان ـ لەگەڵ شەرع ناگونجێ، ڕەتی دەکاتەوە.

دیارە ئاخوند شیرازی بە پێویستی نەزانی ڕوونی بکاتەوە خۆ هەتا ئێستا ئێران نەبووە بە ئەندامی ئەو پەیماننامەیە، کەوابوو هۆی چیە زۆر دیاردەی وەك ڕاکردنی کچان، ژنانی سەرشەقام، ڕایەڵکەی قاچاغو فرۆشتنی کچانو ژنان بە میرنشینەکانی لێواری کەنداو، تەڵاقو لێك هەڵوەشانی بنەماڵەکان، سەریان هەڵداوەو بە شێوەیەکی کەم وێنەو سەرسووڕهێنەر پەرەیان گرتوە.

## سمینارێك بە مەبەستی یەکدەست کردنی ڕێنووسی کوردی لە چاپەمەنیی حیزبدا








کاتژمێر ٩ی پێش نیوەڕۆی پێنج شەمە ١٩ی بانەمەڕ، سمینارێك کە لەلایەن کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانەوەو بە مەبەستی یەکدەست کردنی ڕێنووسی کوردی لە چاپەمەنیی حیزبدا ڕێك خرابوو، بە وتەیەکی کورت لەلایەن هاوڕێی بەڕێز حەسەن شەرەفی ئەندامی دەفتەری سیاسیو بەرپرسی کۆمیسیۆنی چاپەمەنی لە سالۆنی کۆمیسیۆنی فێرکردنو لێکۆڵینەوەی حیزب، کارەکانی خۆی دەست پێکرد.

لەو سمینارەدا جگە لە بەرپرسان، نووسەران، وەرگێڕانو کادری فەنیی بڵاوکراوەکانی "کوردستان"، "تێکۆشەر"، "تیشك"، "لاوان"، "ژنان"، "بووڵتەنی زانیاری"، دەیان کەس لە هاوڕێیانی حیزبیی ئۆگری نووسینو وەرگێڕان بەزمانی کوردی، مامۆستایانی دەرسی کوردی لە کۆڕی پەروەردەو فێرکردنو بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامە دیوارییەکان لە کەمپە جۆراوجۆرەکانی حیزبدا، بەشدار بوون.

بەشدارانی سمینار، لە سێ دانیشتنی یەك سەعاتو نیویدا، گیروگرفتەکانی پێوەندیدار بە نووسینی ڕێنووسی کوردییان هێنایە گۆڕێو قسەیان لەسەر کرد. ئەوان ئامادە بوونی هاوڕێی بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە لەو سمینارەداو بەشداریی چالاکانەی ئەویان لە باسەکاندا بە دەرفەت زانیو لە بیروڕای شارەزایانەو تێبینییە بە نرخەکانی بۆ ساخبوونەوە لەسەر زۆر لە گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردی کەلکیان وەرگرت.

"کوردستان" ڕاسپاردەکانی ئەم سمینارە بە زوویی بە ئاگاداریی خوێنەرانو ئۆگرانی زمانی کوردی دەگەیەنێ.

## وەفدێکی حیزبی شیوعیی کوردستان سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی کرد



ڕۆژی دووشەمە ٢٣ی بانەمەڕ (١٣ی مای ٢٠٠٢) وەفدێکی حیزبی شیوعیی کوردستان بە سەرۆکایەتیی هاوڕێی بەڕێز کەریم ئەحمەد سکرتێری گشتیی ئەو حیزبەو پێکهاتوو لە بەڕێزان مەلا حەسەن، سوهەیل زەهاوی، سوبحی مێهدی ئەندامانی مەکتەبی سیاسیو ئەحمەد شێروانیو بابا عەلی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیو محەممەد شێخانی ئەندامی کۆمیتەی پێوەندییەکانی دەرەوەی حیزبی شیوعی، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانی کرد.

وەفدی ناوبراو لەلایەن هەیئەتێکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بە سەرۆکایەتیی هاوڕێی بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەنزادە سکرتێری گشتیو پێکهاتوو لە هاوڕێیان: مستەفا هیجری، حەسەن شەرەفی، حوسێن مەدەنی، مستەفا مەولوودی ئەندامانی دەفتەری سیاسیو حەسەن قادرزادە، کەماڵ کەریمیو عومەر باڵەکی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی، پێشوازیی لێ کرا.

لە دانیشتنێکی چەند سەعاتەدا مەسەلەکانی پێوەندیدار بە وەزعی ناوچەو کوردستان کەوتنە بەرباسو هەردوولا

## لەم ژمارەیەدا

ڕەوتی ئیسلاحاتو وتەکانی ئەم دواییانەی خاتەمی ٢
بانگەواز بۆ یارمەتیی ماڵی بە حیزب ٢
دابەش بوونی نیوەی باکووری دەریای خەزەر لە نیوان ڕووسیەو قەزاقستاندا ٢
تەقینەوەی مین و یاسای لێڵی کۆماری ئیسلامی ٣
تێکۆشان لە دەرەوەی وڵات ٣
لە یادی مامۆستای بلیمەت مەسعوود موحەممەدی نەمردا ٤
هەواڵەکانی ئێرانو جیهان لە مانگی ڕابردوودا ٨
ڕۆژی جیهانیی گەنجینەو میراتی فەرهەنگی ٩
بەسیج سوپای موخلیسی خودایە!! ٩
هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە فەرانسەو شکستی بەرەی چەپ ١٠
پاڵەوانە تازەکانی ئورووپا ١٠
جامی جیهانیی فوتبال ١١

## پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ لە شێوەی گەمارۆی ئابووریی عێراقدا

بە گوێرەی بڕیارنامەیەك کە ڕۆژی سێشەمە ١٥ی مای ٢٠٠٢ شوورای ئەمنییەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پەسندی کرد، ئاڵوگۆڕێکی بەرچاو لە شێوەی ئەو گەمارۆ ئابوورییەدا کە ١١ ساڵە لە دژی عێراق بەڕێوە دەچێ، پێك هات.

بەپێی بڕیارنامەکە کۆمیتەی چاوەدێر بەسەر گەمارۆکاندا دەبێ زۆربەی ئەو ڕێککەوتننامانە کە بە مەبەستی ڕاگوێزتنی خواردەمەنی بۆ عێراق مۆر دەکرێن، پەسند بکا. بڕیارنامەی شوورای ئەمنییەت لیستێکی دوورو درێژی لە جۆری ئەو کاڵاو شتومەکانەی دەبێ پێش ڕاگوێزران بۆ عێراق، لەلایەن کومیتەی چاوەدێرەوە لێیان بکۆڵرێتەوە، دەست نیشان کردوە. کەلوپەلی پێوەندی گرتنو پێداویستیو ئامرازەکانی تێکنۆلۆژیی کۆکردنەوەی زانیاری لەو شتومەکانەن. بەڵام ڕێگا دەدرێ زۆر شتومەكو پێداویستیی دیکەی خەڵك کە لایەنی نیزامییان نیە، بۆ عێراق بچن.

"محمدالدوری" سەفیری عێراق لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەو پێوەندییەدا گوتی: "لیستی تازە بە مەنع کردنی چوونی ئامرازو دەزگاکانی پێویست لە بوارەکانی کشتوکاڵ، بەرقو لەشساغیدا، پێش بە پەرەگرتنو پێشکەوتنی ئابووریی عێراق لە داهاتوودا دەگرێ." ناوبراو پەسند کرانی ئەم بڕیارنامەیەشی بە شێوەیەکی تازە بۆ ئازاردانی خەڵکی عێراق ناوبردو گوتی: "بەغدا لە هیچ بڕیارنامەیەك کە گەمارۆکان هەڵنەوەشێنێتەوە، ڕازی نیە."

## تەختی جەمشید لەبن تۆزی فەراموشیدا!



لە بەرەبەری ڕۆژی جیهانیی میراتی فەرهەنگیدا، ژمارەیەکی زۆر لە فەرهەنگدۆستانی ئێرانی بریتی لە ڕووناکبیران، ڕۆژنامەنووسان، لێکۆڵەرانو کەسایەتییە فەرهەنگییەکانی ئێران، بە کۆمەڵ نامەیەکیان بۆ محەممەدی خاتەمی سەرکۆماری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نووسی. لەو نامەیەدا وێڕای ڕەخنەگرتن لە کەمتەرخەمیی چەندین ساڵەی بەڕێوەبەرانو کاربەدەستانی ڕێژیم لە ئاست پاراستنی تەختی جەمشید، خوازیاری پێڕاگەیشتنی جیددیی دەوڵەت بەو شوێنەوارە مێژووییە بەناوبانگەی ئێران بوون.

## کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی ئورووپا لەبارەی ئێران بە ئاکام نەگەیشت

ڕۆژی دوو شەمە ١٣ی مای (٢٣ی بانەمەڕ) کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی ئەندامی یەکیەتیی ئورووپا نەیتوانی لەسەر مۆر کردنی ڕێککەوتننامەی بازرگانیو هاوکاریی بەربڵاو لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بە ئاکام بگاو، بڕیاردان لەو بارەوە بۆ مانگی ژووئەن دواخرا.

هۆی بە ئاکام نەگەیشتنی کۆبوونەوەکە دوو دەستەییو ناکۆکیی نێوان وڵاتانی ئورووپایی لەسەر چۆنیەتیی هاوکاری لەگەڵ ئێران بوو. بریتانیا، هولەند، ئەڵمان، ئیرلەندو فەرانسە خوازیاری ئەوە بوون کە لە ڕێککەوتننامەکەدا تیرۆریزم مەحکووم بکرێو پشتیوانی لە وەبەرچاو گیرانی مافی مرۆڤ لە ئێراندا بکرێ. بەڵام ئیتالیا، یوونان، ئیسپانیاو بێلژیك داواکار بوون مەسەلەی سیاسیو مافی مرۆڤ تێکەڵی مەسەلە بازرگانیو ئابوورییەکان نەکرێن.

## ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێبووردن ئیسرائیلی مەحکووم کرد

ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێبووردن لە ڕاپۆرتێکدا کە ڕۆژی ١٤ مای، دای بە "کومیتەی بەربەرەکانی لەگەڵ ئەشکەنجە"ی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئیسرائیلی بە ئەنجام دانی کردەوەی دژی ئینسانیو کەڵك وەرگرتن لە ئەشکەنجە لە عەمەلیاتی نیزامیی ئەم دواییانە لە ناوچەکانی لێواری ڕۆژئاوادا، تاوانبار کرد. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە ئیسرائیل لەکاتی دەستدرێژی بۆ سەر ئوردووگاکانی ئاوارە فەلەستینییەکانو ئاواییو شارۆچکەکانی دیکەدا، جگە لە کوشتنی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی غەیرە نیزامی، بە هەزاران فەلەستینییشی گرتوونو لە زیندانی تاکەکەسی کردوونو بێحورمەتیو سووکایەتیی پێکردوون.

لەو ڕاپۆرتەدا هەروەها بە توندی ڕەخنە لە گرتنو زیندانی کردنی ئەو بەشە لە سەربازانو ئەفرادی زەخیرەکراوە کە لە بەشداری لە عەمەلیاتی نیزامی لە ناوچە داگیرکراوەکاندا، خۆیان بواردوە. بەپێی ڕاپۆرتەکان لە سەرەتای دەست پێکردنی "انتفاضە"ی تازەوە تا ئێستا زیاتر لە١٠٠ ئیسرائیلی بە تاوانی نارەزایەتی دەربڕین لە سیاسەتەکانی دەوڵەت لە پێوەندی لەگەڵ فەلەستینییەکاندا، گیراونو دەیان کەسیان هەروا لە زیندان دان.

دژایەتی لەگەڵ سیاسەتە شەڕ خوازانەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل لەنێو خەڵکی ئەو وڵاتەدا بە شێوەی جۆراوجۆر لە حاڵی پەرەگرتن دایە. خۆپێشاندانێکی ٦٠ هەزار کەسی کە ڕۆژی ١١ مای لە مەیدانی "ئیسحاق ڕابین"ی تەلئاویودا بە پشتیوانی لە چوونە دەری هێزە ئیسرائیلییەکان لە ناوچە داگیرکراوەکانو دەست پێکردنی ڕەوتی ئاشتی بەڕێوەچوو، نیشانەیەکی گەورە لە زیندوو بوونی ڕەوتی بزووتنەوەی ئاشتی لەو وڵاتە دابوو.

## وێنەی دوژمنانی ئازادیی چاپەمەنی لە ژێرپێی ڕێبوارانی پاریسدا

ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور، ئەمساڵ بە بۆنەی ٣ی مای ڕۆژی جیهانیی ئازادیی چاپەمەنی بۆ ماوەی یەك مانگ پێشانگەیەکی لە وێنەی ٣٨ دوژمنی بەناوبانگی ئازادیی چاپەمەنیی لە جیهاندا پێك هێنا. ئەو ٣٨ دوژمنە بریتی بوون لە ڕێبەرانو دەسەڵاتدارانی ٣٨ وڵاتی دونیا کە ئاخوند خامنەیی ڕێبەری ڕێژیمی ئێران یەك لەوان بوو.

ڕێکخراوی ناوبراو وێنەی ئەو ٣٨ کەسەی لەسەر نەخشەیەکی گەورەی تۆپی زەوی لە "سان لەزێر" لە یەکێك لە وێستگەکانی شەمەنەفەر لە پاریس کێشایەوە. لەسەر هێندێك لە کۆڵەکەکانی ئەو شوێنەش وێنەی دوژمنە بە ناوبانگەکانی چاپەمەنیی بە کارنامە خاوێنەکەیانەوە! هەڵاواسیبوو. هەرکەس بەو شوێنەدا ڕابردبایەو هاتبایە سەیری ئەم پێشانگایە، دەبوایە پێ بخاتە سەر وێنەی دوژمنانی ئازادیی چاپەمەنی.

دەوڵەتی تورکیە بەو هۆیەوە کە وێنەی سەرۆکی ستادی هاوبەشی ئەو وڵاتە (حوسێن گایدۆد ئۆغڵی) لەنێو ئەو ٣٨ کەسە دابوو، داوای کرد دەوڵەتی فەرانسە ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور تەمبێ بکا، بەڵام کاتێك بۆی دەرکەوت فەرانسەش تورکیە نیە کە هەموو شتێك بە ویستی دەسەڵاتداران بێ، پێوەندیی نیزامی خۆی لەگەڵ فەرانسە پچڕێ.

دیارە پێشانگەکەو بینەرانی ڕۆژی ٩ی مای کەوتنە بەر هێرشی تاقمێك کە چەند ڕۆژنامەنووسی تورکیشیان لەگەڵ دابوو. بەو هۆیەوە کە ڕۆژێك دواتریش هێرشەکە دووپات بۆوە، بەرپرسانی ئەمنییەتیی وێستگەی ناوبراو، پێشانگەکەیان کۆ کردەوە.

# ڕەوتی ئیسلاحات و وتەکانی ئەم دوایانەی خاتەمی

هەژێر

لە نێوەڕاستی ئەم مانگەدا (١٥ی بانەمەڕ)، موحەممەدی خاتەمی سەرەك کۆماری ڕێژیم لە کۆبوونەوەی ناساندنی مامۆستایانی نموونەی ئێراندا دەستی کرد بە بەرگریکردن لە دەوڵەتەکەی خۆیو گوتی: "دڵنیاتان دەکەمەوە کە دەوڵەت سەرەڕای گوشارو گیروگرفتەکان، ڕێگای خۆی ون نەکردوە." خاتەمی لە وتارەکەیدا گوتی:" ئەگەر هەست بکەم کە دەوڵەت لە ڕەوتی بزووتنەوەی ئیسلاحات تۆزقاڵێ لای داوە، بۆ ساتێکیش لە بەرپرسایەتیی سەرکۆماریدا نامێنمەوە." خاتەمی لە ڕۆژی ١٨ی بانەمەڕیشدا بۆ جارێکی دیکە ڕەخنەگرانی بە ئاگا هێنایەوەو گوتی: "سەرکوتکردنی ویستی خەڵكو جودابیران لە ڕێگای یاساوە نیشانەی یەکیەتیی نەتەوەیی (وفاق ملی) نیە". ئەو لە درێژەی وتەکانیدا ڕایگەیاند: "یەکیەتی بە مانای بەکارهێنانی ئامرازی یاسا بۆ سەپاندنی سەلیقەیەکی تایبەت نیە." هەرچەند وتەکانی سەرکۆمار زیاتر لە ژێستو مانۆڕی سیاسی دەچێ تا لەو ڕێگایەوە قۆڵی ڕاست لە فشارهێنانو لە سەپاندنی سیاسەتەکانیدا خاو بکاتەوە یان پاشەکشە بکا، بەڵام جێی سەرسووڕمانە کە خاتەمی دوای تێپەڕینی ٥ ساڵ لە ماوەی سەرکۆمارییەکەیو چێشتنی تامی تاڵی گلۆربوونەوەی ڕەوتی ئیسلاحات کە هەندێ لە چاوەدێرانی سیاسی بە "ئیسلاحاتی خوالێخۆشبوو" ناوی دەبەن، هێشتا هەستی نەکردوە کە دەوڵەتەکەی تۆزقاڵێ لە ڕێگەی ئیسلاحخوازی لای داوە!! هەرچەند خودی خاتەمی بە جوانی دەزانێ کە ڕەوتی ئیسلاحات چەندە لەگەڵ نسکۆدا بەرەو ڕوو بۆتەوەو ئەم نیزامە بە بێ چەسپاندنی ریفۆرمی بنەڕەتی لە هەرەسهێنان نزیك دەبێتەوە.

چاوخشاندنێکی کورت بەسەر ڕەوتی پاشەکشەی ئیسلاحات لە ساڵی ٨٠دا دەری دەخا کە خاتەمی نەك تۆزقاڵێ بەڵکوو بە ئەندازەیەکی زۆر لەو ئیسلاحاتەی کە خەڵك باوەڕیان پێیەتی دوور کەوتۆتەوە. لە خاکەلێوەی ٨٠دا دادوەری ئینقلاب باسی لە دۆزینەوەی تۆڕێکی نەیار (شبکه برانداز) کرد. ئەم نەیارانە پێك هاتبوون لە کۆمەڵێ میللی- مەزهەبی کە لە ماڵێکدا لە دەوری یەك کۆببوونەوەو لە بارەی کێشەکانی وڵات گفتوگۆیان دەکرد. لەم پەیوەندییەدا نزیکەی ٤٠ کەس گیران کە هێشتا دەستەیەك لەوانە لە زیندانەکانی ڕێژیمدان. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە خاتەمیو دەستو پێوەندەکانی پەیتا پەیتا پڕو پاگەندەی "ئێران بۆ هەموو ئێرانییەکان"یان دەکرد. تاجزادە جێگری سیاسیو کۆمەڵایەتیی وەزیری نێوخۆ لە بەهاری هەمان ساڵدا دەستی لە کار کێشایەوەو فرۆکەی هەڵگری وەزیری ڕێگەوبانو نوێنەرانی ئوستانی گولستان کەوتە خوارێو ئەم ڕووداوە بووە هۆی دروستبوونی گومانگەلێکی زۆر لە نێوخۆو دەرەوەی وڵاتدا!

سەرەنجام خاتەمی هەر لەو ساڵەدا دوای چەند مانگ دڕدۆنگیو دوودڵیی دەروونی، دووبارە لە هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ٨٠دا بەشداریی کردو بەهۆی نەبوونی ڕکەبەرێکی جیددییەوە دووبارە بوو بە سەرەك کۆمار! ناوبراو ڕاست دوای سەرکەوتنی دووبارەی خۆی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە "ئەمە ئێمەینو پەیمانێك کە بەستوومانە! " ماوەیەك دواتر لە چاوپێکەوتنێکدا بە دڵنیاییەوە گوتی کە لەو ڕێگایەی کە گرتوومەتە پێش، هەنگاوێ ناگەڕێمەوە.[1]

ئەگەرچی خاتەمی لە کابینەی دووهەمدا ٦ وەزیرو ٤ جێگری نوێی هەڵبژارد، بەڵام هیچ کام لەوان کەسانێکی ناسراوو لێهاتوو نەبوون. هەر لە سەرەتاوە کابینە نوێیەکەی لەگەڵ گیرو گرفتو قەیرانگەلێکی وەك ململانێ لەگەڵ دەزگای قەزایی بەهۆی بەڕێوەبردنی حوکمە شەرعییەکان لە بەرچاوی جەماوەرداو هەروەها خۆپیشاندانی خەڵکی شاری سەبزەوار بۆ دژایەتی لەگەڵ شێوەی دابەشکرانی ئوستانی نوێو... بەرەوڕوو بووەوە. هەر لە پووشپەڕی ئەو ساڵەدا ئەو لیباس شەخسییانەی هێرشیان کردبووە سەر کووی زانستگا، ئازاد کران. واتە ئەو کەسانەی کە بە ڕەفتاری وەحشییانەی خۆیان یەکێك لە باسکە بەهێزەکانی ئیسلاحاتی بنەڕەتییان لەکار خست، ئەو لەکار خستنە بەشێوەیەك بوو کە هێشتا بزووتنەوەی خوێندکاری نەیتوانیوە ڕاست بێتەوە.

ڕووداوی ١١ی سێپتامبرو هەڕەشەکانی ئەمریکا قەیرانگەلێکی جیددیی بۆ حاکمییەتو دەوڵەت بەدواوە بووە. هەرچەند دەوڵەتی بەناو ئیسلاحخوازی خاتەمی تەنانەت زیاتر لە سنووری دەسنیشانکراوەکان بەمەبەستی هاوکاری لەگەڵ ئەمریکادا هەنگاوی نا، بەڵام کاربەدەستە ئەمریکایییەکان ئەو خۆبردنە بەرەوەیان بە هەند نەگرتو ئێرانیان لەگەڵ وڵاتانی عێراقو کورەی باکووردا بە تەوەری ئەهریمەنی ناوبرد. هاوکات لەگەڵ ئەم قەیرانانەدا، ئیسلاحخوازان لە نێوخۆشدا لەگەڵ قەیرانگەلێکی وەك ڕەتکردنەوەی بەربڵاوی کاندیدا ئیسلاحخوازەکانی نوێنەرایەتیی میان دەورەیی مەجلیس لە ئوستانی گولستان، خۆپیشاندانەکانی دوای فوتباڵ، تەنگژەی دوای کۆکردنەوەی ئانتێنە ماهوارەیییەکان، ڕاوەدوونانو گرتنی هەندێ لە نوێنەرانی مەجلیسی شوورای ئیسلامیو داخستنی هاوکاتی چەند بڵاڤۆكو... ، بەرەوڕوو بوون. لەم نێوەدا کۆنەپارێزەکانیش خۆشحاڵن کە هەموو سەنگەرەکانیان گرتووەو ئێستا گەیشتوونەتە دواسەنگەری ئیسلاحخوازان کە شوورای ئیسلامییەو ئەگەر بتوانن مەجلیسیش بێبایەخ بکەن یان بیرمێنن، بێگومان پرۆسەی ریفۆرم لە سەرەوە، دوایین هەناسەکانی خۆی دەداو دەچێتە ئارشیڤی مێژوووەوە. ئەو نموونانەی کە ناو بران تەنیا نموونەگەلێك بوون لە لادانو وەرگەڕانی بزووتنەوەی ئیسلاحخوازی لە ساڵی ڕابردوودا و ئەگەر ئەوان لەگەڵ نموونەکانی ٤ ساڵی ڕابردوودا کۆ بکەینەوە، بێگومان کۆی کارنامەی ڕەوتی ئیسلاحات کارنامەیەکی لێوانلێو دەبێ لە لادان، کشانەوەو هەرەسهێنان. ئیسلاحخوازان کە دروشمگەلێکی بریقەداری وەك یاساخوازی، بەدیهێنانی کۆمەڵگای مەدەنی، خەڵكسالاری (کە دواتر ناوی گۆڕدرا بە خەڵكسالاریی دینی)، ریشەکێش کردنی هەژاریو بێعەداڵەتی، ئازادیی ڕادەربڕینو... یان هەڵگرتبوو، ئێستا ئەو جۆرە دروشمانە لە کەشوهەوای گرژی قۆڵە ڕکەبەرەکاندا، بە خەرمانەیەك لە تەپوتۆز داپۆشراونو لە کردەوەدا گردەنشین بوون.

لە بواری فەرهەنگو ئازادیی چاپەمەنیدا سەرەڕای ئازادیی ڕێژەیی لە ساڵەکانی ٧٧و ٧٨دا، ئێستا دوای بەسترانی یەك لە دوای یەکی چاپەمەنییەکان، داخرانی دووبارەی کۆمەڵگا، سەرکوتی چەندین ساڵەی فرەچەشنی لە کۆمەڵگاداو سەپاندنی ئولگووی دڵخوازی کۆنەپارێزەکانو هێرشی شەپۆلە ماهوارەییو ئینترنێتییەکانو... کۆمەڵگای ئێرانی بەرەو بێمایەییو ملکەچی بردوە. ئیسلاحخوازان لەم نێوەشدا لە هەنگاوە سەرەتاییەکانی خۆشیان کشاونەتەوەو تەنیا پشتیان بە دروشمە سەرەتاییەکانی خۆیان بەستووەو لە کردەوەدا لە بەرانبەر سەرکوتی یەك لە دوای یەکی ڕووناکبیرانو داخرانی دەیان ڕۆژنامەو گۆڤار، سیاسەتی بێدەنگییان هەڵبژاردوە.

لە بواری ئابوورییشدا بە لە بەرچاو گرتنی داخرانی پەیتا پەیتای واحیدە تەولیدییەکانو بێکارکردنی سەرسووڕهێنەری کرێکارانو مانگرتنە بەردەوامەکانیانو هەڵاتنی مێشکەکانو... بۆمان دەردەکەوێ کە سیاسەتەکانی دەوڵەت لەم بوارەشدا سەرکەوتنێکی ئەوتۆیان بەدواوە نەبووە. ئەگەرچی ڕێژەی ڕەسمیی بێکاری ١٤٪ ڕاگەیەندراوە، بەڵام بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین کە ڕێژەی بێکاریی شاراوەو ئاشکرا زۆر لەم ئامارە ڕەسمییانە زیاترە.

لە بواری سیاسەتی دەرەوەشدا ئەگەرچی ستراتیژیی دەوڵەت لەسەر پایەی سڕینەوەی ئاڵۆزی پێی دادەگرتو بەم پێیە ئیددعای دەکرد کە وێنەیەکی باشتری لە ڕێژیم لە ئاستی جیهاندا پیشان داوە، بەڵام هەڵوێستی ئەم دوایانەی ئەمریکاو هەڕەشە بەردەوامەکانی بۆ سەر ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن کە حکوومەتی ئیسلامیی ئێران لەم گۆڕەپانەشدا سەرکەوتنێکی ئەوتۆی وەدەست نەهێناوە.

بەم وێنەیەوە لە هێزو نفووزی دەوڵەتی ئیسلاحخواز کە بەهۆی پێکهاتی نیزامەوە دەرفەتی ڕۆڵگێڕانی پێ نەدراوەو بەڵێنەکانیان نەبردۆتە سەر، ئایا لەوەها پێکهاتێکدا ئیسلاحات لەگەڵ نسکۆیەکی ڕاستەقینەدا بەرەوروو نەبووە؟ ئایا زاراوەی "خوالێخۆشبوو ئیسلاحات" ئاکامی وەها ڕەوتێك نیە؟ ئایا لەوەها حاڵەتێکدا باشتر نەبوو کە خاتەمی لانیکەم لە ڕەفتارو گوفتاریدا ڕاشکاوانەتر هەڵوێستی بگرتایەو ئەوەندە بە دروشمگەلی وەك "هێمنیی چالاك" و "خەڵكسالاریی دینی" لایەنگرانی بۆ "تەساموح"و "تەساهول" لەگەڵ کۆنەپارێزاندا بانگهێشت نەکردایە؟ ئێستاش بە هەڵگرتنی دروشمێکی دیکەی وەك "یەکیەتیی نەتەوەیی" هەوڵ دەدات کە ڕای گشتی بە لاڕێدا ببات. شایانی باسە کە ئامانج لە "یەکیەتیی نەتەوەیی" ئاشتبوونەوەی نێوان هەردوو قۆڵی حکوومەتە،[2] نەك ئامادەکردنی کەشو هەوایەك بۆ تێگەیشتنو یەکسانی لە نێوان گەلانی ئێراندا.

سەرچاوەکان:

(١) گۆڤاری "اندیشه جامعه" ژمارە ٢٢، لاپەڕە ١٤

(٢) ڕادیۆی ئازادی- بەرنامەی ڕۆژی ١٩ی بانەمەڕ

## دابەش بوونی نیوەی باکووری دەریای خەزەر لە نیوان ڕووسیەو قەزاقستاندا

ڕووسیەو قەزاقستان ڕۆژی دووشەممۆ ٢٣ی بانەمەڕی ساڵی ١٣٨١ی هەتاوی لە کۆشکی "کرملین"ی مۆسکۆ بە مۆرکردنی بەڵێننامە (مقاولەنامە)یەك نیوەی باکووری دەریای خەزەریان لە نێو خۆیاندا دابەش کرد. مۆرکردنی ئەو بەڵێننامەیە لە کاتێکدا بە ئەنجام گەیوە کە چارەنووسی نیزامی حوقووقیو شێوەی کەڵك وەرگرتنی وڵاتانی دەریای خەزەر لە سەرچاوەکانی ئەم دەریایە ڕوون نەکراوەتەوەو دوایین دانیشتنی سەرۆکانی پێنج وڵاتی خاوەنی ماف لەو دەریایەدا لە عیشقئاباد هیچ ئاکامێکی لێ نەکەوتەوە.

بە لەبەرچاو گرتنی ئەوە کە سەروك کۆماری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران پاش بێئاکام بوونی کۆبوونەوەی پێنج وڵاتی لێواری خەزەر لە پێتەختی کۆماری تورکمەنستان مانگی ڕابردوو ڕایگەیاند کە تا ئەو کاتەی شێوەی کەڵك وەرگرتنی هەموو وڵاتانی خاوەن ماف لەو دەریایەدا بە تەواوی ڕوون نەبۆتەوە دەبێ نیزامی حوقووقی پێشوو بە سەر ئەم دەریایەدا حاکم بێ، ئەو هەنگاوەی ڕووسیەو قەزاقستان وەك بەرپەرچدانەوەی ڕوانگەی کۆماری ئیسلامی دێتە بەرچاوو بە حیسابی بەهێندنەگرتنی ڕاووبۆچوونی سێ وڵاتەکەی دیکە دادەنرێ.

لەو پێوەندییەدا سەیر ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بەم هەنگاوەی ڕووسیەو قەزاقستان تا چند ڕۆژ هیچ دژکردەوەیەکی نیشان نەدا، تەنانەت ڕۆژنامەکانو دەزگا تەبلیغاتییەکانیشی لەو بارەوە هیچیان نەگوت.

ئەم بێدەنگ بوون یان بە نەرمی ڕەخنە گرتنەی کۆماری ئیسلامی لە ڕوانگەی خاوەن نەزەرانەوە مەترسیی ئەوەی لێ دەکرێ کە بە ڕەزامەندیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەم کارەی ڕووسیەو قەزاقستان لێك بدرێتەوەو لە ئاکامدا زیانو زەرەرەکانی بەرەوڕووی ئێران بێتەوە. بەتایبەتی کە ئەمریکاش ڕەزامەندی خۆی بۆ ئەو شێوە دابەش کردنە دەربڕیوە.

بە پێی ئەوە کە ڕووسیەو قەزاقستان لای باکووری دەریای خەزەریان لە نێوخۆیاندا دابەش کردوە بەشی ئێران لەم دەریایە بە خەتی فەرزیی لە نێوان ئاستاراو "حوسێنقولی"دا، بەرتەسك دەبێتەوەو لە ڕاستیدا لە ١١ تا ١٢ لە سەدی سەرجەمی ئەم دەریایە تێناپەڕێ، کە ئەویش تەنیا دوو ناوچەی خاوەن نەوت دەگرێتەوە کە هەڵێنجانو بەرهەم هێنانی نەوتی ئەو دوو ناوچەیەش بەهۆی وەزعی سروشتیو ڕادەی بوونی نەوت خێردانەوەیەکی زۆری بۆ ئێران نابێ.

ئەو هەنگاوەی ڕووسیەو قەزاقستان کە بە ماوەیەکی کەم پاش کۆبوونەوە بێئاکامەکەی مانگی ڕابردووی ڕێبەرانی هەر پێنج وڵات بە ئەنجام گەیشت دەری دەخا کە ڕووسیە بەکەڵك وەرگرتن لەم وەزعەی کە کۆماری ئیسلامی تێیدایەو بە پاڵپشتی هێزە دەرییاییەکانی خۆی لە دەریای خەزەردا، بڕیاری نیهایی خۆی بۆ سەپاندنی ڕاووبۆچوونەکانیو بە ساحیب کردنی بەشی زیاتری ئەم دەریایەی داوەو لەو پێوەندییەدا هیچ بایەخێك بە نیزامی حوقووقیی پێشووی ئەو دەریایەو نەزەرو مافی وڵاتانی دیکەی لێوارەی ئەم دەریایە نادا. بەتایبەت کە سەرۆك کۆماری ڕووسیە "پوتین"، ڕاست لە حاڵو وەزعێکی ئەوتۆدا باس لە مانۆڕێکی گەورەی دەریایی لە دەریای خەزەردا دەکا.

دیارە ئەوە یەکەم زەرەرو زیان نیە کە بەهۆی ئاژاوەگێڕیو سیاسەتی نادروستی کۆماری ئیسلامییەوە لە خەڵکی وڵاتەکەمان دەکەوێ. ئەو ڕێژیمە لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی خۆیدا گەلێك زیانی بە خەڵکی ئێران گەیاندووەو گومانیشی تێدا نیە کە تا ئەو کاتەی لەسەر کار بمێنێتەوە ماف فەوتانی خەڵکی ئێران چ لە لایەن خودی ڕێژیمو چ لە لایەن وڵاتانی دەرەوەوە هەروا درێژەی دەبێ.

سەیرە ڕێژیمێك کە بۆ مافی خەڵکی دیکە سینگ دادەدڕێ، لە ڕاست فەوتانی مافەکانی خەڵكو وڵاتەکەی خۆی کڕو بێدەنگە.

# بانگەواز

## بۆ یارمەتیی ماڵی بە حیزب

**خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!**

بزووتنەوەی میللی ـ دێمۆکراتیی گەلی کورد بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بۆ لەسەر پێ ڕاوەستانو بەرەوپێشەوە چوونی خۆی پێویستیی بە یارمەتیی ماڵیی ئێوە هەیە. دڵنیاین ئێوە ڕازی نابن ڕۆڵە خەباتگێڕەکانتان بە هۆی نەبوونی ئیمکاناتی مادییەوە لە بەرەوپێش بردنی ئەرکی شۆڕشگێڕانەی خۆیان دوا کەون. هەربۆیە بە جیددی داواتان لێ دەکەین بە مەبەستی بەهێز کردنی سەنگەری خۆڕاگری بە هەر ڕێگایەکی مومکین دا یارمەتیی سەخاوەتمەندانەی خۆتان بە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بگەیەنن.

لە کوردستان ئێوە دەتوانن ڕاستەوخۆ یان بە هۆی نوێنەری جێگای متمانەی خۆتانەوە یارمەتییەکانتان بنێرنە بنکەی ڕێبەرایەتیی حیزبو ڕەسیدی جێگای متمانە وەربگرن. لە دەرەوەی وڵاتیش یارمەتییەکانی خۆتان بەم ژمارە حیسابە بانکییەی خوارەوە بۆ حیزب بەرێ بکەنو تەحویلی هەر بانگێکتان دا فیشە بانکییەکە بە ئادرەسی خوارەوە بۆ حیزب ڕەوانە بکەن.

ژمارە حیسابەکە ئەمەیە:

C.C.P PARIS 68040
Mo 20
FRANCE

ئەمەش ئادرەسی حیزب لە فەرانسە بۆ ناردنی فیشی بانکی:

A.F.K.B.P 10275623
PARIS CEDEX 13
FRANCE

دڵنیاین ئێوە خەڵکی دڵسۆزی کوردستان وەك هەمیشە بە پیل بانگەوازی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانەوە دەچنو بۆ چارەسەری گیروگرفتەکانی هاوکاری دەکەن.

دەفتەری سیاسیی
حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران
١٣٨١/٢/١٥

# بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

# تەقینەوەی مین و یاسای لێڵی کۆماری ئیسلامی

ع.بداغی

بە کۆتـایی هـاتنی شـەری ٨ ساڵەی ئێران‌و عـێراق‌و چۆڵکرانـی بەشـێکی بـەرچاوی شـوێنە نیزامی‌یـەکان لـە هـەر دو وڵاتدا، ناوچەیـەکی پـان‌و بـەرینی بـەمین چـاندراو بەسـەر خـەڵکی هـەژارو بێدەرەتـانی سنوورنشـیندا بـەجێ مـا. هـەر ئێسـتا لـە کوردسـتانی عێراقدا ٢٠ میلیون مینی چاندراو ماون کە نزیکەی ١٢ میلیونی ئـەم مینانە لـە ناوچـە سـنووری‌یەکانی کوردسـتانی عـیراق دەگـەڵ ئـێران دان. بەو پێیە دەتوانـین بڵێین کـە هـەر کەسـێك لـە کوردسـتانی عـیراقدا ٤ مـین‌و نیـوی وەبـەر دەکەوێ.(١)

لە ناوچـە سـنووریی‌یەکانی ئێرانیشدا ناوچەیەك بەڕووبـەری ٤ میلیون‌و ٢٠٠ هەزار هێکتار زەوی بە مین چـاندراو، لـە ئاکـامی ئـەو شەڕە ماڵوێرانکەرەدا بۆ خەڵکی بە جـێ مـا. دوای راگـەیاندنی ئاگربەس‌و قبوول‌کردنی بڕیارنامـەی ژمـارە ٥٩٨ی رێکخـراوی نەتـەوە یـەکگرتووەکان لـە لایـەن رێژیمـی کۆمـاری ئیسـلامی‌یەوەو بـە دەسـتپێکردنی بـەناو دەورانـی بازسـازی‌و سـازەندگی، لەبـەر تێکچوونـی حاڵـەتی ئاسـایی‌و سروشـتی کـارو ژیـان لـە ناوچـە مینرێژکراوەکـاندا وێ دەچـوو لـە لایـەن ئۆرگانـە دەوڵەتی‌یەکانـەوە هـەنگاوی بـە پەلـەو پێویسـت بـۆ هەڵگرتنـەوەی مینـەکان‌و پـاك کردنـەوەی مەیدانـەکانی مـین هـەڵ بهێندرێتەوە. بـەڵام بەداخـەوە لـەو بارەشـەوە هـەنگاوێکی ئـەوتۆ هەڵنەگیراو بۆیـە دەبینـین ١٣ سـاڵ پاش کۆتایی شـەڕ، تـەنیا یـەك لـە سێی ئەو زەوی‌یـە مینرێژ کراوانـە پاك کراونەتەوە کە ئەویش باشـووری رۆژئـاوای ئـێران واتـە ئۆسـتانی خووزسـتان‌و بەشـێك لـە ئۆسـتانی ئیلامی گرتۆتەوە.

لە کوردستان دا جیا لـە شـەڕی ئـێران‌و عـێراق، رێژیـم لـە کـاتی پـەلاماری بـۆ سـەر خـەڵکی کوردسـتان‌و دانـانی بـە هـەزاران پێگـەو موڵگـەی نـیزامی لـە کوردستان دا، چـوار تەنیشـتی ئـەم پێگەیانەشی بە مین تـەنیبۆوە. لـەم ساڵانەی دواییدا رێژیـم بـەرە بـەرە ئەم شوێنانەی چۆڵ کردن، بـەڵام تـا ئێسـتا هیـچ هـەنگاوێکی بـۆ کۆکردنـەوەی مینـەکان هەڵنەگرتۆتـەوە. لـە حـاڵێکدا کـە رێژیم رێژەی ئەم مینانەی لە ئاماری مینەکانی ناوچە مینرێژکراوەکـاندا بڵاونەکردۆتەوە.

ئێسـتا رۆژ نیـە هـەواڵی دڵتـەزێنی تەقینـەوەی مـین لـە ناوچەیـەکی کوردسـتاندا بـڵاو نەبێتەوەو بـەهۆی ئـەم کارەساتەوە دڵێك لە لێدان نەکەوێ یان کەسـێك کـەم ئـەندام نـەبێ‌و بنەماڵەیـەك بێسەرپەرەسـت نەمێنێتـەوە. تەقینـەوەی مـین‌و ئاسـەوارە خراپەکانی هەر تـەنیا هەڕەشـە لـە گیـانی دانیشـتووانی ئـەو ناوچانـە ناکا، بەڵکوو سـەرەڕای ئـەوەی کـە بۆتە هۆی پێکهاتنی فەزایەکی پڕ لە تـرس‌و دڵـەڕاوکێ بـۆ خـەڵکی، شوێنەواری زۆر نالەباریشـی لەسـەر ئابووریی کوردستان داناوە. ئێستاش بە هەزاران هێکتار زەوی بە پیت لـە کوردستاندا لە بەر مینـرێژ بوونیـان نـاکێڵدرێن‌و بـە هـەزاران هێکتـار لەوەڕگە لەبەر ئەگـەری بوونـی مـین کەڵکیان لێ وەرناگیرێ. چـەند پـات بوونـەوەی بـە دەیـان جـاری ئـەم کارەساتە دڵتەزێنانەو بریندار بوونی هەستی کۆمەڵانی بـەرینی خـەڵك‌و دەربڕینـی نارەزایـەتیی رۆژ لـە رۆژ زیـاتری دانیشـووانی ئـەو ناوچانـە نوێنـەرانی کـوردی لـە مەجلیسـی شورای ئیسلامی‌دا، ناچار کرد تا لە بەرامبـەر ئـەم رووداوانـەدا دەنگـی نارەزایـەتیی خۆیـان بـەرز کەنـەوە. بـەڵام تـا ئێسـتا هـاوارو سـکاڵای نوێنـەرانی کـورد لـە لایـەن دەسەڵاتداران‌و بەرپرسانی دەوڵـەتی، تەنانـەت دەسـتەی سـەرۆکایەتیی مەجلیسی شوورای ئیسلامی‌یەوە بە بـێ وەڵام ماوەتـەوە. ئـەوەش لـە حـاڵێك دایـە کـە هیـچ پاسـاوێکی شـەرعی‌و قـانوونی‌و ئینسـانی بـۆ پشتگوێ خستنی ئەو ناوچانـە بـەو هـەموو مینـە لـە کـار نـەخراوەوە نابیندرێ کـە رۆژ بـە رۆژ قوربـانیی زیاتریان لێ دەکەوێتـەوە. بـە پێـی راپۆرتێـك کـە رەئیسـی سـتادی پاکسازی ناوچە مین رێژکراوەکان بـۆ سەرۆك کۆماری ناردوە ژمارەی ئـەو کەسانەی وا بەهۆی تەقینەوەی مـین لە کوردسـتاندا گیـانی خۆیـان لـە دەست داوە تا سـاڵی ١٣٧٧ نـیزیك ٤٨٠٠ کـەس بـووە. (٢) بـەڵام بەدڵنیایی‌یەوە دەتوانین بڵێین ژمارەی واقیعی قوربانیان لەوە زیاترەو جگە لەوەی لەو راپۆرتەدا ئاماژەیەك بـەو هەزاران کەسە نـەکراوە کـە بـەهۆی ئەم کارەساتانەوە کەم ئەندام بوون.

لـەم دوایانـەدا، ١٠ نوێنـەری کـورد لـە مەجلیسـی شـوورای ئیسـلامی رەخنـەیان لـە وەزیـری نێوخـۆو رەفتـاری دەوڵـەت لـەم پێوەندی‌یەدا گرت. موسەویی لاری، وەزیری نێوخۆ لـە وەڵامدا وتـی کـە هەڵگرتنـەوەی مینـە چیندراوەکـان زیـاتر لـە ٤٥ سـاڵ دەکێشـێ‌و سەرەڕای ئەوەش کاری کۆکردنـەوەی مـین تـەنیا لـە ئەستۆی وەزارەتـی نێوخـۆ نیـەو دەبـێ یاسـا روونـی بکاتەوە کە کام دەزگای حکوومەتی ئەم بەرپرسایەتی‌یە وەئەستۆی خـۆی بگـرێ.(٣) بـەڵام کـاتێکیش کـە نوێنەرانی ناوچەکانی کوردستان بـە وەڵامـی وەزیـری نێوخـۆ قەناعـەت ناکـەن‌و لەسـەر مەسـەلەکە پـێدا دەگـرن، موسـەویی لاری، وەزیـری نێوخۆ ئاوێکی ساردیان بە دەسـتدا دەکاو دەڵێ: "لە یاسـا (قـانون) دا ئـەرك‌و بەرپرسـایەتی‌یەك لـەو پێوەندی‌یـەدا بـۆ کـەس دیـاری نەکراوەو ئێمە ناتوانین هیچ کـام لـە ئۆرگانە دەوڵەتی‌یەکانی بە بەرپرسی راستەوخۆی ئـەم کێشـەیە بزانـین. جگـە لـەوەش پاککردنـەوەی ئـەو ناوچانە لە توانای ئێمەدا نیەو دەبێ داوای یارمـەتی لـە وڵاتـانی دەرەوە بکەین. (٤)

ئەوە یەکـەمجار نیـە کـە لێڵـی‌و نـاڕوونیی یاسـاکانی کۆمـاری ئیسلامی لە بەرامبـەر بـەرژەوەندی گەلی کـورددا دەردەکـەوێ، کـەچی هەر ئەو یاسایانە بۆ دژایەتیی گەلی کـوردو یـەك لـە وان مینـرێژکردنی کوردستان نەك هەر روون‌و ئاشکران، بـەڵکوو هـەموو دەزگاکـانی رێژیـم بەڕێوە بردنیان بە ئەرکی سەر شـانی خۆیـان دەزانـن. تـۆ بڵێـی ئاغـای وەزیـری نێوخـۆ ئاگـادار نـەبێ کـە ئێسـتاش هـێزە سـەرکوتکەرەکانی رێژیـم لـە ناوچـە سـنووری‌یەکاندا خـەریکی چـاندنی مین‌و دروسـت کردنـی مـەیدانی مینـی تـازەن بـۆ ئـەوەی لـە هـاتوچووی خـەڵکی زەحمـەتکێش پێشـگیری بکـەن‌و دانیشتووانی هەر دوو دیوی سـنوور بچەوسـێننەوە؟ ئەگـەر بەراسـتی کۆکردنەوەو پووچەڵکردنـەوەی ئـەو مینانە لە توانـای دەوڵـەتدا نیـە. بۆچی رێگا بە رێکخـراوە خـێرخوازە نێونەتەوەیی‌یـەکان نـادەن تـا لـە کۆکردنەوەو لە کـار خسـتنی ئـەو مینانەی کە لە کوردستاندا بـەجێ ماون یارمـەتی خـەڵك بـدەن؟ لـە حـاڵێك دا ئـەو رێکخـراوە خێرخوازانە چەندین جار ئامادەگیی خۆیان بۆ ئەم کارە دەربڕیوە. چۆنـە هـەر بـە پێـی قسـەکانی کاربەدەسـتانی رێژیـم مینـەکانی ناوچە سنووری‌یەکانی دیکە بە بـێ بوونی گیروگرفتی بودجەو ناڕوونیی یاسـا! لـە ماوەیـەکی کـورت یـان درێـژدا کۆکراونەتـەوە، بـەڵام مینـەکانی ناوچـەکانی کوردسـتان هـەم گـیروگرفتی یاسـایی‌یان بـۆ دەتاشرێ‌و هەم دەبێ زیـاتر لـە ٤٥ ساڵ درێـژە بکێشـێ‌و لەپاشـانیش هەر لە توانای دەوڵەت دا نەبێ کـە لـەم پێنـاوەدا هـەنگاو هـەڵگرێ؟ چونـە بـۆ هـەڵاواردن‌و پشـکنینی بیروڕاو گرتن‌و ئەشکەنجە بـە دەیـان یاسای نووسـراو نەنووسـراو هەیـە. بەڵام بۆ کۆکردنەوەی ئەو مینانـەی کە بـە دەسـتی هێزەکـانی خـودی رێژیـم چـاندراون، یاسـاکان لێـڵ‌و نـاروونن؟ ئـەوە ئەگـەر دەربـڕی سیاسـەتی سـەرکوتکەرانەی رێژیـم بەرامبەر بە گەلی کـوردو خـەڵکی کوردستان نیە، دەتوانێ نیشاندەری چ نیازێکی خاوێن‌و خزمەتێك بێ؟

سەرچاوە:

١ـ رۆژنامـەی "کوردسـتانی نـوێ" ژمـارە ٢٧٤٦، رێکـەوتی ٢٠٠٢/٥/٤

٢ـ حەوتوونامـەی "داهـاتوو" ژمارەی ١١، رێکـەوتی پوشـپەری ٨٠

٣ـ رۆژنامەی "آفتاب" ژمـارە ٦٤٥، رێکەوتی ١٣٨١/٢/٩

٤ـ سەرچاوەی ژمارە ٣

# تێکۆشان لە دەرەوەی وڵات

## بەشداریی چالاکانەی ئەندامانی حیزب لە رێپێوانی چەندین شاری وڵاتی سوئێددا بۆ رێزگرتن لە ١ی مانگی مای رۆژی جیهانیی کرێکاران

بە پێی ئـەو هەواڵانـەی کـە بـە رۆژنامەی "کوردسـتان" گەیشـتون، ئـەندامان‌و لایـەنگرانی حـیزبی دێمۆکراتـی کوردسـتانی ئـێران لـە وڵاتی سوئێد بە شێوەیەکی بەرچاو لە رێپێوان‌و کۆبوونەوەکانی تایبـەت بـە ١ی مـانگی مـای (رۆژی جیـهانیی کرێکـاران)دا بەشـدارییان کـردوە. هاوڕێیـانی حیزبی بـۆ رێزگرتـن لـە یەکی مـانگی مـای لـە شـارەکانی؛ سـتۆکهۆڵم، کارلسـتاد، فـالۆن، لینشۆپینگ، سالا، ئۆربرۆ، لاکسـۆو هالسبەری‌دا بە شـێوەیەکی رێکوپێـك رژانە سـەر شـەقامەکان‌و پشـتیوانیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانیان لـە مافـەڕەواکانی کرێکـارانی سەرانسەری جیهان دووپـات کـردەوە. شایانی باسە کە کومیتـەکانی حـیزب لەو شارانەدا پەیامی خۆیان بە بۆنـەی ئـەم رۆژە مەزنـەوە خوێنـدەوەو لـەو پەیامانـەدا تیشـك خرابـووە سـەر سیاسـەتی ئاژاوەگێڕانـەی کۆمـاری ئیسـلامیی ئـێران‌و کـارە تیرۆریستی‌یەکانی ئەو رێژیمەو داوا لـە رێکخراوە مرۆڤدۆستەکان کرابـوو کـە چیـدی رێگـا نـەدەن کـە کۆمـاری ئیسلامی مافە ڕەواکانی گەلی کـورد پێشێل بکا.

## بەشداریی ئەندامانی حیزب لە رێپێوانی ١ی مانگی مای لە وڵاتی سویس دا

ئـەندامانی حـیزبی دێمۆکراتـی کوردستانی ئێران لە وڵاتی سویس بە شێوەیەکی بەربڵاو لـە رێورەسمـی ١ی مـانگی مـای (رۆژی جیـهانیی کرێکـاران)دا بەشـدارییان کـرد. بەرنامەکە کـاتژمێر ٩/١٥ی بـەیانی لە "تسویك هاوس گاسە"وە دەسـتی پـێکرد. هاوڕێیـانی حـیزبی بـە شـێوەیەکی چـالاك لـە شـوێنی بەرنامەکـە ئامـادە بـوون‌و بـە هەڵواسینی ئارمی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران‌و هـەروەها دانـانی کتێـب، رۆژنامـەو پۆسـتێرو بڵاوکراوکانی حـیزب‌و ئامـادەکردنی خواردن‌و شیرینیی جۆراوجۆری کوردی، سـەرنجی بەشـدارانیان بـۆ لای خۆیـان راکێشـا. پاشـان هاورێیـان بـە بەرزکردنـەوەی ئـارمی حـیزب، لـە کـاتژمێر ١٠ تـا ١١ی بـەیانی لـە رێپێوانـی بەکۆمـەڵی رۆژی جیـهانیی کرێکاران دا بەشدارییان کـرد. ئینجـا بەرپرسی کرێکـارانی شـاری "بـێرن" بـەخێرهاتنی بەشـدارانی کـردو کۆمـەڵێك لـە پەرلـەمانتارو لێپرسراوانی نـاوەندە کرێکاریی‌یـەکان لـە سـەر رۆژی کرێکـارو گـیروگرفتی کۆمەڵایـەتی‌و مـافی پەنابـەران، بۆچوونەکانی خۆیان خسـتە روو. لـەم پێوەندی‌یـەدا، بـە سـەدان کـەس سەردانی ستاندی حیزبیـان کـردو لـە لایـەن هاورێیـانی حیزبی‌یـەوە پێشـوازییان لێ کراولـە بـارودۆخی کوردسـتان‌و ئـێران ئاگـادار کرانـەوە. شایانی باسە بەشـێك لـە بەرنامەکـە تایبەت بوو بـە گۆرانـی‌و پیشـاندانی کەلتووری گەلان‌و لەو پێوەندی‌یەش دا کـوڕان‌و کچـانی دێمۆکـرات بـە پێشکەشکردنی چـەند هەڵپـەڕکێی جۆراوجۆر سەرنجی بەشدارانیان بـۆلای خۆیان راکێشا.

## بەشداریی ئەندامانی حیزب لە وڵاتی نۆروێژ لە رێپێوانی ١ی مانگی مای دا

رۆژی چوارشەممە رێکەوتی ٢٠٠٢/٥/١، کۆمیتەی حیزب لە وڵاتی نۆروێژ بەشداری لە رێپێوانی ١ی مانگی مای (رۆژی جیهانیی کرێکاران)دا کرد. ئـەندامان‌و لایـەنگرانی حـیزب‌و یەکیـەتیی لاوان‌و یەکیـەتیی ژنـانی دێمۆکـرات، کـاتژمێر ١٠/٣٠ی بەیانی لە مەیدانی کرێکار (Youngstorget) لە شاری ئۆسلۆ کۆبوونەوە. شایانی باسـە کـە ئـەندامانی حـیزب بـە هـەڵگرتنی چـەند پلاکـاردی جۆراوجـۆر، هاوسۆزی‌و هاوبەندیی خۆیان لەگەڵ کرێکـارانی جیـهان دا دووپات کـردەوە. ئـەم رێپێوانـە کـاتژمێر ٢ی داونیـوەڕۆ کۆتایی پێ‌هات.

## بەرێوەچوونی سمینارێك لە ژێر ناوی "مافی چارەنووسی گەلان" لە کانادا دا

کۆمیتـەی حیزب لـە شـاری وانکۆوێـری کانـادا دا، سمینارێکی لـە ژێـر نـاوی "مـافی چارەنووسـی گـەلان" لـە رێکەوتی ٢٨ ئاوریلی ٢٠٠٢دا بۆ دوکتور گوڵموراد مـورادی پێك هێنا. لـە بەشـی یەکـەمی سمینارەکـەدا بـەرێز دوکتـۆر مورادی بە وردی لە سەر مافی چارەنووسی گەلان بۆ بەشداران دوا. بەشی دووهەمی سمینارەکـە بـۆ پرسـیارو وەڵام تـەرخان کرابوو کە دوکتۆر مورادی وەڵامـی هـەموو پرسـیارەکانی دایـەوەو سیاسـەت، بۆچـوون‌و دروشمـەکانی حـیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانی بۆ بەشداران شی کردنـەوە. ئـەم سمینـارە کـاتژمێر ٧ی ئێـوارە دەسـتی پـێکردو تـا کاتژمێر ١ی شەو درێژەی کێشا.

## دوو هەواڵ لە بانەوە

ماوەیەك لەمەوپێش "رازانی" ئوستانداری ئوستانی کوردستان لە شاری بانە کۆبوونەوەیەکی بە بەشداریی کۆمەڵێك لە خەڵکی ئەم شارە لە بارەی گیروگرفتەکانی شارو ناوچەکەوە پێك هێنا.

بەشدارانی کۆبوونەوەکە، نارەزایەتیی توندی خۆیـان لـە رەفتـارو هەڵسـوکەوتی بەڕێوەبـەرانی ئیدارە دەوڵەتی‌یـەکان دەربـڕی‌و چۆنیـەتی وەزعـی نالـەباری ئـابووریی ناوچـەو بێکـاری لەڕادەبـەدەرو ئیعتیـادو نـەبوونی هیـچ پرۆژەیـەکی سەرمایەگوزاری‌و دامودەزگای ئامووزشیی بەرزو فەرهەنگی‌و هەروەها جیاوازیدانـان‌و بێمتمانـەیی بەرپرسـانی رێژیـم بـە خەڵکیان خستە بەرچاوی ئوستاندار. رۆژی دواتر دانیشتنێکی دیکە لە ژێر ناوی کۆبوونەوە لەگەڵ شوورای ئیداریی شارستان بە بەشداریی رازانی لە فەرمانداریی ئەو شارەدا پێك هات. لەم کۆبوونەوەیەشدا ئیمام جومعـەی سـەربە رێژیم باسـی لـە گیروگرفتەکانی شاروناوچە، لە بواری موخابەراتی، رێگاوبان‌و پەرەگرتنی ئیعتیادو مەوادی موخەددیردا کرد. ئوسـتانداری رێژیمیش لە قسەکانی‌دا دانی بەو هەموو کەموکوڕییەی شـاری بانـەو ناوچـەدا نـاو ئیعـترافی کـرد کـە بانـە لـە سـەتحی کوردستاندا بێبەشترین‌و دواکەوتووترین ناوچەیـەو ئـەوەش لـە حاڵێکدایـە کـە ئوسـتانی کوردسـتان بۆخۆشـی لـە ریـزی بێبەشترین ئوستانەکانی وڵات دایە.

ـ رۆژی ٨١/٢/٤ هێزە ئینتیزامی‌یەکانی رێژیم چوونە ئاوایی ئاڵوت لە ناوچەی حەوتەوانەی بانەو دەستیان بەسەر چەند ماشێنی هەڵگری کەلوپەلی خەڵکی‌دا، گرت. کاتێك خەڵکی ئاوایی بەم هەواڵەیان زانی بـەتێکڕایی پـەلاماریان بـردە سـەر هێزەکانی رێژیم‌و زۆربەی ماشێن‌و کەلوپەلەکانیان لێ ئەستاندنەوەو چەند ماشێنێکی ئەو هێزانـەیان لـەکار خسـتن‌و هـەتا دەرەوەی ئاوایی راویان نان. رێژیم لەو رۆژەوە لە پرسگەی دەروازەی شاری بانەدا هەر لاوێکـی ئـاڵۆتی ببینـێ، دەی گـرێ‌و رەوانەی بەندیخانەی ئیتلاعاتی دەکاو تا ئێستا چەند کەسیان لە خەڵکی ئەم ئاوایی‌یە دەستبەسەر کردوە.

**ڕۆژی ١٢ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٨١ی هەتاوی، مامۆستای بلیمەت مەسعوود موحەممەد بەداخەوە کۆچی دوایی کردو ئەستێرەی پرشنگداری تەمەنی لە ئاسمانی کوردستان ڕاخوشی. بە دوای بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵە ناخۆشەدا ڕامان گەیاند کە ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێ بەرنامەیەکی "کۆڵکە زێرینە" لە یادی ئەو نەمرەدا پێک بێنێ. پاشان هاتینە سەر ئەو باوەرە کە ئەو ئەرکە پێویستە بەبۆنەی چلەی کۆچەکەی بەڕێوەبەرین. لە کاتێکدا تەنیا سێ ڕۆژی بۆ ئەو بۆنەیە ماوە، ئێمە بە پێشوازی یادە پیرۆزەکەیەوە دەچین. بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ سێ کەس لە شارەزایان: بەڕێزان سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هاوڕێی تێکۆشەر مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، دوکتور کەمال مەزهەر مێژوونووسی ناوداری کوردو کاک دوکتور ئەورەحمانی حاجی مارف زمانناسی بەناوبانگ وتووێژمان پێک هێنا.**

# لە یادی مامۆستای بلیمەت مەسعوود موحەممەدی نەمردا



**ڕۆژی ١٨ی بانەمەڕی ١٣٨١ (٩ی مای ٢٠٠٢) "کۆڵکە زێرینە" بەرنامەی ئەدەبی و هونەریی ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران بەرنامەیەکی تایبەتی لە یادی مامۆستا مەسعوود موحەممەدی نەمردا بڵاو کردەوە. "کوردستان" لەبەر گرنگیو سەرنج ڕاکێش بوونی نیوەرۆکی ئەو بەرنامەیەو بۆ ڕێزنان لە یادو بیرەوەریی ئەو کەسایەتییە گەورەیەی کوردستان، هەڵبژاردەیەک لەو بەرنامەیە کە بریتی بوو لە وتووێژ لەگەڵ بەڕێزان مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، دوکتور کەماڵ مەزهەرو دوکتور ئاورەحمانی حاجی مارف، بە ئاگاداریی خوێنەرانی بەڕێز دەگەیەنێ:**

## مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە

● **بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە! پێشەکی سپاست دەکەین کە وەختتان پێداین لە بەرنامەی "کۆڵکە زێرینە"ی دەنگی کوردستانی ئێرانەوە ئەو وتووێژەتان لەگەڵ پێک بێنین. دەمانهەوێ سەرەتا لە جەنابتان بپرسین ئاشنایەتیتان لەگەڵ مامۆستا مەسعوود لە کەیەوە دەستی پێ کرد؟ هەروەها کەسایەتییەکەی چۆن هەڵ دەسەنگێنن؟**

■ ئەمنیش بە نۆرەی خۆم سپاستان دەکەم کە فرسەتێکتان بۆ پێک هێنام تا لە بارەی مامۆستا مەسعوود موحەممەدەوە هێندێک قسە بکەمو لە واقیعدا بەشێکی یەک جار زۆر کەم لەو قەرزەی کە لە سەر خۆمو لەسەر حیزبی دێموکراتی کوردستان بەگشتی هەستی پێدەکەم بە مامۆستا مەسعوود بدەمەوە.

شانازیی ئاشنایەتیم لەگەڵ مامۆستا مەسعوود موحەممەد دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٠ یان بڵێین ساڵی ١٣٤٩ی هەتاوی، ئەو وەختە کە ئێمە بۆ یەکەم جار لە بەغدایەماڵێك یا بنکەیەکمان کردەوە وەکو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. ئەویش لەو وەختەیدا لە بەغدایە بووو لە "کۆڕی زانیاریی کورد" کاری دەکرد. مامۆستا مەسعوود موحەممەد زیاتر ڕەنگە بۆ ئێوە وەکوو ئینسانێکی ئەدیب ناسرابێ، بەڵام ئەو هەر تەنیا ئەدیبێك نەبوو. کابرایەکی حوقووقزان بوو، ئینسانێکی نیشتمانپەروەر بوو، ئینسانێك بوو لە بنەماڵەیەکی گەورەی ئایینیو نیشتمانپەروەر هاتبووە سەر دونیا. هەروەها لە زانستە دینییەکانیشدا ئەو ئینسانە دەستێکی باڵای هەبووو زۆر وارید بوو. لەو بارەوە دەتوانم بڵێم لە نێو ئەوانەدا کە هاودەورەی بوون، ئینسانێکی ئیستیسنایی، ئینسانێکی ئەوەی کە لە فارسیدا دەڵێن "انگشت نما" بوو کە هەمووان بە چاوی ڕێزەوە تەماشایان دەکرد. هەمووان مەقامی مامۆستایان بۆ دادەنا. ئەو ئاشنایەتی و نیزیکییە لەو ماوەیەدا کە ئەو لە کۆڕی زانیاری بوو، ئەمنیش لە بەغدایە هێندێك لە مەجالی کاری ڕۆژنامەنووسیدا کارم دەکرد، زۆر ئیدامەی هەبوو. زۆر جار دەچووینە خزمەتی لە کۆڕی زانیاری، زۆر جاری دیکە ئەو دەعوەتی دەکردین بەتایبەتی کە دەگەڵ مەرحوومی دوکتور قاسملوو، دەگەڵ خوالێخۆشبوو هێمنی شاعیر، خوالێخۆشبوو کەریمی حیسامی، دەگەڵ ئەوانەش ئاشنایەتیی زۆری هەبووو تێکەڵاویی دەگەڵ ئەوان تا ڕادەیەك کۆنتریش بوو تا ئاشنایەتی لەگەڵ من. لە زۆر مەجالو موناسەبەتی جۆراوجۆردا ئێمە لە خزمەتی دابووینو لە مەحزەری وی بەڕاستی بەهرەمان وەردەگرت. هەم بەهرەی ئەدەبیو زانستیو هەم بەهرەی خۆشیی وەختێك کە لەگەڵمان دەگوزەراند.

● **مامۆستا دەکرێ بفەرمووی خزمەتەکانی مامۆستا مەسعوود موحەممەد لە باری ئەدەبییەوە لە چ بوارێک دابوون، شوێنەوارە ئەدەبییەکانی کامانەن؟**

■ لە باری ئەدەبییەوە مامۆستا مەسعوود موحەممەد کوردیزانێکی کەم وێنە بوو. هەر لەو کاتەدا زمانزانێکی کەم وێنەش بوو، یانی زمانی هەم وەکوو موفرەداتی کوردی هەم وەکوو قەواعیدی کوردی باش دەزانی. بەڕاستی جگە لەوە ئەو وەکوو ئەو کەسانە کە بە شێوەی "ئاکادیمی" عولوومی مەربووت بە زمانی کوردی دەخوێنن ـ دەگەڵ ئەوەی نەیخوێندبوو ـ بەڵام لە بواری قەواعیدی زمان دا ئەوەی پێی دەڵێن ڕێزمانی کوردی، یەکێك لە مامۆستایانی خاوەن نەزەر بوو. جگە لەوە پێم خۆشە ئیشارە بەوە بکەم کە مامۆستا هەم بە حوکمی ئەوەی کە عولوومی دینیی خوێندبوو کە "مەعمولەن" زانستە ئایینییەکان بە زمانی عەرەبین، هەم لە کاری دەوڵەتیدا کاری کردبوو، دەگەڵ ئەدەبیاتی عەرەبی ئاشنا بوو. لە باری زمانی عەرەبییشەوە دەسەڵاتێکی یەکجار بەرزو کەم وێنەی هەبوو. یانی لە نێو ئەدیبانی عەرەبیشدا کەم کەس هەبووە قەرە لە قەرەی وی بدەن بۆ زمانزانیو بۆ نووسینی یەکجار زۆر بەرزی ئەدەبی بە زمانی عەرەبی. دیارە ئەمن ئێستا حوزووری زێهنم نیە لە بارەی ئەو شتانەی کە ئەو نووسیونی. چونکی بەڕاستی نووسینەکانی یەك جار زۆرن، لە هەموو بوارێکدا، بەتایبەتی لە بواری فیکریو فەلسەفیدا. مامۆستا مەسعوود موحەممەد بە زمانی کوردیو بە زمانی عەرەبییش نووسینی یەکجار زۆرن، بەڵام هەر لە وانەی کە لە بیرمن سێ جڵد کتێبی هەبوون لەسەر "حاجی قادری کۆیی"کە وەکوو بۆ خۆی باسی دەکرد کە ئەگەر فرسەتی هەباو تەواوی کردبایە ڕەنگ بوو بە هەشت، نۆ، دە جڵد جا تەواو بێ. کتێبێکی هەبوو بە ناوی "اعادة التوازن الی میزان مختّل" بە عەرەبی نووسیبووی، کتێبێکی دیکەی هەبوو هەر بە زمانی عەرەبی کە ئەمن دیومە "المجتمع البشري لماذا یشبه مستشفی المجانین" دەڵێ: (کۆمەڵگای ئینسانی بۆچی وەکوو شێتخانە دەچێ)، کتێبێکی دیکەی هەبوو لە بارەی گلاسنۆستو پریسترویکای گۆرباچۆفەوە. یەکی دیکەی هەبوو خیتاب بە گۆرباچۆف بە ناوی "الی العظیم گورباچوف تحیة و رجاء" یانی (بۆ گۆرباچۆفی مەزن، سڵاوێکو تکایەك)، ڕەنگە من ئێستا حزووری زیهنم نەبێ بەڵام دەتوانم بڵێم نووسینەکانی وەکوو کتێب بە دەیانن، وەکوو مقالاتیش بە هەزاران مقالەی نووسیوە.

● **زۆر سپاس مامۆستا! وەك لە فەرمایشەکانتدا ئیشارەت پێ فەرموو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران مامۆستا مەسعوود موحەممەدی بە دۆستێکی وەفادارو نیزیکی خۆی دەزانی، جەنابتان وەك سکرتێری گشتیی حیزب دەکرێ بفەرموون هۆی ئەو دۆستایەتییەو هەروەها نیشانەکانی چ بوون؟**

■ مامۆستا مەسعوود موحەممەد بۆخۆی ئینسانێکی نیشتمانپەروەر بوو، ئینسانێکی کوردپەروەر بوو، حیزبی دێموکراتی کوردستانیشی وەکوو حیزبێکی تێکۆشەری ڕێبازی هەوڵدان بۆ ڕزگاریی بەشێك لە میللەتی کورد دەناسی، لەبەر ئەوە ئاشنایەتییەکی زۆر نیزیکی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانو دەگەڵ ئەندامانی پێشەوەی ڕێبەرایەتیی حیزب بەتایبەتی دەگەڵ شەخسی دوکتور قاسملوویدا هەبوو. مامۆستا بە ڕێزێکی تایبەتییەوە دەیڕوانییە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. ئەمن پێم خۆش نیە لەوانەی کە لە زمانی ئەوم بیستوون لە بارەی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە زۆر شت بڵێم، بەڵام بیرەوەرییەکم هەیە لەسەری کە قەت لەبیر ناچێ. جارێکیان دوای ئەوەی ئێمە بنکەکانمان لە ناوچەی کۆیە کردەوە، چوومە ماڵی بۆ سەردانی، ئەو لە بەغدایە بوو، وەزعی خۆمانو کۆیەی لێپرسیم. ئەمن گوتم وەزعمان زۆر باشە، خەڵکی کۆیە میللەتێکی زۆر باشن. زۆرمان دەگەڵ چاکن، ـ دیارە بەجێیە لێرەدا هەر بڵێم بەڕاستی میللەتی کۆیە زۆر باشنو دەگەڵ ئێمەش پێوەندییەکی زۆر دۆستانەیان هەیە ـ فەرمووی: ئەوە هیچ هونەر نیە کە کۆیی دەگەڵ ئێوە چاکن، چونکی ئێوە ئەگەر فریشتەش نەبن تۆزێك لە فریشتان کەمترن، جا ئەو میللەتە چۆن دەتوانن لەگەڵ ئێوە خراپ بن! یانی زۆر جار کەلیماتی وا بە لوتفەوەی دەگوت لە بارەی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە کە ئەمن پێم خۆشە ئەوانەی شارەزای بوون ئەوانە بیڵێن نەك ئێمە وەك حیزبی دێموکرات، بەتایبەتی کە ئەو بەداخەوە لە نێوماندا نەماوەو خوداحافیزیی لێ کردووین.

● **مامۆستا! جارێکی دیکەش پڕ بە دڵ سپاست دەکەین لەوەی کە ئەو وەختەت لە ئیختیاری ئێمە نا بۆ وتووێژ. ئێمە شتێکی وامان نەماوە عەرزی جەنابتی بکەین. هەر لە پێوەندی لەگەڵ مامۆستا مەسعوود موحەممەدی نەمردا ئەگەر وتەیەکی تایبەتیتان هەیە بیفەرموون. ئێمە گوێی بۆ دەگرین:**

■ ئێوە لە ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران لە خەبەری مردنی مامۆستا مەسعوود موحەممەددا شتێکتان گوت کە بە نەزەری من زۆر جوان بوو، ئەویش ئەوە بوو کە مامۆستا مەسعوود موحەممەد وەکوو ئینسانێکی خاوەن نەزەر ڕەنگە موخالیفو موافیقی بووبێ، بەڵام موخالیفو موافیقەکانی لەو بارەوە هاودەنگ بوون کە ئەو ئینسانێکی زانایە، ئەهلی فەزلەو زۆری پێیەو ئەوە قسەیەکی یەك جار جوان بوو. ئەمن قسەیەکی کە لەو بارەوە بیکەم ئەوەیە کە ڕەنگە کەمێکیش گلەیی تێدابێ. بەڵام ناتوانم نەیڵێم. مامۆستا مەسعوود موحەممەد کە فەوتی کرد بە باوەری من بەو جۆرەی پێویست بوو قەدری لێ نەگیرا. یانی مامۆستا مەسعوود موحەممەد ئەوەندە گەورە بوو کە دەبوو مردنەکەی پتر دەنگ بداتەوە. ڕاستە خوا هەڵناگرێ ئەمن بۆخۆم ـ چونکی ئێمە لە کۆیەین ـ حازر بوومو دیتم کە وەختێکی جەنازەکەی لە هەولێری ڕا گەڕاندرایەوە بۆ کۆیە، بە دەیان ماشێنی لەگەڵ بوو، چەند شەخسییەتی گەورەی پارتی دێمۆکراتی کوردستان وەکوو مامۆستا عەلی عەبدوڵڵا، مامۆستا جەوهەر نامیق، کاك سیداد بارزانی ـ ئەگەر ئیشتیبا نەکەم ـ و زۆر لە شەخسییاتی دەگەڵ بوون. لە پاشانیش لە سەر قەبران ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی کۆیە ـ بەتایبەتی کە مامۆستا خەڵکی شارەکەی کۆیەیە ـ ئامادە بوون. بەڵام پێم وایە مامۆستا مەسعوود موحەممەد لەوە گەورەتر بوو کە مردنەکەی بە یەك ڕۆژو دوو ڕۆژو بە یەك دوو کورتە مەقالە لە ڕۆژنامان‌دا خەبەرەکەی تەواو ببێ. نازانم لە بەر غەمی دیکە بوو یا هۆیەکەی [نازانم] چ بوو. بەنەزەری من مامۆستا مەسعوود موحەممەد بەو جۆرەی کە دەبوو قەدری لێ نەگیرا لە مردنەکەیدا. ئەوەی کە دەڵێن ئینسانی گەورە کە مرد خۆشەویست دەبێو دەناسرێ، بە نەزەری من مامۆستا مەسعوود موحەممەد لە ژیانی دا پتر قەدری لێ گیرا تا لە مردنیدا، ڕەنگە ئەمن بۆخۆم تەفسیرم بۆی هەبێ بەڵام تەفسیری ناکەمەوە، دەیهێڵمەوە بۆ ئەو کەسانە کە خاوەن نەزەرن. بەو ئاواتەی کە لە ساڵرۆژی مردنیداو لە موناسەبەتێکی دیکەدا مامۆستا مەسعوود محەممەد پتر لەوەی بۆ بکرێ کە لە وەفاتەکەی دا بۆی کرا.

ئەمن جارێکی دیکە لە موقابیل بەرزیی رووحی مامۆستا مەسعوود موحەممەددا سەری ڕێز دادەنوێنم. سڵاو بۆ رووحی پاکی دەنێرم. ڕێز دادەنێم بۆ ئەو خزمەتانە کە بە ئەدەبیاتی کوردی، بە فیکری کوردیو بە زانستو فەلسەفە ـ لەو بوارانەدا کە بۆخۆی دەسەڵاتی بەسەریان دادەشکاو ئیمانی پێیان هەبوو ـ کردی. رووحی هەر شاد بێ، ئێوەش هەر سەرکەوتوو بن لە کارو تێکۆشانی خۆتان‌دا.

❖ ❖ ❖

مامۆستا حەسەنزادەی بەڕێز حەزی نەکرد بۆخۆی باسی ئەو ڕێزەی کە مامۆستا مەسعوود موحەممەد بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی هەبوو بکا، داینا بۆ خاوەن نەزەرانی دیکە کە مامۆستا مەسعوود موحەممەد دەناسن. یەکێك لەو خاوەن نەزەرانە کە لە مەیدانی جۆراوجۆری زانستیدا دەستێکی باڵای هەیە، دوکتور کەمال مەزهەرە. بەخت دەستی یارمەتی داینێ و کاك دوکتور کەماڵیش بە پێشوازییەکی گەرمەوە وەختی بەنرخی خۆی پێ داین و وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە. لە زانایی ئەو، گەورەیی مامۆستا مەسعوود موحەممەدمان زیاتر بۆ دەرکەوت.

## دوکتور کەماڵ مەزهەر

**سەرنجی خوێنەرانی "کوردستان" بۆ هەڵبژاردەیەك لە وتووێژی دەنگی کوردستانی ئێران لەگەڵ بەڕێز دوکتور کەمال مەزهەر ڕادەکێشین:**

● **کاك دوکتور کەمالی بەڕێز! سەرەتا سپاستان دەکەین کە ئامادەبوونی خۆتان بۆ ئەم وتووێژە ڕاگەیاند. تەوەری باسەکەمان یادی گەورەپیاوی مەیدانی ئەدەب و زانستی گەلەکەمان مامۆستا مەسعوود موحەممەدی خوالێخۆشبوویە. لەم پێوەندییەدا حەز دەکەین سەرەتا بۆچوونی کەسایەتییەکی خاوەن ناوی وەك جەنابتان لەمەڕ مامۆستا مەسعوود موحەممەد ببیسین.**

■ گەلێك سپاستان ئەکەم. زۆرم پێ خۆشە دەنگی من و بیروبۆچوونی من دەربارەی مامۆستای گەورە خوالێخۆشبوو مەسعوود موحەممەد لە ڕێگەی ئێستگەی ئێوەوە بڵاو بێتەوە.

بۆ یەکەم جار من ناوی گەورەی مامۆستا مەسعوود موحومەدم لە ناوەندی پەنجاکان دا ـ پێم وایە لە ساڵی ١٩٥٣دا ـ بەر پەردەی گوێ کەوت. ئەوکاتە لە پۆلی چواری ناوەندی دەم خوێند. باسی ئەوە دەکرا کە دادوەرێك، حاکمێکی بەناوبانگ لە دانیشتووانی کۆیە هاتوە لە سلێمانی دامەزرێندراوە. براکەی کە ناوی کاك فاروق بوو لەگەڵ ئێمە بوو، هەر لە پۆلی چوار بوو. پاش ئەو بە ماوەیەکی کورت ئەو ناوە لە لام زیاتر گەورە بوو کاتێك کە لە هەڵبژاردنی ساڵی ٥٣ یان ٥٤ بوو بەشداریی کرد بەناوی پارتی دێموکراتی کوردستانەوە یانی

نوێنەری ئەوان بوو، لەگەڵ نیشتمانپەروەرانی عیراق لەو هەڵبژاردنەدا بەشداری کرد و لە "کۆیسنجاق" زۆربەی دەنگەکانی وەرگرت و بوو بە نوێنەر لە پارلمان داو لە پارلمان دا سەرنجی هەموانی راکێشا.

...بەتایبەتییش دوایی کە دەستم کرد بە لێکۆڵینەوەی گەلێ لایەنی مێژووی نوێ و هاوچەرخی کورد و عیراق، سەیرم کرد کەس لە پارلمانی ئەو رۆژگارە بەو رادەیەو لە هەموو روویەکەوە نەیتوانیوە وەك مامۆستا مەسعوود موحەممەد گفتوگۆ بکا دەربارەی کێشەکانی وڵات و لە سەرووی هەموو شتێکیشەوە هەمیشە سوور بوو لەسەر ئەو کێشانە کە کۆمەڵگای کورد تووشی هاتبوون.

بەڵام برایەتیی یەکجار نزیکی من و خوالێخۆشبوو لە ساڵی ١٩٧١ەوە دەستی پێکرد. من لە ساڵی ١٩٧٠ [لە یەکیەتیی سۆڤیەت ڕا] گەڕامەوە بۆ وڵات، دوای ئەوەی دوکتۆرام وەرگرت و بووم بە ئەندامی کارای کۆڕی زانیاریی کورد و سکرتێری گشتیی کۆڕی زانیاری کورد، مامۆستا مەسعوود موحەممەدیش یەکێك بوو لە ئەندامە هەرە دیارەکانی ئەو کۆڕە. لەو رۆژگارەوە من و کاك مەسعوود موحەممەد یەکترمان لە نزیکەوە ناسی... من ناڵێم کە لە هەموو بیروبۆچوونێك ئەمن و ئەو یەکمان دەگرتەوە، بەڵام ئەزانم کە پیاوێکی یەکجار وردو وردبین، زاناو گەورە بوو. بڕوا بفەرموو ئەو لەگەڵ مام هەژار (شاعیری گەورە مام هەژاری موکریانی) ئەو دووانە لە هەموان زیاتر لە رووی زانستەوە خزمەتیان گەیاند بە کۆڕی زانیاریی کورد. خوالێخۆشبوو مەسعوود موحەممەد پیاوێکی یەکجار گەورە بوو برایەکی یەکجار نیزیك بوو. کۆچی دوایی ئەو کۆستێکی بێ ئەندازە گەورە بوو بۆ من و هەتا ئێستا ناتوانم بێمەوە سەرخۆم، چونکە کەسایەتی‌یەکی زۆر گەورەمان لە کیس چووە.

● **بەڕێز دوکتور کەماڵ! وەك ئاگادارین مامۆستا مەسعوود موحەممەد لە مەیدانەکانی زانستی، فەلسەفی و ئەدەبی‌دا قەڵەمی تاو داوە. گەلێك بەرهەم و شوێنەواری حوڵقاندوون. بە بڕوای ئێوە لە روانگەی رەخنەگرانەوە لە کام مەیدان دا سەرکەوتووتر بووە.**


■ بڕوا بفەرموو هەر بوارێك خوالێخۆشبوو مامۆستا مەسعوود موحەممەد هەڵی بژاردبێ یان تێی چووبێ، شۆڕەسواری مەیدان بووە، لە رووی هەر بیروباوەڕێکەوە، هەر زانستێکەوە، ئەدەب ئەڵێی، زمان ئەڵێی، فکر ئەڵێی، فەلسەفە ئەڵێی، مامۆستایەکی یەکجار گەورە بووە. ناتوانم بڵێم لە کام بوارەوە ئەو ئەسپی تاو نەدا، لە هەموو بوارەکان دا زۆر زۆر مامۆستایەکی گەورەو وەستایەکی لێهاتوو بوو. بێمە سەر باسی ئەدەب، لە باسی ئەدەبا کەس وەك مامۆستا مەسعوود لە نالی تێنەگەیشتبوو، تێگەیشتنی نالی کارێکی وا ئاسان نیە. من ئەم هەڵسەنگاندنە، هەڵسەنگاندنی خۆم نیە، جارەهای جار ـ من خۆم ئەزانم وایە ـ بەڵام لەوانەی لەمن زیاتر ئاگاداری ئەدەبی کوردین، لەوانەی لەمن زیاتر ئاشنای نالیی گەورەن، لەوانە چەند جار گوێم لێ بووە کە وتوویانە کەس وەکو مامۆستا مەسعوود موحەممەد لە نهێنی‌یەکان، لە مەبەستی [نالی] بە وردی تێنەگەیوە. لەوەشا مەبەستم لە بنەماڵەی مەلا عەبدولکەریمی مودەررسە کە ئەوانیش زۆر بە نالی‌یەوە خەریك بوون. سێ بەرگەکەی دەربارەی حاجی قادری کۆیی، ئەو سێ بەرگە کە نیزیکەی ١٠٠٠ لاپەڕەیە، لە هەزار لاپەڕە زیاترەو دیسانەوە گەلێك شتی وردی هێنایە پێشەوە... لەبەر ئەوە مامۆستا مەسعوود موحەممەد لەبواری ئەدەبا پێم وایە لە ریزی هەرە پێشەوەیە. مامۆستا مەسعوود موحەممەد لەگەڵ مامۆستا هەژار ئەوان لە رێزی هەرە پێشەوە بوون و بۆچوونیان لەو بوارەدا لە هەموو ئەوانی تر وردتر بوو. من مەبەستم لەوە نیە کە لە نرخی کەس کەم بکەمەوە. هەموویان گەورە بوون، شێخ موحەممەدی خاڵ گەورە بوو، خوا لێی خۆش بێت مامۆستا عەلائەددین سەجادی گەورە بوو، بەڵام بەڕاستی کەس نەیدەتوانی لەم بوارەدا شان لە شانی مامۆستا مەسعوود موحەممەد و مامۆستا هەژار شاعیری گەورە بدات، لە بواری زمانی کوردی‌دا.

لە بواری زمانی عەرەبی دا شتێکتان بۆ بگێڕمەوە کە زۆر سەیرە. ئەوە یەکێکە لە بیرەوەری‌یەکانی خۆم کە هەتا هەتایە هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە. کەڕەتێکیان یەکێك لە ئەندامەکانی کۆڕی زانیاریی عیراق کۆچی دوایی کردبوو، چلەی ماتەمینیان بۆ گرتبوو. مامۆستا مەسعوود موحەممەد بە ناوی کۆڕی زانیاریی کورد لەوێ وتاری خوێندەوە. لە وتارەکەدا چەند جارێك ئایاتی قورئانی پیرۆزی بەکارهێنا، عەبدولرەزاق محێدین کە ئەو وەختە سەرۆکی کۆڕی زانیاریی عیراق بوو، لە رێزی پێشی پێشەوە دانیشتبوو. کە مامۆستا مەسعوود وتارەکەی خوێندەوە بەو زمانە عەرەبی‌یە پاراو و رێك و پێکە کە ئاسان نەبوو لە هەمووی تێبگەی و لەگەڵیشی ئایاتی قورئانی بەکار هێنابوو، عەبدولرەزاق محێدین کە سەرۆکی کۆڕی زانیاریی عیراق بوو و لە دانیشتووانی نەجەف بوو ـ قوتابخانەی نەجەف و کوفە لە بواری زمانی عەرەبی دا یەکجار یەکجار بەناوبانگە، دوکتۆرای وەرگرتبوو لە ئەلئەزهەری میسر کەواتە ئەو عەرەبیزانێکی بێ ئەندازە عەرەبیزان بوو ـ خۆی پێنەگیرا. کە مامۆستا مەسعوود موحەممەد وتارەکەی تەواو کرد سێ کەرەت بە عەرەبی گوتی بارەکەڵڵا! ئینجا دوای ئەوە وتی ئەگەر من خۆم قورئانی پیرۆزم نەزانیبایە پێم زەحمەت بوو [بزانم] کامەیان قسەی مامۆستا مەسعوود موحەممەدەو کامەیان لە قورئانی پیرۆز وەرگیراوە. عەرەبی زانینی مەسعوود موحەممەد یاریی منالاَن نەبوو. گوێم لە عەلی وەردی بووە کە موفەککیرێکی گەورەی عەرەبی بوو، گوێم لێبوو لە دوای ئەوەی مامۆستا مەسعوود موحەممەد محازەرەیەکی لە "کاظمیە" دا، چی وت و چۆن بە شان و باهۆیا هەڵ وت. من هەمیشە گوتوومە کوردایەتی بە مەسعوود موحەممەدەوە دەکەم.

● **مامۆستا کەماڵ! ئایا ئەو مرۆڤە بلیمەتە بۆخۆی خاوەنی قوتابخانەیەکی تایبەتیی فکری بوو یان نا؟ ئەگەر نەبوو زیاتر پێڕەوی لە چ قوتابخانەیەکی فکری دەکرد؟**

■ وەك عەرزم کردن مامۆستای خوالێخۆشبوو مەسعوود موحەممەد باوەڕی بە مرۆڤ هەبوو، باوەڕی بە دێموکراتی هەبوو، یانی شەیدای دێموکراتییەت بوو. لەبەر ئەوە ئەو لەگەڵ زۆر لە گەورەپیاوانی رۆژئاوا لەو بوارەدا یەك دەگرێتەوە. دەتوانم ئێستا ناوی "بێرتراند راسێل" و کەسانی تر کە لەگەڵیا یەك ئەگرێتەوە [بێنم]. کتێبێکی رێك و پێکی

# له یادی ماموستای بلیمەت مەسعوود موحەممەدی نەمردا



هەیە لەو بارەیەوە [بەناوی]"مرۆڤ و دەوروبەر"، ئەو مرۆڤ بەلایەوە هەموو شتێك بوو. وەك وتم هیچ بوارێك نیە کە کاری [تێدا] کردبێ تیا سەرکەوتوو نەبووبێ. لەبەر ئەوە ئەو خاوەن قوتابخانەیەکی تایبەتی سەربەخۆ بوو، بیروبۆچوونی تایبەتی خۆی هەبوو.

خوالێخۆشبوو پیاوێك بوو زمان خاوێن، دەروون خاوێن. بڕوا بفەرموون زۆر برادەری خۆمان بە زوڵمەوە باسیان ئەکردو لەسەریان ئەنووسی، رۆژێك لە رۆژان من گوێم لێنەبووە مامۆستا مەسعوود موحەممەد بە ناشیرینی باسی یەکێك بکا، بە هیچ جۆرێك باسی یەکێکی بە ناشیرینی نەکردوە. پیاوێکی رووخۆش، قسەخۆش و دەست و دڵ کراوە، لە هەموو روویەکەوە مرۆڤێکی کەم هاوتا بوو لە هەموو جیهانا، نەك هەر لە ناو کورد دا، بە دەگمەن بوو لە ناو عەرەبەکانیش... کەڕەتێ زۆرم پێ ناخۆش بوو وتی کەمال! من لە ناو عەرەبەکان رێزم زیاترە تا کوردەکان، وتم مامۆستا وا نیە، وتم زۆرینەی کورد زۆر بە رێزو تەقدیرەوە سەیری بەڕێزتان ئەکەن و بە پەرۆشن بۆ نووسینەکانت. ئەشمزانی بەڕاستی لەناو عەرەبەکان دا مەسعوود موحەممەد رێزێکی تایبەتیی یەکجار زۆری هەبوو. تەسەور نافەرموون چۆن پێشوازی‌یان لێئەکرد. چەند جارێك لە زانکۆی موستەنسەرییە دا وتاری خوێندەوە، لە کاتی وتارخوێندنەوەدا هەموویان عاشقی مەسعوود موحەممەدی ببوون، بە جۆرێك چەپڵەیان بۆ لێدەدا. من وەك وتم کوردایەتیم بە کاك مەسعوودەوە دەکرد، لەو شوێنانە سەری میللەتی کوردی بەرز کردەوە، چ لە رووی بیروباوەڕەوە چ لە رووی زمانەوە، پیاوێکی یەکجار دەروون خاوێن و زمان خاوێن و کەم هاوتا بوو.

● **زۆر بەڕێز کاك دوکتور کەمال! بێ شك لەو ماوە دووردرێژەدا کە جەنابتان دۆستایەتیتان لەگەڵ مامۆستا مەسعوود موحەممەدی نەمر دا هەبووە، هەروەك لە فەرمایشتەکانت دا ئیشارەتان پێ کرد زۆر بیرەوەرییشت گێڕانەوە لە سەریان، ئەگەر بیرەوەری‌یەکی تایبەتیتان هەیە لەسەر مامۆستا مەسعوود موحەممەد کە ئێمە بتوانین پەندو ئەزموونی لێوەرگرین حەز دەکەین لە زمانی ئێوە ببیسین.**

■ بیرەوەری‌یەکانم لەگەڵ خوالێخۆشبوو مامۆستای بێ‌ئەندازە گەورە مەسعوود موحەممەد یەکجار زۆرن. لە بیرەوەری‌یەکانی خۆما کە ناونیشانی "لە پەراوێزی کوردایەتی‌دا"م بۆ هەڵبژاردوە، ناوی مامۆستا مەسعوود موحەممەد یەکجار زۆر دووپات دەبێتەوە، لەبەر ئەوە بیرەوەریم لە گەڵیا یەکجار زۆرە، بەس ئێستا ئەمەوێ پەنجە بۆ بیرەوەری‌یەك رابکێشم کە تایبەت بە ئێوەشەوە. بەیانی‌یەکیان زوو، مامۆستا مەسعوود موحەممەد تەلەفۆنی بۆ کردم، بەیانی زوو زوو بوو، لەسەر تەلەفۆن بۆ یەکەم جار گوێم لە دەنگی مامۆستا مەسعوود موحەممەدەوە بوو دەگریا. باوەڕ بفەرموو دایکی کۆچی دوایی کرد من لە گەڵیا بووم، فرمێسك بە چاوی دا نەهاتە خوار. لەسەر تەلەفوونەکە دەگریا. من و شەهلا هەردووکمان [بووین] کە تەلەفوونەکە کراو هەڵم گرت ئەگریا! گوتی کەماڵ کۆستمان کەوت! قاسملو کوژرا!

● **کاك دوکتوری بەڕێز! ئێمە پرسیارێکمان نەماوە. ئەگەر ئێوە باسێکی تایبەتیتان لەپێوەندی لەگەڵ خوالێخۆشبوو مەسعوود موحەممەد دا هەیە کە لە پرسیارەکان دا نەگونجابن تکایە بفەرموون:**

دەبێ بگەڕێمەوە سەر هەمان باس، [مامۆستا مەسعوود موحەممەد] ئێوەی بۆیە ئەوەندە خۆش دەویست چونکە ئێوە بە لای ئەوەوە ئەو نموونە رێك و پێکە بوون کە ئەو لە ژیانی دا بە دوای دا دەگەڕا. هەمیشە پێی دەوتم کەماڵ! کە ئەچم بۆ ئەو ناوە [لای کۆیە] لە پێش هەموو شتێك دا دەبێ بچم زیارەتی ئەوان بکەم. دەیگوت زمانیان خاوێنە، رێك و پێکن، ئاقڵن. مەسعوود موحەممەد بەو جۆرە رەفتاری ئەکرد، بە دوای کوردی باش و رێك و پێك دا دەگەڕا، لە هەموو دێڕێکا مەبەستی تایبەتی و قووڵی خۆی هەبوو. کاتێك کە نالیی تەواو کرد، رۆژگارێکی برێك سەخت بوو، لەو کاتەدا کۆتایی کتێبەکەی بەو دێرە هێنا، "کوردستان! کوردستانی ئازیز! مەرگت نەبینم هەرگیزاو هەرگیز". بۆ ئەو رۆژگارە هەستی هەڵتەکاند. مەسعوود موحەممەد ئەو پیاوە گەورەیە بووە. مەسعوود موحەممەد نیشتمان و گەلی خۆی یەکجار خۆش دەویست. من ناڵێم "مسعود محمد" فریشتە بوو، هیچ کەم و کورتی‌یەکی نەبوو، چونکە مرۆڤی وا هەڵنەکەوتوە، بەڵام پیاوی کەم هاوتای وەك "مسعود محمد" لە ناو گەلی کوردو لە هەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا یەکجار دەگمەنە.

❖ ❖ ❖

## دوکتور ئاورەحمانی حاجی مارف

رووناکبیرو زمانزانێکی ناوداری دیکە کە بۆ رێزگرتن لە کۆڕە یادی مامۆستای مەزن مامۆستا مەسعوود موحەممەد [چووینە خزمەتی‌و] بۆ یەکەم جار لە ژیانی دا وتووێژی رەد نەکردەوە، کاك دوکتور ئەورەحمانی حاجی مارف بوو. دوکتور ئەورەحمانی بەڕێز وەك بۆخۆی گوتی رۆژووی بۆ دەنگی کوردستانی ئێران شکاند. لە لایەك لەبەر گەورەیی مامۆستا مەسعوودی نەمرو یادەکەی، لە لایەکی دیکەش لەبەر ئەو بۆچوونەی لەسەر حیزبی شەهید قاسملوو، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی هەبوو، لوتفی کردو دەستی بە روومانەوە نەنا. ئێمە لەو وتووێژەدا هێندێك تایبەتمەندیی دیکەی مامۆستا مەسعوود موحەممەدمان بۆ دەرکەوت. ئێوەی بەڕێزیش بۆ بیستنیان بانگهێشتن دەکەین، فەرموون:

● **زۆر بەڕێز کاك دوکتور ئاوڕەحمان! سەرەتا سڵاوت عەرز دەکەین، لە لایەن دەنگی کوردستانی ئێرانەوە هاتووینەتە خزمەتت سەبارەت بە یادی مامۆستای نەمر مەسعوود موحەممەد چەند پرسیارت ئاراستە بکەین، سوپاست دەکەین لەوەی کە مەجالت پێ داین ئەو وتووێژەت لەگەڵ پێك بێنین.**

■ سپاستان دەکەم و بەخێرهاتن و ماڵتان رووناك و رۆشن کردەو. . . لە راستی دا وەك وتم نامهەوێ منەتبارتان بکەم [بەڵام حەز دەکەم بزانن کە] من بۆچی داوای ئێوەم پێ ناشکێت. من کاتێ ساڵی ١٩٧٣ لە هەندەرانەوە گەڕامەوە وڵات، یەکەمین و نیزیکترین دۆستم برادەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوون، تێکەڵاوی‌یەکەمان بە چەشنێك بوو ئەتوانم بڵێم زیادەڕۆیی نیە کە لەو بەغدایە دا تەنیا من بە ماڵی ئێوەم دەزانی و لە سەرێکی تریشەوە هەڵسوکەوتی ئێوە وای لە من کردوە کە ئەگەر هەرچی شتێ داوا لە من بکەن نەتوانم بڵێم نا. تەنانەت ئەوا "ڤالە"ی خێزانم "ڤالە"ی هاوسەرم زۆر جار کە باسی کوردان دێتە پێشێ با بڵێین عەرەبێکی بەغدا یاخود رووسێك لە رووسەکان ئەگەر گلەیی‌یان لە هەڵسوکەوتی کوردێك هەبێ، ئەوە یەکسەر ئەڵێت "ئێوە یەك دوو جار لەگەڵ کوردەکانی ئەودیو دا دانیشن جا ئەزانن کورد کێیە، بزانن هەست بەوە ئەکەن لەگەڵ ئەورووپایی‌یەك دا دانیشتوون یاخود لەگەڵ رۆژهەڵاتی‌یەك". جا من نەك هەرخۆم، ڤالنتینای هاوسەریشم بەڕاستی بۆ هەمیشە ئێوەمان بە گەورەترین دۆستی ئەم خێزانەی خۆمان داناوە، لایەنی دووهەمیش من وەك رابەرێك و پێشەنگێکی خۆم هەمیشە حیسابم بۆ مامۆستا مەسعوود موحەممەد کردوە. وێڕای ئەوە زۆر شتی لێوە فێر بووم و ئێستا من لە بارودۆخێك دام کە بڵێم ئەگەر گەورەترین کەسم بمردایە هێندە تووشی پەژارەو خەم و کەسەر نەدەبووم. جا دیسانەوە بەخێربێن، ئەوە رۆژووم شکاند، چ پرسیارێکتان هەیە بفەرموون، منیش ئەوەی ئێستا بەم سەرزارەکی و بەم نەخۆشی‌یەوە بتوانم بەسەرچاوان وەڵامتان دەدەمەوە.

● **کاك دوکتور ئاوڕەحمان! ئاشنایی و پێوەندیی ئێوە لەگەڵ مامۆستا مەسعوود موحەممەد دەگەڕێتەوە بۆ چ زەمانێك و چۆن دەستی پێکرد؟**

■ ئاشنایەتیی تەواوم لەگەڵ مامۆستا مەسعوود موحەممەد دا [دەگەڕێتەوە بۆ] ساڵی ١٩٧٣ کە هاتمەوە بۆ وڵات، دیسان بە یاریدەی دوکتور کەماڵ مەزهەری برا گەورەمو دوکتور ئیحسان شێرزاد لە کۆڕی زانیاریی کورددا دامەزرامو ئاشنایەتیی تەواوم لەوێوە دەست پێدەکا، دوو رۆژ بوو کە دامەزرابووم، رۆژێك کۆبوونەوەمان هەبوو لەگەڵ مامۆستا مەسعوودو مامۆستا هەژار. لەو کۆبوونەوەیە من لەچاو هێندێکیان تەمەنێکی وام نەبوو، ئەوان زۆر لە من گەورەتر بوون. کە سەیرم ئەکردن شەرمم لێئەکردن، بە راستی شەرمی تەواویش. بەڵام کارێکیان کرد کە زوو لەگەڵ هەردووکیان بووینە هاوڕێی گیانی بە گیانی‌و نیزیك. تەنانەت ئەوەیان زۆر پێخۆش بوو لە یەکەم کۆبوونەوەیا شتێکیان لێ پرسیم من وتم هاتووم لە ئێوە فێر بم. ئەوەیان پێخۆش بوو چ مامۆستا هەژارو چ مامۆستا مەسعوود. [گوتیان] بەڵام زۆر کەسی دیکە کە هاتۆتەوە دەڵێ ئێوە نەزانن، کۆنەپەرستن. بەڵام تۆ هاتوویەوەو دەڵێی من دەمەوێ لە ئێوە فێر بم. لە کۆڕی زانیاریی کورد چەندین ساڵ بە یەکەوە لەگەڵ یەك کارمان کرد، وای لێکردم کە ببمە برا بچووکی، هەمیشە برا بچووکی بمو زۆریشی لێوە فێر بووم. . . من نموونەیەك دێنمەوە. کە ئەچوومە ژوورەکەی ئەگەر رۆژێ ١٠ـ٥ جار

بۆ لاپەڕی ١١

# هەواڵەکانی ئێران و جیهان لە مانگی ڕابردوودا

### پێکهاتنی کۆبوونەوەیەکی نێونەتەوەیی لە پێوەندی لەگەڵ مەوادی موخەدیردا

ڕۆژی ٤ی بانەمەڕ لە توکیۆ پێتەختی ژاپۆندا کۆبوونەوەیەکی نێونەتەوەیی بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی مەوادی موخەدیر پێك هات. لەم کۆبوونەوە دوو ڕۆژەدا نوێنەرانی ٦٠ ڕێکخراوی نێونەتەوەییو ٣٦ وڵاتی جیهان بۆ وێنە ئێران بەشدار بوون. نوێنەرانی بەشدار بوو لەو کۆبوونەوەیەدا لە بارەی شێوە جۆراوجۆرەکانی بەرهەمهێنان، چۆنیەتی ڕاگواستنو داخوازی مەوادی موخەدیر کەوتنە بەرباسو لێدوانو هەر لەم پێوەندییەدا ڕێگاکانی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم دیاردەیەیان هێنایە بەرباس.

### نارەزایەتی دەربڕینی ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور لە دژی موحکووم نەکرانی ئێران

بە دوای پەسند نەکرانی بڕیارنامەی پێوەندیدار بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە ئێراندا، ڕۆژی ٤ی بانەمەڕ، ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور لە ڕاگەیاندراوێکدا داخو کەسەری خۆی لە مەحکووم نەکرانی ئێران لە کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ سەر بە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ژنێڤ دەربڕی. لە ڕاگەیاندراوی ئەو ڕێکخراوەیەدا کە لایەنگری لە ئازادیی بیروڕاو چاپەمەنی لە سەرانسەری جیهان دەکا، هاتوە: بۆ یەکەمین جارو دوای ١٩ساڵ مەحکووم کرانی بەردەوامی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەهۆی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، لە لایەن کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان لە ژنێڤ، بەداخەوە ئەمساڵ شاهیدی مەحکووم نەکرانی کۆماری ئیسلامین. ئەوە لە کاتێك دایە کە حکوومەتی ئێران بەردەوام ئازادیی بیروڕا پێشێل دەکاو ئێران وەك گەورەترین زیندانی ڕۆژنامەنووسان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا سەیر دەکرێ، هەر ئێستا ١٢ ڕۆژنامەنووس لە پشتی میلەکانی زینداندا ژیان بەسەر دەبەن. لە درێژەی ئەو ڕاگەیاندراوەدا خامنەیی ڕێبەری ڕێژیم بە یەکێك لە سیو هەشت کەسی دوژمنی ئازادیی چاپەمەنیی لە جیهاندا ناسێندراوە.

پێویستە بگوترێ دەزگای قەزایی ڕێژیم لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا ٢١ ڕۆژنامەو نزیکەی ٤٠ بڵاوکراوەی داخستوەو نزیکەی ١٥ ڕۆژنامەنووسی بە تاوانی سووکایەتی بە بایەخە مەزهەبییەکان ڕەوانەی زیندان کردوەو لانیکەم ٤ کەس لەو ڕۆژنامەنووسانە ئێستاش هەروا لە زیندان دان.

### ئێران لەبەر ڕەفتاری دزێو لەگەڵ هەواڵنێراندا، لە پلەی هەشت دایە

ڕۆژی ١٣ی بانەمەڕ کومیتەی پشتیوانی لە ڕۆژنامەنووسان نێوی ئێرانی لە ڕیزی ئەو ١٠ وڵاتەدا ڕاگەیاند کە دزێوترین هەڵسوکەوت لەگەڵ بڵاوکراوەو ڕۆژنامەنووساندا دەکەن. لە ڕاپۆرتی کومیتەی پشتیوانی لە ڕۆژنامەنووسان کە ناوەندەکەی لە نیویۆرکی ئەمریکا دایە لێواری ڕۆژئاوای ڕووباری ئوردوون وەك خراپترینو مەترسیدارترین شوێن بۆ بەڕێوەبردنی کاری ڕۆژنامەنووسی ناوبراوەو وڵاتانی کولومبیا، ئەفغانستان، ئێریترە، ڕوسیەی سپی، بێرمە، زیمبابوە، حکوومەتی ئیسلامیی ئێران، قرقیزستانو کووبا وەك وڵاتانێك ناوبراون کە لەواندا ڕۆژنامەنووسان کەمترین ئەمنییەتیان هەیە.

### سیامەک پوورزەند ٨ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێنرا

سیامەك پوورزەند ڕۆژنامەنووسی ٧٣ ساڵەو هاوسەری "مهرانگیز کار" (مافناس) کە نزیکەی ٤ مانگ لەمەو پێش لە ماڵی کچەکەی لە تاران ڕفێندرا، دوای ماوەیەك لە لایەن دەزگای قەزایی حکوومەتی ئیسلامییەوە بەتاوانی چالاکیی دژی ئەمنییەتی وڵات لە پشتی دەرگا داخراوەکاندا موحاکەمە کراو تەنانەت ئیزنی هەڵبژاردنی پارێزەریشی پێنەدراو لەئاکامدا بە ٨ ساڵ زیندان مەحکووم کرا.

### خۆپیشاندانی کرێکاران لە تاران بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی کرێکارەوە

ڕۆژی ١١ی بانەمەڕ، بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی کرێکارەوە لە تاران چەند هەزار کرێکاری ئێرانی بۆ نارەزایەتی دەربڕین بە گرانی لە ڕادەبەدەرو مووچەی کەم، دەستیان بە ڕێپێوان کرد. خۆپێشاندەران کە لە نێویاندا ژمارەیەك کرێکاری ژن دەبینران، خوازیاری هەڵگرتنی کارە کاتییەکانو چوونەسەری هەقدەستەکانیان بوون. لە نێوان خۆپێشاندەراندا کرێکارانی کارخانەی بەرهەمهێنانی پۆشاکی جامکۆ ڕایانگەیاند کە ١٤ مانگە مووچەیان وەرنەگرتوە.

### بڵاوکردنەوەی لیستی تازەی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان لە لایەن یەکیەتیی ئورووپاوە

ڕۆژی ١٣ی بانەمەڕ یەکیەتیی ئورووپا لیستی تازەی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی جیهانی بڵاوکردەوە. لەم لیستە تازەیەدا ناوی ١١ ڕێکخراوو ٧ تاوانبار بە عەمەلیاتی تیرۆریستی خراوەتە سەر لیستی پێشوو. ڕێکخراوی موجاهیدینی گەلی ئێران، P.K.K، کۆمەڵی ئیسلامیی میسر، لەشکری تەیبەی کشمیرو ڕێگەی ڕووناکی لە پێرۆ (راه درخشان پرو) لە لیستی نوێی ئەو یەکیەتییەدا دەبینرێن. هەر لەم پێوەندییەدا یەکێك لە بەرپرسانی یەکیەتیی ئورووپا بە هەواڵنێری ڕۆیتێری گوت کە: شاخەی نیزامی ڕێکخراوی موجاهیدینی گەلی ئێران لەو لیستە نوێیەدا دەبینرێ، بەڵام شووڕای میلیی موقاومەت لەم لیستەدا نیە.

### بڵاوکراوەی "کاسپین" لە وەزعی شپرێوی سەنعەتی نەوتی ئێران دەدوێ

کێشە سیاسییەکانی نێوخۆ، بێمتمانەیی خارجییەکان سەبارەت بە وەگەڕخستنی سەرمایە لە ئێرانو . . . ، سەنعەتی نەوتی ئەم وڵاتە کە شادەماری ئابووری ئەو وڵاتە پێك دێنێ لەگەڵ قەیران بەرەوڕوو کردوە. حەوتوونامەی "کاسپین" سەر بە وەزارەتی نەوتی ڕووسیە لەم بارەیەوە دەنووسێ: مەسرەفی ڕۆژانەی نەوت لە نێوخۆی ئێراندا ١/٥ میلیۆن بۆشکەیەو ئەم وڵاتە بۆ ئەوەی هەناردەی نەوتی لە مەسرەفی نێوخۆیی زیاتر بێ، بەرهەمهێنانی ڕۆژانەی نەوتی لە ٣ میلیۆنو ٢٠٠ هەزار بۆشکەوە ـ کە ئوپێك بۆی دیاری کردوە ـ بەرەو ژوور بردوە. ئەم بڵاوکراوەیە هەروەها دەنووسێ: لەکاتێکدا مەسرەفی نێوخۆیی نەوت ساڵانە ٥٪ دەچێتە سەرێ، ڕادەی بەرهەمهێنانی نەوت لە ئێراندا ساڵانە ٢٥٠ هەزار بۆشکە کەم دەبێتەوەو بەمجۆرە ئەگەر وەزعەکە هەروا درێژە بکێشێ، ئێران تا ساڵی دا٢٠٢٠ نەوتێکی بۆ ناردنە دەرەوە نابێ. شیرکەتی میلیی نەوتی ئێران ساڵانە یەك میلیارد دۆلار بۆ ئەو بەشە تەرخان دەکا تا بەڵکوو بتوانێ بەرهەمهێنانی نەوت لە ڕادەی ئێستایدا ـ ٣/٥ میلیون بۆشکە لەڕۆژدا ـ ڕاگرێ، بەڵام چاوەدێرانی کاروباری ئێران لەو بڕوایەدان کە ئەم وڵاتە بۆ ڕاگرتنی ١٣٪ی بەشی خۆی لە ئوپێکدا دەبێ لە ساڵی داهاتوودا ٣٠ میلیارد دولار سەرمایە تەرخان بکا.

### مانگرتنی کرێکاران لە شارەکانی ئاڵماندا

مانگرتنی کرێکارانی سەنعەتی کانزاو بەرقی ئاڵمان کە ڕۆژی ١٦ی بانەمەڕ لە ئەیالەتی "بادن بورتنبێرگ" دەستی پێکرد، حەوتوویەك دواتر شارەکانی "بێرلین"و "برادنبۆرگ"یشی گرتەوە. ئەمە بۆ یەکەم جارە کە دوای ٧٢ ساڵ ئەم بەشە لە سەنعەتی ئاڵمان لەم ناوچەیە بەم شێوەیە مان دەگرێ. بە دوای ئەم ڕووداوانەدا کرێکارانو کارمەندانی کارخانەی ماشێن سازی "فۆرد" لە شاری "کۆڵن"یش کە ژمارەیان دەگاتە ١١ هەزار کەس، دەستیان بە مانگرتن کرد. کرێکاران خوازیاری چوونەسەری هەقدەستەکانیان بەرادەی ٦/٥٪ بوون، بەڵام کارفەرماکان تەنیا بەچوونە سەری هەقدەستەکان بە ڕادەی ٣/٣٪ ڕازی بوون. پێشبینی دەکرێ ئەگەر کرێکارانی سەنعەتی فیلیزی ئاڵمان بە داخوازییەکانیان نەگەن، ئەو مانگرتنانە بۆ زۆر شوێنی دیکە تەشەنە بکەن.

### ئەمریکاو یەکیەتیی ئورووپا خوازیاری پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستینن

ڕۆژی ٢٢ی بانەمەڕ حیزبی لیکوود (حیزبی دەسەڵاتداری ئیسرائیل) دژایەتیی خۆی لەگەڵ پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستیندا ڕاگەیاند. بە دوای ئەم هەڵوێستەی حیزبی لیکووددا ئەمریکاو یەکیەتیی ئورووپا ڕەخنەیان لە حیزبی ناوبراو گرتو وتیان ئەو هەڵوێستە گۆڕانێك لە ڕوانگەی ئەمریکاو یەکیەتیی ئورووپا لە بارەی پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستیندا پێك ناهێنێ. یاسر عەرەفاتیش لەم بارەوە گوتی: ڕەئی حیزبی لیکوود پێشاندەری لە نێو چوونی ڕێککەوتننامەی ئاشتی ئوسلۆیە.
خاوێر سۆلانا بەرپرسی کاروباری ئەمنییەتی یەکیەتیی ئورووپا لەم بارەوە گوتی: لەو هەڵوێستەی حیزبی لیکوود زۆر بەداخم، چونکە ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا تەنیا لە ڕێگای پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی فەلەستینەوە دێتە دی.

### گەمارۆی کەنیسەی "مەهد" کۆتایی پێهات

ڕۆژی ٢١ی بانەمەڕ دوای ٣٨ ڕۆژ گەمارۆی کەنیسەی مەهد لە لایەن هێزەکانی ئیسرائیلەوە، تەواوی ئەو فەلەستینییانەی خۆیان تێدا حەشار دابوون، ئازاد کران. بە پێی ڕێککەوتنێك لە نێوان ئیسرائیلو فەلەستینییەکاندا، ١٣ کەس لە فەلەستینییە گەمارۆدراوەکان ڕەوانەی قیبرێس کران، تا لەوێدا چەند دەوڵەتێکی ئورووپا وەریان گرن، ٢٦ فەلەستینیی دیکەش بۆ کەرتی غەززە گوێزرانەوە، فەلەستینییەکانی دیکەش ڕێگەیان پێدرا بە ئازادی بچنە دەرەوە. پێویستە بگوترێ نزیکەی ٢٠٠ کەس بۆ ماوەی زیاتر لە مانگێك لەم کەنیسەیەدا خۆیان حەشار دابوو.

### یەکیەتیی ئورووپا دژی قەدەغە کردنی چالاکییەکانی "HEDEP"ە لە تورکیەدا

بە دوای هەڕەشەی دەوڵەتی تورکیە لە پارتی دێموکراسیی گەل، بەمەبەستی قەدەغەکردنی چالاکییەکانی ئەو حیزبە، بەهۆی ئەوەی گوایە پارتی ناوبراو پێوەندی بە "P.K.K"وە هەیە، یەکیەتیی ئورووپا تورکیەی ئاگادار کردەوەو ڕایگەیاند ئەو هەڵوێستە دەبێتە هۆی ئاڵۆزیی پێوەندییەکانی نێوان تورکیەو یەکیەتیی ئورووپا. سەرۆکی یاسادانەرانی یەکیەتیی ئورووپا لەم بارەوە گوتی: قەدەغە کردنی پارتی دێموکراسیی گەل کاردانەوەیەکی خراپی لەسەر پێوەندییەکانی یەکیەتیی ئورووپاو تورکیە دەبێ بەتایبەت کە ئاشکرا دەیەوێ ببێتە ئەندام لە یەکیەتیی ناوبراودا.

### تەحریم کرانی چەند شیرکەت لە لایەن ئەمریکاوە

ڕۆژی ٢٦ی بانەمەڕ، دەوڵەتی ئەمریکا تەحریمی خستە سەر دوازدە دامەزراو (مؤسسە) کە مەوادو ئامرازی وایان بە ئێران دەفرۆشت کە بۆ دروست کردنی چەکە کۆکوژەکان کەڵکی لێوەردەگیرا.

ئەو دامەزراوانە بریتی بوون لە ٨ دامەزراوی چینی، دوو دامەزراوی ئەرمەنستانیو دوو دامەزراوی مولداوییایی. وەزیری دەرەوەی ئەرمەنستان ڕۆژی ٢٨ی بانەمەڕ لەم پێوەندییەدا گوتی: دامەزراوی شیمیایی "لیزین"ی ئەرمەنستان کە ساڵی پێشوو مەوادو کەرەستەگەلێکیان بۆ ئێران ناردبوو، نایانویستوە بەشداری لە دروست کردنی چەكو چۆڵ لە وڵاتانی دیکەدا بکەنو ئەو هەڵوێستەی ئەمریکا گۆڕانێك لە پێوەندییەکانی ئەو دوو وڵاتەدا پێك ناهێنێ. هاوکات سەرۆك وەزیری پێشووی مولداوی ڕایگەیاند: دامەزراوەی "کواشا" کە ئەمریکا تەحریمی خستۆتە سەری، لە ساڵی پێشوودا هەڵوەشێندرایەوەو پێشتر مەواد گەلێکی بۆ چەند وڵات بۆ وێنە ئێران ناردبوو. ناوبراو هەروەها گوتی: کواشا کەرەسە گەلێکی بەرهەم دەهێنا کە لە تێکنۆلۆژی مودێرنی دیفاعی کەڵکی لێوەردەگیرا.

### هێندوستان باڵوێزی پاکستانی دەرکرد

لە ڕۆژانی ٢٦و ٢٧ی ئەم مانگەدا لە سنووری هاوبەشی کێشمیر هێزەکانی هێندوستانو پاکستان سەرلەنوێ یەکتریان دایەبەر ڕەهێڵەی چەکەکانیان، کە لە ئەنجامی ئەو پێکدادانەدا نزیکەی ١٠ هەزار کەس لە ترسی دەست پێکردنەوەی شەڕ ئەو شوێنەیان بەجێ هێشت. بەدوای ئەم تێکهەڵچوونانەدا دەوڵەتی هێند، پاکستانی بە پشتیوانی ڕاستەخۆ لە ئیسلامخوازە چەکدارەکانی کێشمیر تاوانبار کردو بڕیاری دەرکردنی باڵوێزی پاکستانی ڕاگەیاند. پێویستە بگوترێ هێندو پاکستان تا ئێستا لە سەر ناوچەی کێشمیر دووجار تووشی شەڕێکی خوێناوی هاتوون.

### عەلی ئۆف گەیشتە تاران

ڕۆژی ١٨ی بانەمەڕ حەیدەر عەلی ئۆف سەرۆك کۆماری ئازەربایجان بە مەبەستی دیدارێکی سێڕۆژە گەیشتە تاران. وەزیرانی دەرەوە، پەرەپێدانی ئابووری، فەرهەنگ، کەشاوەرزی، توووریست، وەرزشو لاوانو هەروەها ڕەئیسی شیرکەتی دەوڵەتی نەوتی کۆماری ئازەربایجان، لەم سەفەرەدا هاوڕێی ئاغای عەلی ئۆف بوون. لە ماوەی ٩ مانگی ڕابردوودا سەفەری ئاغای عەلی ئۆف سێجار وەدواکەوت. ئەگەرچی هۆکاری ئەم دواکەوتنانە "نەخۆشی" عەلی ئۆف ڕادەگەیەنرا بەڵام بە بۆچوونی زۆربەی چاوەدێرانی سیاسی هۆکاری سەرەکیی ئەم دواکەوتنانە لە نالەبار بوونی فەزای زاڵ بەسەر پێوەندییەکانی ئەو دوو وڵاتەدا خۆی دەنوێنێ. گەرچی ئێران ئێستا بە ٣٥٠ میلیون دولار ئاڵوگۆڕی تیجاری لە ساڵ دا چوارەمین شەریکی بازرگانی ئازەربایجانە، بەڵام ئەم دوو وڵاتە لانی کەم لە سێ بواری گرینگدا ناکۆکییان پێکەوە هەیە. یەکەم: ناکۆکی لەسەر چاڵە نەوتییەکانی دەریای خەزەر. دووهەم: ئیختلاف لە سەر ڕۆڵی ئێران لە پێکدادانەکانی پێشووی ئازەربایجانو ئەرمەنستان لە سەر ناوچەی قەرەداغ. سێهەم: ناکۆکی لە سەر ئەو دەنگۆیانەی کە جارجارە لە پێوەندی لەگەڵ یەکگرتنەوەی کۆماری ئازەربایجانو ئوستانی ئازەربایجان (ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا) لە باکۆ دەبیسترێ. کۆماری ئازەربایجان بە زیاتر لە ١١ تا ١٣٪ لە ڕێژیمی حوقووقی دەریای خەزەر بۆ ئێران ڕازی نیە، کە ئەگەر ئەوە بەشی ئێران بێ، ئەم وڵاتە لانی کەم لە چاڵە نەوتی "البرز" بێبەش دەکرێ، کە سەرچاوەیەکی گرنگی نەوتو گازە.

### خەڵکی تیمووری ڕۆژهەڵات سەربەخۆیی وڵاتەکەیان جێژن دەگرن

ڕۆژی ٢٩ی بانەمەڕ خەڵکی تیمووری ڕۆژهەڵات بە شێوەی ڕەسمی سەربەخۆیی وڵاتەکەیان کردە جێژن. جێژنی ڕەسمیی سەربەخۆیی تیمووری ڕۆژهەڵات دوو ساڵو نیو دوای بەڕێوەبردنی ئەو وڵاتە لەلایەن نیهادی بەڕێوەبەریی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بەڕێوە چوو. نزیکەی ٨٠ وڵات نوێنەری خۆیان بۆ بەشداری لە جێژنی ڕەسمیی سەربەرخۆیی تیمووری ڕۆژهەڵات، ناردبوو بۆ ئەو وڵاتە. شایانی باسە تیمووری ڕۆژهەڵات بۆ ماوەی ٥٦ ساڵ لەژێر حاکمییەتی ئەندونزی دابوو و ساڵی ١٩٩٩ سەربەخۆیی خۆی بەدەست هێناو پێشتریش "مستعمرە"ی پورتەقاڵ بوو.

## تیرۆری ڕێبەری ڕاستە توندڕەوەکانی هولەند



هەواڵدەرەکانی وڵاتی هولەند ڕایانگەیاند کە "پیم فورتان" کە یەکێك لە سیاسەتوانانی هولەندە کەوتوەتە بەردەستڕێژ. قسەکەری پۆلیس وتی ٦ گوللە لە سینگو ملی ناوبراو دراوە.

"فورتان" پاش ئەوەی لە وتووێژێکی ڕادیۆیی بۆوەو لە ستودیۆی ڕادیۆکە هاتە دەرێ لە ناوەندی شاری "هیلور سام"دا کەوتە بەر دەسڕێژ. سەرۆك وەزیرانی هولەند ئەم ڕووداوەی بە کارەساتێکی دڵتەزێن ناوبرد. لە هەمان کاتیش دا پۆلیس ڕایگەیاند کە کابرایەکی سپی پێستی هولەندیی لەم پێوەندییەدا دەستگیر کردوە.

ئەو خەڵکەی لە شوێنی ڕووداوەکە بوون، باس لە چەند کەسی چەکدار دەکەن. ماوەیەکی کەم پاش ڕووداوەکە هەواڵنێرێکی تەلەفزیۆنی هولەند وتی: "من فورتانم دیت کە کەوتبووە سەر عەرزو چەند گوللەش لە سەری درابوو". ئەم هەواڵنێرە لە درێژەی قسەکانی دا وتی دەستەیەك وەدوای تیرۆریستەکان کەوتن، بەڵام لە لایەن تیرۆریستەکانەوە تەقەیان لێکرا. هەواڵدەریی بی بی سی لەم پێوەندییەدا، لە لاهەوە ڕایگەیاندوە کە لەبەر ئەوەی دەوروبەری شوێنی ڕووداوەکە بە توندی لە لایەن پۆلیسەوە گەمارۆ دراوە، کەس ناتوانێ هاتوچۆی شوێنەکە بکا.

بیروڕای "فورتان" دژی پەنابەرانی ئەو وڵاتە بوو بە هۆی ئەوەی کە لە چەند دەنگدانی پێشوودا، سەرکەوتنی باش بەدەست بێنێ.

دەنگۆی ئەوەش هەیە کە لە هەڵبژاردنی هولەندا کە قەرارە ڕۆژی . . . بەڕێوە بچێ، حیزبەکەی "فورتان" دەنگێکی باشتر بێنێتەوە. فورتان کە هاوجنسباز ناسراوە پێشتر ڕایگەیاندبوو کە دەبێ سنوورەکانی ئەو وڵاتە لە سەر پەنابەرەکان دابخرێ. هەروەها وتبووی کە دینی ئیسلام "دینێکی دواکەوتووانە"یە ئەم قسانەش بوو بە هۆی نارەزایەتیی گشتیی خەڵك.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕادیۆ "B.B.C"

وەرگێڕان: حامید دروردی

# ڕۆژی جیهانیی گەنجینەو میراتی فەرهەنگی

ع.باڵەکی

بۆ گرینگی‌دان بە پاراستنی ئاسەوارە مێژوویی‌یەکان ڕۆژی ٢٨ی بانەمەڕ "١٨ی مای" بە ڕۆژی جیهانیی گەنجینەو میراتی فەرهەنگی دیاری کراوە. میراتی فەرهەنگیی هەر میللەتێك ڕابردووی ئەو میللەتە دەردەخا، هەموو ئەو شتانەی نەتەوەیەك بە درێژایی مێژوو خولقاندوونی‌و ئەوانەی لە دوا ڕۆژدا تووشی دەبێ‌و بۆی دێتەپێش پێکەوە پێوەند دەدا. ئەو ئاسەوارە مێژوویی‌یانە چ ئەوانەی لە ژێر خاك‌دان‌و چ ئەوانەی بە دەرەوەن هەموو کاتێك مەترسی لە نێو چوونیان لەسەرە، بە تێپەڕبوونی زەمان‌و بەهۆی کارەساتی سروشتی، دروست کردن‌و ئاوەدانی بەتایبەت شارسازی‌و لە هەمووان پڕمەترسی‌تر دەست درێژی کەسانی هەلپەرەست‌و قازانج ویست بۆ سەر ئەو ئاسەوارانە هەمووکات مەترسی لە نێو چوونیان لێ دەکرێ‌و هەر ئەوەش پێویستیی پاراستنیان زیاتر دەکا.

پاراستنی ئاسەوارو میراتە فەرهەنگی‌یەکان ئەرکی سەرشانی هەموو کەس‌و لایەنێکە بەتایبەت دەوڵەتە دەسەڵاتدارەکان کە ڕاستەوخۆ ئەو ئەرکەیان دەکەوێتە ئەستۆ. چونکە ئاسەوارە مێژوویی‌یەکان یەکێك لە باشترین هۆیەکان بۆ ڕاکێشانی ئەوانەی کە تا مەزۆری دیتنی شوێنەواری کۆن‌و مێژوویین. زۆر وڵات لە دنیادا هەن کە داهاتی سەرەکییان لە ڕێگای توریستەوە دابین دەبێ. بەتایبەت بە پێشکەوتنی زانست‌و سەنعەت‌و داهێنانی نوێ بۆ لێکۆڵینەوەو توێژینەوە ئەو هەلەیان ڕەخساندوە کە مرۆڤی ئەو سەردەمە زیاتر لەگەڵ ڕابردوودا ئاشنا بێ‌و لە جیاتی سەردەمەکانی ڕابردوو لەو کەرەسانە کە لە هەر سەردەمێك دا بۆ ژیان کەڵکیان لێ وەرگیراوە ئاگادار بن‌و ڕادەی شارستانییەتی هەر گەل‌و نەتەوەیەك لەو ڕێگایەوە هەڵسەنگێندرێ.

لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا بە مەبەستی پاراستنی ئەو ئاسەوارە مێژوویی‌یانە کە موڵکی هەموو گەلانی دنیان، لە ساڵی ١٩٧٢ لە کۆڕی گشتیی یونسکودا کونواسیۆنێك پەسند کرا کە لە ماوەی ١٥ ساڵدا ١٠٢ وڵات ئەو کۆنوانسیۆنەیان قبووڵ کرد. کۆنوانسیۆنی پاراستنی میراتی فەرهەنگی لە نێوان ئەندامانی خۆی‌دا کومیتەیەك کە ٢١ ئەندامی هەیە بۆ ماوەی شەش ساڵ هەڵدەبژێرێ. (١)

دەوڵەتەکانی ئەندامی ئەو کۆنوانسیۆنە هەر ئاسەوارو شوێنەوارێك کە لە ڕوانگەی ئەوانەوە بایەخی هەبێ بەو کومیتەیە دەناسێنن‌و بەو جۆرە یۆنسکۆ ئەرکی چاوەدێری‌و پارێزگاری ئەو شوێنەوارانە دەگرێتە ئەستۆ. وڵاتی ئێرانیش ئەو کۆنوانسیۆنەی پەسند کردوەو تێی‌دا ئەندامە. بەڵام تا ئێستا بێجگە لە هێندێك شوێنەواری وەك "تەختی جەمشید، مەیدانی نەقشی جیهانی ئیسفەهان، چغارنبیل" شوێنەوارێکی دیکە لە ئێران نەکەوتوونەتە نێو لیستی میراتی جیهانی‌یەوە ئەوە لە حالێك دایە کە ئێران بەسەدان شوێنەواری مێژوویی هەن کە هەڵگری چیرۆکی شارستانەتی پێشکەوتووی سەردەمی خۆیانن. سەرەرای ئەوە هێندێك لە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران، تاقم‌و دەستەی تەیار بە هەموو کەرەسەیەکی پێشکەوتوویان پێك هێناوە بۆ دزین‌و تاڵانکردنی ئەو شوێنەوارو کەلوپەلە بایەخدارانەو تا ئێستا بەردەوامن لە سەر تاڵانی ئەو شوێنەوارانەو بەسەدان گۆڕو شوێنی مێژوویی‌یان هەڵداوەتەوەو کەرەسەکانیان بە تاڵان بردوون. بەداخەوە ئەو تاڵان‌و بڕۆیە لە کوردستان زیاتر ڕووی داوە.

چونکە کوردستان لە باری مێژوویی‌یەوە خاوەنی کومەڵێك ئاسەواری بەنرخەو چەند شارستانەتی کۆن لە کوردستان سەریان هەڵداوەو هەر کام بەهۆیەك یا چەندین هۆی جۆراوجۆر لە نێو چوون. حکوومەتەکانی "مانا"و "پاراسوا" کە بەسەر بەشێکی بەرین لە دنیای ئەو کاتدا حوکمرانییان کردوە و ئاسەوارە وەدەستهاتووەکان لە مووسڵ "نەینەوا"و قەلایچی نیزیك شاری بۆکان ئەو ڕاستی‌یە دەسەلمێنن. پێویستە بگوترێ قەلایچی یەکێك لەو شوێنانەیە کە لە لایەن چەند کەسێکی هەلپەرست‌و قازانج ویست بە هاوکاری هێزەکانی سوپای پاسداران لە چەند ساڵی ڕابردوودا بە شێوەیەکی ئاشکرا تاڵان کراو گەلێك شوێنەواری بەنرخی لێ‌دزران. یا دەوروبەری شاری سنەو هەورامان کە شوێنی نیشتەجی بوونی "هوری‌یەکان" بووەو تا ئێستا چەندین ئاسەواری بەنرخی سەردەمی "ئەشکانی‌یەکانی" لێ دۆزراوەتەوەو بەداخەوە زۆری بە تاڵان چووەو زۆربەی ئەو تاڵان‌و دزی‌یەکە لە ئاسەوارە کۆن‌و مێژوویی‌یەکانە دەکرێ لە وڵاتانی بێگانەو لە مۆزەکانی بێگانە سەر دەردێنن. تاڵان‌و بڕۆی شوێنەوارە مێژوویی‌یەکانی کوردستان، بە ڕادەیەك زۆرو بەربڵاوە کە ئەگەر ئاماژە بە هەمووان بکەین خۆی تۆمارێکی دوورو درێژی لێ دەکەوێتەوە.

مەترسیی لەسەر ئاسەوارو شوێنە مێژوویی‌یەکانی ئێران تەنیا بە دزین نابڕێتەوە، بەڵکوو بایەخ پێ نەدانی ڕێژیم‌و بە چاوی سووك‌و تەنانەت دوژمنانە سەیرکردنیشیان بەو بیانوویە کە گویا شوێنەواری "تاغووت"ن‌و لەگەڵ بۆچوونی دەسەڵاتدارانی ئێستادا ناگونجێن خۆی هۆیەکی سەرەکی‌یە بۆ لە نێو چوون یان تێ‌دا چوونیان. بۆیە لە وەزعێکی‌وادا ئەرکی خەڵك‌و هەموو وڵات پارێزانە کە بۆ پاراستنی ئەو شوێنەوارو ئاسەوارە مێژوویانە بە جیددی تێبکۆشن وەك بەشێك لە میراتی فەرهەنگی‌و ڕابردووی وڵاتەکەیان‌و نەتەوەکەیان سەیری بکەن.

*(١) ـ گوڤاری پەیام ژمارە ٢١٩*

# بەسیج سوپای موخلیسی خودایە!!

**کاف. پەرویزی**

لە دوایین ساڵەکانی دەسەڵاتی حەمەرەزاشادا، گەلانی ئێران بەرەوڕووی داهاتوویەکی سەیر دەبوونەوە. ڕابووبوون‌و دەیانەویست ئاگر بەردەنە لەشی دەسەڵاتی دیکتاتۆری‌و کۆنەپەرستانەی پاشایەتی. گەلانی ئێران چیتر ئەم ڕێژیمە زاڵمەیان پێ قبووڵ نەدەکرا. شۆڕشێکیان بەرپا کردو ویستیان پێکهاتەی چەند سەد ساڵەی زوڵم‌و زۆر تێك بدەن. بەڵام بە چەند هۆ نەیانتوانی بە ئاواتەکانیان کە ئازادی‌و دیموکراسی‌و مافی نەتەوایەتی بوون، بگەن.

یەك لەو هۆیانە ئەوە بوو کە وەك هەموو وڵاتانی جیهانی سێیەم، خەڵکی ئێرانیش بۆ جووڵانەوەو هاندرانیان پێویستیان بە کەسایەتی‌یەکی کاریزما بوو. کەسایەتی‌یەك کە بە یەکەوە گرێیان بداو ڕێبەریان بێ. لە نێو هێزە چەپ‌و پێشکەوتنخوازەکاندا ئاوا کەسێك بە دی نەدەکرا. جیا لەمەش هەر کام لەم هێزانە ئەوانیتری بە دواکەوتوو دەزانی‌و قبووڵی نەبوون. لەم پڕژو بڵاویی هێزە چەپ‌و پێشکەوتنخوازانەدا کەسانێکیترو هێزێکیتر کەڵکیان وەرگرت کە خۆیان هەرچەند دژی ڕێژیم بوون بەڵام لە ڕێژیم کۆنەپەرستتر بوون.

لە ئاوەها کەشو هەوایەك‌دا بوو کە خومەینی‌و هاوبیرەکانی بە کەڵك وەرگرتن لە ناکۆکیی هێزە چەپەکان بوون بە دەمڕاستی بازرگانیی دواکەوتوو کە بە ڕیفۆرمەکانی شا تووشی زەرەر ببوون. بەم جۆرە ئەوان پێیان نایە مەیدان‌و دروشمی ئازادییان هەڵگرت‌و تێکەڵ بە دروشم‌و ویستی پاراستنی نەریتی کۆنیان کرد.

وتەیەکی مارکس هەیە کە زۆر لەگەڵ وەزعی سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێراندا دێتەوە. دەڵێ: "نەریتی کۆنی هەموو مردووەکان وەك مۆتەکە سواری مێشکی زیندووەکان بووەو ڕاست لەو کاتەدا کە زیندووەکان وادیارە بە داهێنانی شتێکی نوێ، خەریکی گۆڕینی حاڵ‌و وەزعیانن، بەڵێ ڕاست لە ئاوا کاتێکی شۆڕشگێڕانەدایە کە بە شێوەیەکی تووڕەو هەڵچوو، پەنا بۆ ڕۆحی مردووەکان دەبەن. ناوەکانیان‌و فەرمان‌و جلوبەرگی شەڕیان بەقەرز لێ وەردەگرن تا لاپەڕەیەکی نوێ لە مێژوویاندا پێك بێنن. بەڵام لە جلوبەرگێکی جێکەوتوودا بە زمانێکی خوازراو.

... بەم جۆرە، ژیاندنەوەی مردووەکان، لە شۆڕشەکاندا بۆ شکۆدان بە خەباتی نوێ بووە نەك دووپاتکردنەوەی ڕابردوو. بۆ ئەوە بوو کە گەورەیی ببەخشن بە ئەرکی بەردەم، نەك خۆ گێل‌کردن لە ڕێگا چارەی ڕاستەقینە. مەبەست، ژیاندنەوەی ڕۆحی شۆڕش بوو، نەك بانگکردنەوەی تارمایی‌یەکانی."[(١)]

خومەینی‌و هاوبیرەکانی بەم جۆرە بەرهەمی خەباتی خەڵکی ئێرانییان بە تاڵان بردو بە شێوەیەکی گومانلێکراو بوون بە خاوەنی دەستکەوتەکانی شۆڕش. لێرەدا وەك خووو ڕەوشتی هەموو دەسەڵاتێکی فاشیستی، دەستیان کرد بە یەك ڕەنگ کردنی کۆمەڵگا. چارشێوی ڕەشیان کردە سەر ژن‌و ڕەنگی ڕەشیان بەسەر خەڵك‌دا ڕژاند. لەبەر ئەوەی ئەوان پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی ڕاستەقینەیان نەبوو دەیانزانی کە دیموکراسی‌و ئازادی ئێخەیان دەگرێ‌و چیدی ناتوانن خەڵك بە دروشمی بێ‌کردەوە فریو بدەن، بۆ پاراستنی دەسەڵاتەکەیان لە باوەڕی مەزهەبیی کەسانی ساویلکە کەڵکی خەراپیان وەرگرت‌و بەم جۆرە کەسانە هێزێکیان پێك هێنا بە ناوی سوپای پاسداران، کومیتەی ئینقلاب‌و بەسیج.

بە ماوەیەکی کورت پاش شۆڕشی گەلان، ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو هێزەکانی ناردە کوردستان‌و بە یارمەتیی جاشەکانیان دەستیان کرد بە کوشتن‌و قەڵاچۆکردنی گەلی کورد. یەکە یەکە هێزەکانی دیکەی نێو کۆمەڵگایان دایە بەر هێرشی دڕندانەیان. شۆڕشێك کە بۆ ڕووخاندنی دیکتاتۆری‌و بۆ پێکهێنانی ژیانێکی ئاسوودەترو باشتر بەرپا ببوو گەیشتە ئەم شوێنە: "ئەم شاخە، بە شێوەی جۆراوجۆر جوانی‌و واتا بە دیمەنەکەی ژێریەوە دەبەخشێ. دوای ئەوەی کە ئەم ڕستەیەمان سەد جار بۆ خۆمان دووپات کردەوە وا شوکرانەبێژو بێ‌بیر دەبین کە گومان دەکەین هەرچی کە تا ئەم جێگەیە جوانی دەبەخشێ، خۆشی لە نێو هەموو شتەکاندا بەڕاستی جوانترینیانە. دوایە بە شاخەکەدا سەر دەکەوین‌و دەسبەجێ نائومێد دەبین‌و دۆش دادەمێنین. دەسبەجێ شاخەکەو دیمەنەکەی دەوروبەری جادووی خۆیان لەدەس دەدەن." [(٢)]

ڕێژیم کە دەی‌دیت مەشرووعیەتی کەوتۆتە ژێر پرسیارو پێگەیەکی ئەوتۆی نەماوە، دەستی کرد بە پەرەپێدانی "فەرهەنگی بەسیجی". بە شێوەی جۆراوجۆر هەوڵی دا کە بەسیج بەهێز بکا. بەسیجی ئیداراتی پەرە پێ دا، بەزۆر کارمەندی ئیدارەکانی دەکردە بەسیجی. ئیمتیازی دەدا بە هەر کەسێك کە ببێتە بەسیجی، پارەکەی بەقەدەر نیسکێ! زیاد دەکا. پیلانی "بەسیجی دانیش ئامووزی"ی داڕشت‌و...

ئەم دوایانە لە ناوچەکانی کوردستان‌دا دەنگۆی ئەوەی داخست کە هەر کەسێك وادەی سەربازیی هاتوە دەتوانێ ببێتە بەسیجی‌و لە ماڵی خۆی‌و لە شوێنی خۆی بێ‌و کاری جاسووسی! بۆ ڕێژیم بکاو لە دوای ٢ ساڵ کارتی تەواوکردنی سەربازیی پێ دەدرێ!

پیلانێکی خاینانە کە چەندین مەبەستی تێدایە: یەکەم ئەوە کە چونکە گەلی کورد هەموو کات لە ژێر دەسەڵاتێکی سەرکوتکەردا بووە ئامادە نەبووە کە سەربازی بۆ ڕێژیم بکاو لە سەربازی‌کردن خۆی بواردوە. ئێستە بەم پیلانە ڕێژیم دەیەوێ بەوەی کە لە شوێنی خۆیان سەربازی دەکەن‌و لە ماڵی خۆیان دوور ناکەونەوە خەڵکی کوردستان ڕازی بکا کە ئەم جۆرە سەربازییەی بۆ بکەن! ئایا گەلێك کە بێجگە لە کوشتن‌و بڕین هیچی لە کۆماری ئیسلامی نەدیوە، هەموو ماف‌و ئازادی‌یەکانی پێشێل کراوە؛ ئامادە دەبێ سەربازی بۆ کۆماری ئیسلامی بکا؟ ئەگەر ڕۆڵەکانی گەلی کورد بیانەوێ چەك بەدەستەوە بگرن لە چەکی خەبات بۆ دیموکراتی‌و ئازادی باشتریان دەست دەکەوێ.

دووهەم ئەوەی کە ڕێژیم سەرەڕای هەموو ئەو شوعارانە کە دەی‌داو ئەڵێ کوردەکان لە هەموو کەس ئێرانیترن‌و ئێران بۆ هەموو ئێرانی‌یەکانە، بەڵام قەت بڕوای بە کورد نەکردوەو هەموو کات بە چاوی نەیار سەیری کردوون. لە کارەساتەکەی ٣ی ڕەشەمەی سنەدا سوپای پاسداران هەموو جاشەکانی چەك کرد، ئەوانەی کە دوای چەندین ساڵ خزمەت بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هێشتا بڕوایان پێ ناکا. بۆیە بەو پیلانە تازەیە دەیەوێ دەست‌و پێوەندی بێ‌چەك لە کورد دروست بکاو لە شوێنە نیزامی‌یەکان دووریانخاتەوە. ئەگەر ئەو جاشانە کە یارمەتیی کۆماری ئیسلامییان داوە، چاوێك بە کردەوەکانی ڕێژیم‌دا بخشێنن، بێ‌بڕوایی کۆماری ئیسلامی بە خۆیانیان بۆ دەر دەکەوێ‌و گەر هێشتا تۆزێك هەستی ئینسانییان تێ‌دا مابێ، لە ڕابردوویان پەژیوان دەبنەوەو دەگەڕێنەوە باوەشی ئاوەڵای گەلەکەیان.



سێیەم: ڕێژیم بەم شێوەیە دەیەوێ تۆوی دڵپیسی‌و دووبەرەکی لە نێو گەلی کورددا بچێنێ‌و لە هەموو ئاوایی‌یەك‌و تەنانەت لە هەر ماڵێك‌دا جاسووسێك! دورووست بکا. بێ‌ئاگا لەوەی کە ڕۆڵەکانی گەلی کوردی بۆ ناخەڵەتێ‌و ئامادە نابن سەربازیی بۆ بکەن‌و گەر زۆر بخرێتە سەر ڕۆڵەکانی گەل کە دەبێ سەربازی بکەن، قەت ئامادە نابن جاسووسی بۆ ڕێژیم بکەن‌و سەربازی لە شوێن‌و ناوچەکەی خۆیان ناکەن بۆ ئەوەی ڕێژیم نەتوانێ پیلانەکانی خۆی بەدەستی ئەوان بەڕێوە ببا.

لەم هەلومەرجەدا کە گلۆڵەی ڕێژیم کەوتۆتە لێژی‌و هەموو جۆرە قەیرانێکی ئابووری، ڕامیاری‌و... ڕووی تێ‌کردوە، دووبەرەکی بەرۆکی خۆی گرتوە، لە باری پێوەندی‌یەکانی دەرەوە لە قەیراندایە، ئاگایی نەتەوایەتیی گەلانی ئێران لە ئاستێکی زۆر بەرزدایەو... هیچ جێگای گومان نیە کە ئەم پیلانەش سەر ناکەوێ‌و لەگەڵ ناکامی‌دا بەرەوڕوو دەبێ.

(١)- هەژدەیەمی برۆمر لوویی بوناپارت- کارل مارکس

(٢)- زانایی شاد،بەندی ١٥- فرێدریش نیچە

# هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە فەرانسەو شکستی بەرەی چەپ

خەدیجە مەعزوور



ئاکامەکانی هەڵبژاردنی دەورەی یەکەمی سەرکۆماری لە وڵاتی فەرانسەدا ئاژیرێکی مەترسی بوو بۆ هێزە سیاسییەکان، خەڵکی فەرانسەو سیستمە دێمۆکراسیو سیاسییەکانی ئورووپا بە گشتیو بە تایبەت بۆ پەنابەرانو ئەوانەی بە هاونیشتمانیی فەرانسەیی دانانرێن.

لە دەوری یەکەمی هەڵبژاردندا دوور لە چاوەڕوانیو بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر، ژان ماری لۆپەن لە حیزبی بەرەی میللی بە وەدەستهێنانی ١٦/٨٦٪ی دەنگەکان، پلەی دووهەمی وەدەست هێناو کەوتە دەوری دووهەمی هەڵبژاردنو لیونێل ژوسپەن لە حیزبی سوسیالیستیش بە وەدەستهێنانی ١٦/١٨٪ی دەنگەکان لەو دەورە لە هەڵبژاردن وەلانرا، ژاك شیراك بە ١٩/٨٨٪ی دەنگ پلەی یەکەمی وەدەست هێنا. ئاکامی ئەو هەڵبژاردنە لە راستیدا دەکرێ وەك سەرکەوتن بۆ لۆپەن بە حیساب بێ، چونکە توانی لە ژوسپەنی کاندیدای حیزبی سوسیالیست وەپێش کەوێو بە ٢٪ی دەنگەکان لە دوای شیراکەوە بێ. "ئیل پائیس" رۆژنامەی ئیسپانیایی لە سەروتاری یەکێك لە ژمارەکانی خۆیدا بەم بۆنەیەوە نووسیبووی: "سەرۆك کۆمارو سەرۆك وەزیر تەنانەت نەیانتوانی بەسەر یەکەوەش ٤٠٪ی دەنگەکان وەدەست بێنن. ئەوە خۆی هۆیەکە بۆ ئەوەی خەڵك بە نیسبەت ئەو دووانەوە بێباوەڕ بنو هەرەشەیەکیشە بۆ ئەو کەسەی سەرکەوتنی نیهایی وەدەست دێنێ."

هەرچەند لە دەوری دووهەمی هەڵبژاردندا ژاك شیراك لە بەرامبەر ژان ماری لۆپەندا ٨٢٪ی دەنگەکانی وەدەست هێنا، بەڵام بەو حاڵەش ناکرێ رێژەی دەنگەکانی لۆپەن لەهەڵبژاردنی دەوری دووهەمی سەرکۆماریدا واتە ١٨٪ی دەنگەکان لەبەرچاو نەگرین، چونکە لەباری سیاسییەوە گەورەترین سەرکەوتن بۆ لۆپەن بوو. ئەگەر ناوبراو لە دەوری یەکەمی هەڵبژاردندا بووە خاوەنی ١٦/٨٦٪ی دەنگەکان، لە دەوری دووهەمدا ١٨٪ی دەنگەکانی بردەوە. ئەوە بۆخۆی لەلایەك هیوایەك بوو بۆ راستە توندڕەوەکانو گڕوتینێکی تازەی پێبەخشینو هاندەرێك بوو کە بۆ هەڵبژاردنی پارلمانی زیاتر خۆیان ئامادە بکەنو لەلایەکی دیکەوە بۆ وڵاتی فەرانسەی دڵی دێمۆکراسی، زەبرێك بوو لە چەپو پەیکەری دێمۆکراسی کەوت، هەروەها بۆ داهاتووی وڵاتی فەرانسە مەترسییەك بوو کە ناکرێ وەبەرچاو نەگیرێ. پێکهاتنی ئەم وەزعە بۆ هێزە چەپەکان، لە پێشدا بۆ سوسیالیستەکان کە زۆرجار دەسەڵاتی وەك دەوڵەتو پارلمانیان لەدەست دابووە، نەتەنیا شکستێکی گەورە بوو، بەڵکوو شارستانەتی فەرانسەشی خەوشدار کردو بردییە ژێر پرسیارەوە.

بەدوای هەڵبژاردنەکانی دەوری یەکەمو دووهەم لە فەرانسەدا، ئەم مەسەلەیە لەنێو خاوەن نەزەرە سیاسییەکانی جیهانو تەنانەت فەرانسەیییەکانو ئەوانەی دڵیان لە گرەوی دێمۆکراسی دابوو، بوو بە جێگای باسو لێدوان. چ شتێك بوو بە هۆی ئەوەکە لە فەرانسەی لانکی دێمۆکراسیو مافی مرۆڤدا کە خاوەنی دوو سەدە خەبات لە پێناوی دێمۆکراسی دایەو شانازی وڵاتی کۆمۆنی پێبڕاوە، دێمۆکراسی بەم شێوەیە لەگەڵ مەترسی بەرەوڕوو دەبێتەوە؟ ئایا پێکهاتنی ئەم وەزعە لە سستیو کەمتەرخەمی خەڵکی فەرانسە سەرچاوەی گرتوە؟ ئایا دێمۆکراسی لە روانگەی لایەنگرانی دێمۆکراسییەوە تووشی شکست هاتوە؟ ئەمانە ئەو پرسیارانەن کە فەرانسەیییەکان دەبێ لە داهاتوودا وەڵامیان پێبدەنەوە. هەرچەند رۆژێك دوای هەڵبژاردن فەرانسەیییەکان بەهەڵەی خۆیان زانیو بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو شکستە هاتنە مەیدان. بەڵام ئیدی درەنگ ببوو. رۆژێك دوای هەڵبژاردنو چەند سەعات دوای راگەیاندنی ئاکامی هەڵبژاردن، خەڵك بەگشتیو بە تایبەت خوێندکارانی زانستگەکانو قوتابییانی قوتابخانەکان لە سەرانسەری فەرانسەدا بۆ دەربڕینی بێزاریو ئیعترازی خۆیان؛ رژانە شەقامەکانو دژکردەوەیەکی توندیان بەرامبەر بە ئاکامی هەڵبژاردنەکە نیشان داو دروشمی توندیان لە دژی ژان ماری لۆپەنو حیزبی بەرەی میللی داو نیگەرانیی خۆیان لە داهاتووی وڵاتەکەیان دەربڕیو تەنانەت خوازیاری بەشداری نەکردنی لۆپەن لە دەوری دووهەمی هەڵبژاردن دابوون.

لە پێوەندی لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی وڵاتی فەرانسەدا کۆمەڵێك پرسیار دێنە گۆڕ. بۆچ لە دەوری یەکەمی هەڵبژاردندا ١١ میلیون کەس لە سەرجەم ٤١ میلیون دەنگدەر بەشداریی هەڵبژاردنیان نەکرد؟ بۆچ یەك میلیون بەرگی سپی خرانە نێو سندووقەکانی دەنگدانەوە؟ ئایا ناکۆکییەکانی نێوان سەرکۆمار شیراكو سەرۆك وەزیر ژوسپەن لەسەر وەزعی نێوخۆو دەرەوە خەڵکیان ماندوو کردبوو کە ئاوا بە ساردی بە پێشوازیی هەڵبژاردنەوە بچن؟ ئایا ئەوە بە هێند نەگرتنی دێمۆکراسیو رێگا ئاوەڵا کردن بۆ راسیزم نەبوو؟ ئایا بەشداری نەکردنی بەشێکی زۆر لە خەڵك لە هەڵبژاردندا لەبەر لە خۆبایی بوونو بوونی ئەو گومانە نەبوو کە گۆیا سەرئەنجام دێمۆکراسی سەر دەکەوێ؟ ئەو خاڵانە لەسەریەكو بە تەنیاو لە جێگای خۆیاندا لەسەر ئاکامی هەڵبژاردن شوێندانەر بوون. ئەوە راستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە ژمارەیەکی زۆر لەخەڵکی فەرانسە کە دژی راسیزمو لایەنگری دێمۆکراسی بوون بەو هیوایە کە لە دەوری یەکەمدا کاندیدای جێگای پەسندیان دەنگ دێنێتەوەو ئەگەر دەنگیشی نەهێناوە، لە قۆناغی دووهەمی هەڵبژاردندا بەشداری دەکەن، نەچوونە سەر سندووقەکانی دەنگدانو لە ئاکامدا هەلەکە لەدەست چوو. لەو پێوەندییەدا، "ئۆلیڤێر دووهامل"ی شارەزای سیاسیی خەڵکی فەرانسەو ئەندامی پارلمانی ئورووپا دەڵێ: "فەرانسەیییەکان هەمیشە لە دەوری یەکەمی هەڵبژاردندا بە هۆی ئیحساساتەوە هاتونە مەیدانو لە هەڵبژاردندا بەشدارییان کردوە. بەڵام لە دەوری دووهەمی هەڵبژاردندا بە جێگای ئیحساس لە عەقڵیان کەڵك وەردەگرن." راست وابوو. بەڵام باشتر هەست کردن بە بەرپرسایەتی دەبوو کە لە بەرامبەر بایەخە فەرهەنگیو ئینسانییەکاندا، خەڵکی بە فەرهەنگو تێگەیشتووی فەرانسە کە ئەزموونێکی دوورو درێژی دێمۆکراتیکیان هەیەو لە پێشڕەوانو دامەزرێنەرانی نیزامی دێمۆکراسی لە جیهان دان، هەر لە سەرەتای هەڵبژاردندا تووشی تەوەهومو لە خۆبایی بوون نەبانو عەقڵیان بە جێگای هەستیان بەکار هێنابا تا لەگەڵ ئەو ئاکامە تاڵە بەرەوڕوو نەبووبان بۆیە پێویست بوو چالاکانە لە هەڵبژاردندا بەشدارییان کردبایەو بە قازانجی دێمۆکراسی هەلەکەیان قوستباوەو جارێکی دیکە فەرانسەوییەکانی کۆمۆن سەلماندبایان کە هەمیشە لە فەرانسەدا دێمۆکراسی قسەی ئەوەڵ دەکا. لایەنگرانی دێمۆکراسیو چەپ گەورەترین هەڵەیان ئەوە بووە بە هومێدی دەوری دووهەم هەلی دەوری یەکەمی هەڵبژاردنیان لە کیس چوو. هەروەها چەپ بە گشتی، سوسیالیست، کۆمۆنیستو سەوزەکان پرشو بڵاوو هاوئاهەنگیی پێویستیان پێکەوە نەبوو و لەسەر بەرنامەیەکی یەکدەست ساغ نەببوونەوەو لەوەش گرینگتر ژمارەیەکی زۆریان کاندیدا بۆ پۆستی سەرکۆماری ناساندبوو و لە ئاکامدا دەنگەکانیان بڵاو ببۆوە. بەڵام خەڵك بە گشتی لەدەوری دووهەمی هەڵبژاردندا پشتیان بە عەقڵیان بەستو بۆ ئەوەی فاشیزم لە وڵاتی فەرانسەدا سەرنەکەوێ دەنگیان دا بە ژاك شیراك. شیراکێك کە لە دەورانی سەرکۆماریی خۆیدا مەسەلەی فەسادی ماڵی لەسەربووو خەڵك دڵێکی خۆشیان لێی نەبوو، بەڵام لانی کەم گرینگی بە بایەخە ئینسانییەکان دەداو حورمەتی دێمۆکراسی دەگرت.




دیارە خەڵك بە دڵەوە دەنگیان بە شیراك نەدا، بەڵکوو بە عام دەیانگوت دەنگ بە دێمۆکراسی دەدەین نە شیراك. هەر ئەو جموجۆڵەش بوو بە هۆی ئەوەکە بۆ یەکەمجار بە درێژایی تەمەنی کۆماری پێنجەم لە فەرانسەدا، کاندیدایەك بە ٨٢٪ی دەنگەکان سەرکەوتن وەدەست بێنێ.

بەڵام پرسیار ئەوەیە چ شتێك بوو بە هۆی ئەوە لۆپەن بکەوێتە پێشبڕکێ لە دەوری دووهەمدا. راستە توندڕەوەکان هێندێك دروشمی بە رواڵەت سادەو هەڵخەڵەتێنو ساویلکە پەسندیان هەڵگرتوەو بێوچان تەبلیغاتی پێوە دەکەن. وەك: وڵاتی فەرانسە ئی فەرانسەوییانە. بێگانەو پەنابەر بۆ دەرەوە، زەق کردنەوەی مەسەلەی ئیعتیادو جینایەتو بێکاریو هەروەها دژی یەکیەتیی ئورووپاو یوروٚ دروشم دانو بە دژی ئەمریکاو جوولەکە هەڵوێست گرتن. ئەو دروشمانەش کاتێك زیاتر لەنێو خەڵکدا زەق دەبنەوە کە وڵاتی فەرانسە پڕە لە بێگانەو پەنابەری سیاسیو غەیرە سیاسیو بێجگە لەوەش نزیکەی ٥ میلیون عەرەبی ئەلجەزایریو تونسی تێدایەو هەموویان کار دەکەنو مافی هاووڵاتییەکی فەرانسەیییان هەیە، بەڵام فەرانسەیییەکان بێکارنو کاریان بە زەحمەت دەست دەکەوێ. . .ئەو ناتەباییانە لەسەریەك کەڵەکە دەبنو سەرئەنجام دروشمی راستە توندڕەوەکان لەنێو خەڵکدا تا رادەیەك جێ دەگرێ.

ناسیونالیزمی توندڕەو تەنیا لە وڵاتی فەرانسەدا بوونی خۆی نەسەلماندوە. بەڵکوو حیزبە راستەکانی لەگۆێن حیزبەکەی لۆپەن، لە وڵاتی ئورووپایی وەك: دانمارك، پرتەغاڵ، ئیسپانیا، هولەند، نورویژ، ئیتالیا، ئوتریشو بلژیکدا جڵەوی دەسەڵاتیان لە دەست دایە کە ئەگەر وەزعەکە بەم شێوەیە بچێتە پێش شانسی سەرکەوتنیان لە وڵاتەکانیاندا هەیە. ئەگەر لە ساڵی ١٩٩٩دا چەپەکان لە ١٣ وڵاتی ئورووپا بێجگە لە ئیسپانیاو ئیرلەنددا، ئەندامی یەکیەتیی ئورووپا بوونو دەسەڵاتیان بە دەستەوە بوو و ئێستا تەنیا ٧ وڵاتی ئەندامی یەکیەتیی ئورووپاماون کە بە هۆی حیزبە سوسیالیستو سوسیال دێمۆکراتەکانەوە ئیدارە دەکرێن. ئەگەر هەنگاوی پێویست لە پێناوی ئاسایشو ئاسوودەیی خەڵك بۆ پووچەڵکردنەوەی دروشمەکانی حیزبە راستە توندڕەوەکان هەڵنەهێنرێتەوە، خەڵکی ئەو وڵاتانە لە مەترسیی راسیزمو دەسەڵاتی راستەکان وریا نەکرێنەوە، ئەوە زەنگێکی مەترسییە بۆ سەرجەم ئورووپاو بۆ هەموو ئەو حیزبانەی کە دەیانەوێ دێمۆکراسی لە وڵاتەکانیانو لەنێو خەڵکدا بە تەواوی بچەسپێنن.

# پاڵەوانە تازەکانی ئورووپا

*نووسینی: "پ.م نیلسۆن" رۆژنامەی ئیکسرێیسێن ٢٤ی مارسی ٢٠٠٢*

*وەرگێڕان: ساڵە نەڵۆسی ـ سوئێد*

رۆژی دووشەممۆ رێکەوتی ٢٠٠٢/٣/١٨، گەمییەکی نەفەر هەڵگر بە ناوی "مۆنیکا" کە ٩٢٨ پەناخوازی ماندوو، تینووو برسی تێدابوون، گەیشتە بەندەری کاتانیا لە سی سیلییەن. وەك لە قسەی پەنابەران ڕا دەردەکەوێ ئەوان لەمێژ نیە سواری گەمییەکە بوون، واتە لە لێوارەکانی لوبنانەوە سوار بوونو کرێی سوار بوونی هەرکام لەوان ٢٠ هەزار کرۆنی سوئێدی بووە. دیارە بەو نرخە کەسێك دەتوانێ دەورێکی زەوی لێ بدا.

وەزیری نێوخۆی ئیتالیا دەستبەجێ ئامادە بوونی نیزامی راگەیاند، واتە بە هەموو ئیدارەکانی راگەیاند کە دەبێ چاوەڕوانی پەناخوازی دیکەش بن. ئەم هەڵوێستە هەڵوێستێکی بەپەلەو توند بوو، وادیارە ئەوان ترسیان لەوە بوو کە پەناخوازان رۆم بگرن. لەو نێوەدا ئەوە بەتەنیا ئیتالیا نیە کە هەڵوێستێکی لەو جۆرەی گرتوە، لەم بارەیەوە هەموو وڵاتانی ئورووپا هەڵوێستێکی وەك یەکیان هەیە[دەتوانین بڵێین] هەڵسووکەوتی وڵاتانی ئورووپایی لەگەڵ پەناخوازان جیاوازییەکی نیە لەگەڵ هەڵسوکەوتیان لەگەڵ جینایەتکاران دا، لە حاڵێك دا ئەوان هیچ تاوانێکیان ئەنجام نەداوەو بە هیوای ژیانێکی باشتر روویان کردۆتە ئورووپا.

کاتێك ئورووپایییەکان دەکەونە باسو وتووێژ سەبارەت بە پەنابەران، دەڵێن ئورووپا لەگەڵ ئەمریکا جیاوازییەکی زۆری هەیە، ئورووپا زیاتر پەناخوازان داڵدەدەداو باشترو زووتر پەناخواز وەردەگرێ. بەڵام لە راستیدا ئورووپایییەکان راست ناکەن. بەو رادەیەی پەناخواز روو لە ئورووپا دەکەن هەربەو رادەیەش دەچنە ئەمریکا. هەر دووك لا لەساڵ دا میلیۆنێك پەناخواز وەردەگرنو لەهەرکامەشیان دا نزیکەی هەشت میلیون پەنابەری نایاسایی دەژین. بێجگە لەوە نزیکەی ١٠٪ تا ١٥٪ی دانیشتوانی ئەمریکاو ئورووپا لەوێدا لە دایك نەبوون، [واتە لە دایکبووی وڵاتانی خۆیانن] بە پێی توێژینەوەیەك کە ئیدارەی پەنابەرانی ئەمریکا ئەنجامی داوە، هاتنی پەناخوازان بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ساڵانە نزیکەی ١٠٠ میلیارد کرۆن قازانجی بۆ ئەو وڵاتە هەیە، بەڵام تا ئێستا ئەم توێژینەوەیە لە ئورووپادا نەکراوە، دیارە قازانجی ماڵیی ئەوان لەو بارەیەوە لە ئەمریکا کەمتر نیە.

هەڵسوکەوتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو ئورووپای یەکگرتوو لەگەڵ پەنابەرانی غەیرە قانوونی وەك یەك نیەو تەنانەت زۆریش جیاوازە. لە ئەمریکا پەنابەران [ی غەیرە قانوونی ] مافی ئەوەیان هەیە بۆ باشتر کردنی ژیانی خۆیان هەوڵ بدەن، بەڵام لە ئورووپا وەك سەربار چاویان لێ دەکەن. لە ئەمریکا تەنانەت پەنابەرانی غەیرە قانوونییش دەتوانن لە نەخۆشخانەو قوتابخانەکان کەڵك وەرگرن، بۆیان هەیە ئوتومبیلیان هەبێ، بەڵام لە ئورووپا هەرچەشنە پێوەندییەکی ئەوان لەگەڵ دامودەزگا دەوڵەتییەکان دا دەبێ لە رێگای ناونووسی لە ئیدارەی ئاماری مەرکەزییەوە بێ. [ئەگینا ] پۆلیس تا کاتی دەرکردنیان دەیان گرێو بەندیان دەکا. پەنابەرە نائاساییەکان لە ئەمریکا زۆر بە ئاسانی کاریان دەست دەکەوێو لەگەڵ خاوەنکاری بە ویژدان بەرەوڕوو دەبن. لە ئورووپا لەگەڵ خاوەنکارانی زۆر بێویژدان کە لەگەڵ ئیدارە دەوڵەتییەکان جیاوازییان نیەو وەك کۆیلەو بەردەست چاو لە پەنابەران دەکەن، بەرەوڕوون. لە ئەمریکا یەکیەتییە کرێکارییەکان هەوڵ دەدەن پەنابەران مافی زیاتریان هەبێ، بەڵام لە ئورووپا بەرپرسانی ئەو یەکیەتییانە وەك نوێنەری پۆلیس

| ناوی وڵات | حەشیمەت | ئەو پەنابەرانەی لە ساڵی ٢٠٠٠دا روویان تێکردوە | ئەو پەنابەرانەی لە ساڵی ٢٠٠٠دا مافی نیشتەجێبوونیان پێدراوە | ئەو پەنابەرانەی وەڵامی مەنفیان پێدراوەتەوە |
|---|---|---|---|---|
| بلژیك | ١٠،٣میلیون | ٤٢٦٩١ کەس | ٢١٣١ """" | ٤٨٢٦ کەس |
| دانمارك | ٤، ٥ """" | ١٠٣٤٧ """" | ٣٨٦٨ """" | ٥٢٠٧ """" |
| فینلاند | ٢، ٥ """" | ٣١٧٠"""" | ٥٠٧ """" | ٤٦٠ """" |
| فەرانسە | ٢، ٥٩ """" | ٣٩٧٧٥ """" | ٥١٨٥ """" | ٢٥٠٩٣ """" |
| یونان | ٩، ١٠ """" | ٣٠٨٣ """" | ٣٨٢ """" | ١٥٨٧ """" |
| ئیرلەند | ٨، ٣ """" | ١٤٧٩٦ """" | ٦٠٦ """" | ٧٢٢٤ """" |
| ئیتالیا | ٨، ٥٧ """" | ١٤٠٠٠"""" | ١٦٤٩ """" | ٢٣٢٥٥ """" |
| لوکزامبورك | ٤٠٠هەزار | ٦٢٨ """" | ٥٩ """" | ١٧٨٢ """" |
| هولەند | ١٦ میلیون | ٤٣٨٩٥ """" | ٩٧٢٦ """" | ١٤٩٠٦ """" |
| پرتەغال | ١٠ """" | ٢٠٢ """" | روون نیە | روون نیە |
| ئیسپانیا | ٨، ٣٩ """" | ٧٩٢٦ """" | ٧٦٣ """" | ١٨٢١ کەس |
| بریتانیا | ٩٠ """" | ٧٥٦٨٠ """" | ٣١٨٨٠ """" | ٥٠٨٩٥ """" |
| سوئێد | ٩، ٨ """" | ١٦٣٠٣ | ٩٤٥ """" | ١٢٠٩٣ """" |
| ئالمان | ٢، ٨٢ """" | ١١٧٦٤٨ """" | ١٣٠٤٣ """" | ٦١٨٤٠ """" |
| ئوتریش | ١، ٨ """" | ١٨٢٤٨ """" | ٢٥٦٩ """" | ٤٧٨٧ """" |

لەگەڵیان دەجووڵێنەوە. لە ئەمریکا سەرۆك کۆمار ناوە ناوە بەخشینی گشتی بۆ پەنابەرە غەیرە یاساییەکان دەردەکا، بەڵام تا ئێستا تاقە جارێکیش شتی وا لە مێژووی ئورووپادا رووی نەداوە.

هەواڵنێری گۆڤاری ئەمریکایی Roling Stone زیاتر لە ٨ مانگ کاتی خۆی تەرخان کردوە بۆ نووسینی راپۆرتێك لە سەر ئەو پەنابەرانەی ژمارەیان دەگاتە ٢٥٠٠٠٠ کەس لەساڵ دا کە سنووری میکسیکۆو ئەمریکا دەبڕن. [هەروەها ] بەرپرسی ئەو گۆڤارە خۆشحاڵیی خۆی لەوە دەردەبڕێ کە ئەو پەنابەرانە یارمەتی بە ئەمریکا دەکەنو بەهاتنیان بۆ ئەو وڵاتە لە نەخۆشخانەکان خزمەت بە نەخۆشەکان دەکەن. [ لەراستیدا ] ئەو پەنابەرانە پاڵەوانە لەبیرکراوەکانی سەرمایەدارانی ئەمریکایین.

پەناخوازانی گەمیی " مۆنیکا" دەبێ ناوی پاڵەوانیان لێ بنرێ. ئەوان لە گوندەکانی کوردستانی سووریەو عێراق ڕا هاتوون، ئاواتو ئارەزووی ئەوان بریتییە لە [ پێکەوەنانی ] ژیانێکی باش لە ئورووپا. بۆیە دەبێ بەڕێزو حورمەتو باوەشێکی گەرمەوە وەربگیرێن. بەراستی ئورووپا پێویستی بەوان هەیە، ئەگینا ئورووپا دەبێتە وڵاتی پیرو پەککەوتوان. دەبێ ئورووپا هەوڵ بدا زۆرتر پەنابەر وەربگرێ تا ژیانی پڕ ئاسوودەیی خۆی بپارێزێ. ئورووپای یەکگرتوو هەوڵ دەدا سنوورەکانی خۆی داخاو یاسای دانی مافی مانەوە لە پەنابەران دژوارتر بکا، بەڵام ئەو هەڵوێستە ئورووپا تووشی هەژاریو نەداری دەکا. کردنەوەی سنوورەکان وڵاتانی ئورووپایی لە بوارەکانی ئابووریو سیاسییەوە بەهێز دەکا.ئەوە کە پەنابەران لەسەرەتادا زۆر هەژارانە دەژینو ماوەیەك دەخایەنێ، وەزعی ژیانیان باش بێ گرنگ نیە، گرنگ ئەوەیە کە لە دیاریکردنی وڵاتی دڵخواز بۆ پێکەوەنانی ژیانێکی باشتر سەربەست بن.




# جامی جیهانیی فووتبال

ئا: مێهدی بەدری

جامی جیهانیی فووتبال گرینگترین پێشبرکێی وەرزشی لە ئاستی جیهان دایە کە هەر چوار ساڵ جارێك بەڕێوە دەچێ. مێژووی دەستپێکردنی ئەم یارییانە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٠٢ کە بۆ یەکەم جار لە لایەن روبێرت گرینی روژنامەنووس لە رۆژنامەی "ماتن" پێشنیار کرا. دوو ساڵ دواتر روبێرت گرینی فەرانسەیی بوو بە یەکەم سەرۆکی فیدراسیونی جیهانیی فووتباڵ. بیری بەڕێوەبردنی جامی جیهانیی ٢٤ ساڵی خایاندو یەکەم خۆلی جامی جیهانی لە ساڵی ١٩٣٠ دا لە"ئوروگوئە" دەستی پێکرد. لە کاتی بەڕێوەچوونی یەکەم خول دا سەرۆکی فیفا (فیدراسیونی جیهانیی فووتباڵ) ژۆل ریمەی فەرانسەیی بوو کە بۆ بەڕێوە بردنی ئەم پیپێشبڕکێیە هەولێکی زۆری دابوو.

بە پێی بڕیاری فیفا هەر وڵاتێك سێ جار مەقامی قارەمانەتی جامی وەدەست هینابا، وەك قارەمانی دائیمیی جامی جیهانیی دەناسراو جامی جیهانی کۆتایی پێ دەهات. دیارە بە دوای مەرگی ژول ریمە بۆ ریزگرتن لە ناوبراو ئەم یارییانە بە ناوی جامی ژوول ریمە ناودێر کرا. ساڵی ١٩٧٠ برێزیل بۆ جاری سێهەم مەقامی قارەمانی وەدەست هێناو بوو بە قارەمانی جامی ژۆل ریمەو بە پێی بڕیاری فیفا ئەم یارییانە کۆتاییان پێ هاتبوو. بەڵام لەبەر پێشوازی لەم یارییانە دیسان لە سەر بڕیاری فیفا یارییەکان بە ناوی جامی جیهانییەوە درێژەیان پێدرا.

حەفدەهەمین خولی جامی جیهانی (٢٠٠٢ی کورەو ژاپۆن) رۆژی ١٠ی جوزەردان لە رێورەسمێکی تایبەتی دا و بە یاریی فەرانسە (قارەمانی خۆلی پێشوو)و سێنێگال لە شاری "سیئول" دەکرێتەوە. جامی حەفدەهەم هەر وەك جامی پێشوو بە بەشداریی ٣٢ وڵات لە هەشت گرووپ دا دەست پێ دەکا. بە دوای یارییەکانی ئەم قۆناغەوە تا رۆژی کۆتایی، یارییەکان بە شێوەی حەزفی بەڕێوە دەچن.

### یاری تیمەکان لە قۆناغی یەکەم دا بەم جۆرەی دەبێ:

١ـ گرووپی A

١٣٨١/٣/١٠ فەرانسە ـ سێنێگال لە سێئول

١٣٨١/٣/١١ ئۆروگۆئە ـ دانمارك لە ئۆلسان

١٣٨٠/٣/١٦ فەرانسە ـ ئۆروگۆئە لە پۆسان

١٣٨١/٣/١٦ دانمارك ـ سێنێگال لە دایجو

١٣٨١/٣/٢١ فەرانسە ـ دانمارك لە ئێنچون

١٣٨١/٣/٢١ سێنێگال ـ ئۆروگۆئە لە سۆون

٢ـ گرووپی B



١٣٨١/٣/١٢ پاراگوئە ـ ئەفریقای باشوور لە پۆسان

١٣٨١/٣/١٢ ئیسپانیا ـ ئیسلوونی لە گوانیکو

١٣٨١/٣/١٧ ئیسپانیا ـ پاراگوئە لە جیونیو

١٣٨١/٣/١٨ ئیسلوونی ـ ئەفریقای باشوور لە دایجۆ

١٣٨١/٣/٢٢ پاراگوئە ـ ئیسلوونی سیوگویپو

١٣٨١/٣/٢٢ ئیسپانیا ـ ئەفریقای باشوور لە دەیجۆن

٣ـ گرووپی C

١٣٨١/٣/١٣ برێزیل ـ تورکیە لە ئۆلسان

١٣٨١/٣/١٤ چین ـ کاستاریکا لە گوانگیو

١٣٨١/٣/١٨ برێزیل ـ چین لە سیوگویپو

١٣٨١/٣/١٩ کاستاریکا ـ تورکیە لە ئینچون

١٣٨١/٣/٢٣ برێزیل ـ کاستاریکا لە سۆون

١٣٨١/٣/٢٣ تورکیە ـ چین لە سیئول

٤ـ گرووپی D

١٣٨١/٣/١٤ کورەی باشوور ـ لەهێستان لە پۆسان

١٣٨١/٣/١٥ پورتۆغال ـ ئەمریکا لە سۆون

١٣٨١/٣/٢٠ کورەی باشوور ـ پورتۆغال لە دایجۆ

١٣٨١/٣/٢٠ ئەمریکا ـ لەهێستان لە جیونیو

١٣٨١/٣/٢٤ پورتۆغال ـ لەهێستان لە دەیجۆن

١٣٨١/٣/٢٤ کورەی باشوور ـ ئەمریکا لە ئینچون

تەواوی یارییەکانی ئەم چوار گرووپە لە شارەکانی کورەی باشوور بەڕێوە دەچن.

٥ـ گرووپی E

١٣٨١/٣/١١ ئیرلەند ـ کامێرۆن لە نیجاتا

١٣٨١/٣/١١ ئالمان ـ عەرەبستان لە ساپۆرۆ

١٣٨١/٣/١٥ ئالمان ـ ئیرلەند لە ئیباراکی

١٣٨١/٣/١٦ کامێرۆن ـ عەرەبستان لە سیتاما

١٣٨١/٣/٢١ ئالمان ـ کامێرۆن لە یۆکۆهاما

١٣٨١/٣/٢١ ئیرلەند ـ عەرەبستان لە شیزوکا

٦ـ گرووپی F

١٣٨١/٣/١٢ ئینگلیس ـ سوئێد لە سیتاما

١٣٨١/٣/١٢ ئارژانتین ـ نیجریە لە ئیباراکی

١٣٨١/٣/١٧ سوئێد ـ نیجریە لە کۆبە

١٣٨١/٣/١٧ ئارژانتین ـ ئینگلیس لە ساپۆرۆ

١٣٨١/٣/٢٢ سوئێد ـ ئارژانتین لە میاگی

١٣٨١/٣/٢٢ ئینگلیس ـ نیجریە لە ئۆزاکا

٧ـ گرووپی G

١٣٨١/٣/١٣ کرۆواسی ـ میکزیك لە نیجاتا

١٣٨١/٣/١٣ ئیتالیا ـ ئێکوادور لە ساپۆرو

١٣٨١/٣/١٨ ئیتالیا ـ کرۆواسی لە ئیباراکی

١٣٨١/٣/١٩ مێکزیك ـ ئیکوادۆر لە میاگی

١٣٨١/٣/٢٣ ئێکوادۆر ـ کرۆواسی لە یوکوهاما

١٣٨١/٣/٢٣ ئیتالیا ـ مێکزیك لە ئۆیتا

٨ـ گرووپی H

١٣٨١/٣/١٤ ژاپۆن ـ بێلژیك لە سیتاما

١٣٨١/٣/١٥ رووسیە ـ تونس لە کۆبە

١٣٨١/٣/١٩ ژاپۆن ـ رووسیە لە یوکوهاما

١٣٨١/٣/٢٠ بێلژیك ـ تونس لە ئۆیتا

١٣٨١/٣/٢٤ رووسیە ـ بێلژیك لە شیزوکا

١٣٨١/٣/٢٤ ژاپۆن ـ تونس لە ئۆزاکا

تەواوی یارییەکانی ئەم چوار گرووپە لە شارەکانی ژاپۆن بەڕێوە دەچن.

### مێژووی کورتی جامی جیهانی

| ساڵ | میواندار | قارەمان |
| --- | --- | --- |
| ١٩٣٠ | ئۆرۆگوئە | ئۆرۆگوئە |
| ١٩٣٤ | ئیتالیا | ئیتالیا |
| ١٩٣٨ | فەرانسە | ئیتالیا |
| ١٩٤٢و ١٩٤٦ بە هۆی شەڕی دووهەمی جیهانیەوە بەڕێوە نەچووە | | |
| ١٩٥٠ | برێزیل | ئۆرۆگوئە |
| ١٩٥٤ | سویس | ئالمان(ی رۆژئاوا) |
| ١٩٥٨ | سوئێد | برێزیل |
| ١٩٦٢ | شیلی | برێزیل |
| ١٩٦٦ | ئینگلیس | ئینگلیس |
| ١٩٧٠ | مێکزیك | برێزیل |
| ١٩٧٤ | ئالمان | ئالمان(ی رۆژئاوا) |
| ١٩٧٨ | ئارژانتین | ئارژانتین |
| ١٩٨٢ | ئیسپانیا | ئیتالیا |
| ١٩٨٦ | مێکزیك | ئارژانتین |
| ١٩٩٠ | ئیتالیا | ئالمان |
| ١٩٩٤ | ئەمریکا | برێزیل |
| ١٩٩٨ | فەرانسە | فەرانسە |
| ٢٠٠٢ | کورەو ژاپۆن | ؟ |

# لە یادی مامۆستای بلیمەت مەسعوود موحەممەدی نەمردا



چووبامە ژوورەکەی، هەر ١٠جار لەبەرم هەڵدەستا، لەگەڵ ئەوەی مامۆستا مەسعوود بە لانی کەمەوە ٢٠ ساڵ لە من گەورەتر بوو. بەڵام ئەزانم کەسانێك هەن لە منیش رەنگ بێ کەم تەمەنتر، کە ئەچیت بەلالووتییەکەوە بەخێرهاتننت دەکەن. ئەو کابرایە زۆر خسڵەتی تیا بوو کە ئەگەر بەرامبەرەکەی پیاو خراپیش بایە ئەیکرد بە دۆستی خۆی.

**● هەرچەند هێندێکت باس کرد لە تایبەتمەندییەکانی ئەو مامۆستا کۆچ کردوە، بەڵام پێت وایە چ تایبەتمەندیی دیکەی هەبوو کە ئاوا بە تایبەت لەنێو چینی رووناکبیردا بەو شێوەیە رێزو حورمەتی لێ دەگیرا؟**

■ زیرەکیو زاناییو کارامەییو لێهاتووییو لەبزشیرینیی ئەو، زۆر کاری کردبووە سەر هەموو ئەو خەڵکە کە دەچوونە خزمەتی. پێش ئەوەی تۆ شتێك بڵێی ئەو دەیزانی تۆ چی دەڵێی تا کۆتاییش، ئەگەر با بڵێین ئەوەی تۆ ئەتەوێ بیڵێی با شتێکی بێماناش بێ، پێی نەئەبڕیت تا کۆتایی گوێی لێ ئەگرتیت. گەورەییەکەیو لێهاتووییەکەی لەڕادە بەدەر بوو. من دەتوانم بڵێم کەسێکیتری وام نەدیوە. جگە لەوە وەکوو وتم زۆر ڕێزی لە خەڵك ئەنا. لە سەرەتا باسم کرد نەك من تەنانەت با بڵێین یەکێکی لە من مندالتر رۆیشتایە لای، هەموو جارێ لەبەری هەڵدەستاو دادەنیشتەوەو بە گەرمی بەخێرهاتنی ئەکرد. ئێستا کە ئەتۆ ئەچیتە لای بەڕێوەبەرێك ئەتەوێ قسەی بۆ بکەی هێشتا دوو وشەت لەدەم نەهاتۆتە دەر، خۆی بە خوێندنەوەی شتێکەوە خەریك ئەکات، رووی ئەکات بەم لاوە ئەو کابرایە دێمۆکراتییەتێکی سەیری تیا بوو، هەر رایەکت ئەگەر رەد بکردایەتەوە، ئەو گلەیی لێ نەئەکردی. دەیگوت ئەوە رای خۆتە بەڵام ئەمن رام وانیە.

یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی ئەوە بوو سلی لە هیچ شتێك نەدەکردەوە، بۆ نموونە ساڵی ١٩٧٦ کە خوێندن لە کوردییەوە کرا بە عەرەبی، مامۆستا مەسعوود محەممەد داوای کرد وتی من ئەوەی ئەینووسم دەبێ ئەوە بڵاو کەیتەوە، نووسینەکەش ئەوە بوو وتی من وام چاوەڕوان ئەکرد لە میری(حکوومەت)ی عێراق، ئێستاکە زانکۆش بکا بە کوردیی ئامادەییو ناوەندی بگۆڕێ بە عەرەبی. ئەوە لە کاتێك دا بوو کە خەڵکی دیکە ئەیان نووسی ئەوە کارێکی باشە، ئەو ئاوا بێسڵکردنەوە ئەمانەی ئەنووسی. ئەو تایبەتمەندییانەی هەبوو.

**دوکتور ئاورەحمانی حاجی مارف لە درێژەی قسەکانی دا هەر لەبارەی گرینگیی رێزو حورمەت دانان بۆ خەڵکی دیکە، نموونەیەکی سەرنج راکێشی گێڕایەوە وتی:**

٦ـ٧ مانگ لەمەوبەر لە یەکێك لە برادەرانم بیست لە سلێمانی ئەیوت ئەگەرچی مامۆستا مەسعوود لەو دواییانەدا زۆر پەکی کەوتبوو، بەو حاڵەش کە دەهاتە کۆیە هەموو جارێ سەری لە دفتەری سیاسیی حیزب ئەدا. زۆر بە [دیداری] ئێوە کەیف خۆش دەبوو. ئارەزووی دەکرد لەلاتان دانیشێ بەڵام وەك ئەو برادەرەم گێڕایەوە [لە یەکێك لەو سەفەرانەیدا بۆ دەفتەری سیاسیی حیزب] وا پەکی کەوتبوو کە هەستابۆوە سەرپێ نەیتوانیبوو پێڵاوەکانی لەپێ کا. ئەو برادەرە گێڕایەوە کە مامۆستا "عبدالله حسن زاده" پێڵاوەکانی بۆ داناو کردیە پێی، ئەو برادەرە وتی مامۆستا عەبدوڵلا ئەوەندەی دیکە لای من گەورەتر بوو. بەس من ئەڵێم هەزار ئەوەندەیتر مامۆستا عەبدوڵلا لەلای من گەورە بووە، هەردوولا (هەم مامۆستا مەسعوود محەممەدو هەم مامۆستا عەبدوڵلا) ئەلحەق ئەهێنن وەها هەڵسوکەوت بکەن.

**● کاك دوکتور رەحمان! مامۆستا مەسعوود موحەممەدی بلیمەت لەنێو کۆڕی زانیاریی کورددا تا چ رادەیەك توانی نەقشی کاریگەری خۆی بگێڕێ؟**

■ مامۆستا مەسعوود محەممەد وەنەبێ تەنیا ئەندامێکی ئاسایی کۆڕ بووبێ، مامۆستا مەسعوود لە سەرەتادا جێگری یەکەمی سەرۆکی کۆڕ بوو، دواتریش بووە سەرۆکی کۆڕو چەند ساڵێك ئەو کۆڕەی بەڕێوە برد، پێش ئەو چ لە کاتو سەردەمی ئەودا، کۆڕ کاری زۆر گەورەو سەنگینی بە ئەنجام گەیاند کە ئەویش زۆرتر [بەرهەمو ئاکامی] چالاکیی چەند کەسێك وەك دوکتور کەماڵ مەزهەر، دوکتور ئیحسان شێرزاد، مامۆستا مەسعوود موحەممەد، مامۆستا هەژارو چەند کەسانی دی بوون. گەرچی دوای ئەوەی کە مامۆستا ئیحسان شێرزادو دوکتور کەماڵ مەزهەر راگوێزران لە کۆڕ، مامۆستا مەسعوود بۆ ئەوەی تا رادەیەك ئەو شوێنە پڕ بکاتەوە ـ چونکو لە سەرەتادا مامۆستا هەژاریش لە کۆڕ کاری ئەکرد ئەویش لەوێ نەماو چۆوە بۆ ئێران ـ کارێکی کرد کە بتوانێ هێندێك ئەو لایەنە کەموکورتانە پڕ بکاتەوە، کەلکی لە مامۆستا هێمن، مامۆستا شوکور مستەفاو هێندێك کوردیزانی تر وەرگرت. تەنانەت لە سەردەمێکا کە کۆڕ کاری کەم ئەبوو بۆ ئەوەی چاپخانەکە نەوەستێتو بۆ ئەوەی بێکار نەبێت ـ گەرچی ئەو کارانەی کۆڕی زانیاری نەبوون، کاری ئەدەبی بوون ـ بەرهەمی شاعیرە گەورەکانی کورد یان چیرۆکنووسە گەورەکانی کوردو هێندێك لەو کارانەی ئەوانی چاپ ئەکرد. لەگەڵ ئەوەشا کەسانێك دژی ئەو ئەوەستان، بەڵام بەڵگەی مامۆستا مەسعوود ئەوە بوو [دەیگوت] لە جیاتی ئەوەی چاپخانەیەك بوەستێ، چاتر وایە کاری ئەو کەڵە نووسەرانە چاپ بکا، گۆڤاری کۆڕیش بە بەردەوامی دەرئەچوو و پەکی نەکەوت، خۆشی زۆر چالاکانە چەندین کتێبی لەو ماوەیەدا بڵاو کردەوەو توانی رۆڵێکی زۆر چاك ببینێ لە کۆڕا.

**بۆ هاوکاریی زیاتری هێزە دێمۆکراتو پێشکەوتووەکانی ئێران تێ بکۆشین**

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 341        21 May  2002



بۆ خوێندنەوەی چاپەمەنیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران‌و وەرگرتنی زانیاری لەبارەی حیزب،

براوننە ئەم ئادرەسانەی خوارەوە لەسەر ئینتێرنێت:

www.kurdistanmedia.com
e- mail:
kurdistanmedia@yahoo.com

http://www.pdk-iran.org
e- mail:
pdkiran@club-internet.fr


## کێلەشین

## شوێنەوارێکی

## مێژوویی

## بەناوبانگی

## کوردستان



بەردەنووسی کێلەشین یەکێك لە شوێنەوارە مێژوویی‌یە بەناوبانگەکانی کوردستانە. ئەم بەردە بە ئەمری "ئیشپۆئینی" (کوڕی ساردوور، شای ولاتی نائیری) ٨٢٥ ساڵ پێش لەدایکبوونی مەسیح نووسراوەو لە دۆڵێك ـ هەڵکەوتوو لە زنجیرە چیایەکی رۆژئاوای شنۆ بە ناوی کێلەشین ـ کە کەوتۆتە نێوان شنۆو رەواندز، لەسەر بەردێکی دیکە چەقاندرابوو.

بەرزایی ئەم بەردە میترێك‌و یازدە سانتیمیترو بەرینایی‌شی حەفتا سانتیمیترە. نووسراوەکانی بە دوو زمانی "ئورارتویی"و "ئاشووری"ن. ئەو نووسینانەی لە هەرکام لە لایەنەکانی ئەم بەردە هەڵکەندراون، بە یەکێك لەو دوو زمانەن.

ئەم بەردە بۆ هەوەڵجار لەلایەن "شولز" دۆزرایەوە، "راولینین"ی ئینگلیسی ناساندوویەو چەند بلیمەتی دیکە کاریان لەسەر کردوەو مینورسکی ساڵی ١٨٨٢ی زایینی کاری وەرگێڕانی کۆتایی پێهێنا.

ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی (١٩٨٥ی زایینی) بەناو بەرپرسانی "میراتی فەرهەنگی"ی کۆماری ئیسلامی لە ئوستانی ئازەربایجانی رۆژئاوا بە رواڵەت بەو مەبەستە کە ئەم شوێنەوارە مێژوویی‌یە لە پریشکی ئاگری شەڕی ئێران‌و عێراق کە ئەو ناوچەیەشی گرتبۆوە، دەپارێزن، "کێلەشین"یان بۆ شاری ورمێ راگوێزت. بەڵام تا ئێستاش ئەم شوێنەوارە مێژوویی‌یەیان ـ سەرەڕای داوای زۆری خەڵکی شنۆ ـ نەهێناوەتەوە ئەو شارە.

**وەرگیراو لە گۆڤاری "روانگە" (بڵاوکراوەی خوێندکاریی خوێندکارانی کوردی زانستگەی زانستە پزیشکییەکانی تەورێز)، بە کەمێك دەسکارییەوە.**

## رێکخراوی نێونەتەوەیی کار

رێکخراوی نێونەتەوەیی کار (I.L.O) یەکێك لە دامەزراوە پسپۆری‌یەکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە کە لە بواری کارو دابین کردنی کۆمەڵایەتی‌دا بەرپرسایەتیی هەیە. ئامانجەکانی ئەو رێکخراوە بریتین لە ستاندارد کردنی لانی‌زۆری سەعاتی کارو لانی‌کەمی هەقدەست، پارێزگاری لە کرێکاران لە بەرامبەر پێشهات‌و رووداوەکانی کار کردندا، راهێنان‌و فێرکردنی حیرفەیی.

ئەرکی رێکخراوی نەتەوەیی کار ئەوەیە بە دانانی بەرنامە لە ولاتە جۆراوجۆرەکاندا، بۆ دابین کردنی کارو لەنێو بردنی بێکاری، دامەزراندنی کرێکاران لەسەر ئەو کارانەی پسپۆرییان تێدا هەیە، دابین کردنی لانی‌کەمی هەقدەست‌و بە رەسمی ناسرانی مافی وتووێژ لەنێوان کرێکاران‌و خاوەنکاراندا‌و مۆر کردنی رێککەوتننامەی بە کۆمەڵ لەنێوان ئەو دوو لایەنەدا بە مەبەستی باشتر کردنی هەلومەرجی کارو بەرهەمهێنان، هەوڵ بدا رێگا بۆ پەرەپێدانی رێوشوێنەکانی دابین کردنی کۆمەڵایەتی خۆش بکا.

"کۆنفرانسی نێونەتەوەیی کار" کە وەك پارلمانی جیهانیی کرێکاری چاوی لێ دەکرێ، هەموو ساڵێ جارێك لە بنکەی ئورووپایی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا لە ژنێڤ پێك دێ. لەم کۆنفرانسەدا نوێنەرانی دەوڵەتان‌و رێکخراوە کرێکاری‌یەکان‌و نوێنەرانی خاوەنکاران کۆدەبنەوە. لە کۆبوونەوەی ساڵانەدا، ئامانجە بنەرەتی‌یەکانی I.L.O دەکەونە بەرباس‌و لانی‌کەمی رێوشوێن‌و پێوانە نێونەتەوەیی‌یەکان پێشنیار دەکرێن. بەڵێننامەکانی I.L.O لە کۆنفرانسی ساڵانەدا بە بەشداریی چوار نوێنەر لە هەر ولاتێك (دوو نوێنەری دەوڵەت، نوێنەرێکی خاوەنکاران‌و نوێنەرێکی کرێکاران) دەکەونە بەرباس. بەڵێننامەکان پاش ئەوەی لەلایەن ناوەندەکانی قانووندانان پەسند کران، لە ولاتەکاندا بەڕێوە دەچن.

## کۆبوونەوەیەکی نێونەتەوەیی بۆ باس لەبارەی منداڵان و مێرمنداڵان

لە رۆژانی ١٠ـ ٨ی مای ٢٠٠٢ (٢٠ـ ١٨ی بانەمەڕی ١٣٨١)دا کۆڕی گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆبوونەوەیەکی تایبەتیی بۆ باس لەبارەی منداڵان‌و مێرمنداڵان بە بەشداریی سەرۆك‌و رێبەران‌و نوێنەرانی ١٨٠ ولاتی جیهان لە بنکەی رێکخروای ناوبراو لە شاری نیویۆرك پێك هێنا.

لەم کۆبوونەوەیەدا جگە لە سەرۆکان‌و نوێنەرانی ئەو ١٨٠ ولاتە، زیاتر لە هەزار رێکخراوی نادەوڵەتیی چالاك لە بوارەکانی پێوەندیدار بە مافەکانی منداڵان‌و مێرمنداڵانیش دا، بەشدار بوون. ژمارەیەکی زۆر لە منداڵان‌و مێرمنداڵانی ولاتە جۆراوجۆرەکانی جیهانیش بە جلوبەرگی تایبەتیی ولاتی خۆیانەوە بۆ ئەم کۆبوونەوەیە هاتبوون.



**منداڵانی نۆروێژی**

هێندێك لە ئامانجە راگەیەندراوەکانی ئەم کۆبوونەوەیە بریتی بوون لە: چاوخشاندنەوە بەو هەنگاوانە کە لە کۆتایی دەیەی رابردوودا لە پێوەندی لەگەڵ منداڵان دا لەلایەن ولاتە جۆراوجۆرەکانەوە هاویژرا بوون، هەڵسەنگاندنی ئاکامەکانی کۆبوونەوەی سەرانی ولاتانی جیهان لە ساڵی ١٩٩٠دا، دیاریکردن‌و ساخکردنەوەی هەنگاوەکانی داهاتوو و نوێکردنەوەی ئەرك‌و بەرپرسایەتی‌یەکان لە دەیەی داهاتوودا بەرامبەر بە منداڵان‌و مێرمنداڵان.

هەتا ئێستا منداڵان لە ئاستی جیهاندا یەکەمین‌و گەورەترین قوربانیی بەشێکی زۆر لە شەڕو کێشەو قەیران‌و ئاڵۆزی‌یەکان بوون. دووکەڵی زۆر شەڕو ئاژاوەو توندوتیژی راستەوخۆ چۆتە چاوی ئەوان. نەخوێندەواری، بێبەشی لە ئیمکاناتی لەشساغی، برسیەتی‌و کەم خۆراکی، کاری قورس‌و کەڵك لێوەرگرتنیان بۆ شەڕ، کڕین‌و فرۆشتنیان بە هۆی باندەکانی بازاری سێکس، بەشێك لەو گیروگرفت‌و مەترسی‌و هەڕەشانەن کە منداڵان لە زۆر ولات‌و ناوچەی جیهاندا لەگەڵیان بەرەوروون.

لە کۆبوونەوەی تایبەت بە منداڵانی کۆڕی گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەشداران بەرنامەیەکیان پەسند کرد. لەو بەرنامەیەدا لەسەر چونیەتیی خەبات بە دژی کەمیی خۆراك بۆ منداڵان، پێشگیری لە مردنی منداڵانی ساوا، پەرەپێدانی پێداویستی‌یەکانی لەشساغی لەنێو بنەماڵەداو پێشگیری لە ئیعدامی کەسانی خواروی ١٨ ساڵ پێداگیراوە.



**مێرمنداڵانی کوردستان**

## مرواریی دەریای وشە

جەبران خەلیل جەبران

و: ب. جەهانگیری

**حەوت جار گاڵتەو سووکایەتیم بە رووحی خۆم کردوە:**

**یەکەم جار: ئەو کاتەی دیتم بۆ ئەوەی گەورە بنوێنێ بە رواڵەت خۆ چکۆلە دەکاتەوە.**

**دووهەم جار: کاتێ دیتم لە پێش شەلەکانەوە بە شەلەشەل دەڕوا.**

**سێهەم جار: ئەو کاتەی لەنێوان دژواری‌و ئاسانی‌دا سەرپشك بوو، ئاسانیی هەڵبژارد.**

**چوارەم: ئەو کاتەی گوناهێکی کردو بۆ هێور کردنەوەی ویژدانی خۆی گوتی: خەڵکی دیکەش گوناه دەکەن.**

**پێنجەم: کاتێك ئەوەی بەسەری هاتبوو، بە ئاکامی بێهێزیی خۆی دانا‌و، لەسەرەخۆیی بەرامبەر رووداوەکەی بەستەوە بە هێزو توانای خۆی.**

**شەشەم: ئەو کاتەی کە سووکایەتیی بە روخسارێکی ناحەز کرد، لە حاڵێکدا ئەو روخسارە دزێوە یەکێك لە دەمامکە دەروونی‌یەکانی خۆی بوو.**

**حەوتەم: کاتێ کە زمانی بە پێهەڵا گوتن هاتە گۆو شانازییشی پێوە کرد.**

## بەر لە ماڵاوایی

## بە نیشانەی ئەمەگناسی‌و رێزگرتن لە گەورەیی مرۆڤێك

**ع. وریا**

"کۆلکە زێڕینە" بەرنامەی ئەدەبی‌و هونەریی حەوتووانەی رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران، بەرنامەی رۆژی چوارشەممە ١٨ی بانەمەڕی ئەم ساڵی خۆی بۆ یاد کردنەوەو رێزلێنانی کەسایەتیی گەورەی کورد مامۆستا مەسعوود **محەممەد**ی نەمر تەرخان کردبوو؛ ئەویش بەهۆی پێکهێنانی وتووێژ و وەرگرتنی بیروڕای سێ‌کەسایەتیی ناسراوی کوردستان کەهەر هەموویان پێوەندییەکی چەندین ساڵەی گەرمیان لەگەڵ ئەو نەمرەدا هەبوو. ئەو سێ‌کەسایەتی‌یە بریتی بوون لە بەڕێزان: مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، دوکتور کەماڵ مەزهەرو پرۆفیسۆر ئەورەحمانی حاجی مارف.

لە بەختی خۆم کاتێك بەسەر بڵاو بوونەوەی ئەو بەرنامەیە دا کەوتم کە هەورازە رێ‌و رێگای پێچاوپێچی بەرزایی‌یەکی بەرامبەر "کۆیە"ی زێدو شاری مامۆستا مەسعوود **محەممەد**ی نەمرم لەنێو خەڵوەت‌و بێدەنگی‌و گەورەیی تایبەت بە چیا، لە دوا نیوەڕۆیەکی فێنکی تژی لە بۆنی گوڵانی وەحشی دا دەبڕی. بەڵام ئەوە هەر ئەو فەزا رۆمانتیك‌و دڵڕفێنەی نێوەڕاست مانگی گوڵانی ئەم بەهارە کەم وێنەیەی دامێنی "باواجی"ی شاری باوە حاجی نەبوو کە نێوەرۆکی "کۆلکە زێڕینە"ی ئەو جارەی لە لا شیرین‌و خۆشەویست کردبووم. بەرنامەکە بۆخۆی ـ بۆ هەر کەسێك کە وەك من لێی ورد بباوەو بە گوێی دڵ بیستبای ـ شیرین‌و پڕ لە دەرس‌و ئامۆژگاری‌و خاڵی جێگای سەرنج بوو. لێرەدا وەك نموونە ئاماژە بە هێندێك لەو خاڵانە دەکەم:

* مامۆستا مەسعوود **محەممەد** بەبۆنەی بلیمەتی، زانایی، ئازایی، نیشتمانپەروەری‌و نەخش‌و خزمەتە دیارەکانی لە مەیدانەکانی فەرهەنگی‌و فیکری دا، نەك هەر بۆ گەلی کورد لە کوردستانی عێراق بەڵکوو بۆ عەرەبەکانی ئەو ولاتەش جێگای شانازی بوو. بەڵام لەو بەرنامەیە دا گوێمان لێ بوو دوکتو کەماڵ مەزهەر گوتی: "کەرەتێ زۆرم پێناخۆش بوو وتی کەماڵ! من لەناو عەرەبەکان رێزم زیاترە تا کوردەکان". هەر لەو بەرنامەیەش دا بوو کە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە گوتی: دەنگدانەوەی کۆچی دوایی ئەو زاناو نیشتمانپەروەرە گەورەیە لە چاپەمەنی‌و راگەیەنەکانی کوردستانی عێراق دا، لە ئاستی کەسایەتیی وی‌دا نەبوو و ژیان‌و خزمەتەکانی بەوجۆرەی پێویستە بەدوای مردنی‌دا نەکەوتنە بەرباس؛ رەخنەو گلەیی‌یەکی بەجێ کە رۆژنامەی "کوردستانی نوێ"ش لە وتارێکی رۆژی ٢٠٠٢/٥/٩ی خۆی‌دا دووپاتی کردەوە. بەو حاڵەش دەبینین رادیۆیەك کە دەنگی خەبات‌و تێکۆشانی گەلی کورد لە بەشێکی دیکەی کوردستانەو سکرتێری گشتیی حیزبێکی کوردستانی ئێران بەئەرکی سەرشانی خۆیانی دەزانن بەرنامەو رێوڕەسمی تایبەتی بۆ یادکردنەوەو رێزلێنانی مرۆڤێکی ئاوا گەورە پێك بێنن!

* ئاشنایەتیی رێبەرانی حیزبی دێموکرات لەگەڵ مامۆستا مەسعوود **محەممەد** دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی دەیەی حەفتای زایینی؛ رۆژگارێك کە کۆڕی زانیاریی کورد بە سەرۆکایەتیی مامۆستا مەسعوود **محەممەد** قۆڵی بۆ خزمەت بە زمان‌و ئەدەبیاتی کوردی هەڵ مالیبوو و گیرسانەوەی ژمارەیەك نووسەر، شاعیر، وەرگێڕو کوردیزانی سیاسی‌و خەباتگێڕی کوردی ئێرانی لە بەغدای بە دەرفەت زانیبوو بۆ راکێشانی هاوکاریی ئەوان لەگەڵ کۆڕ. کۆڕی زانیاری دەستکەوتێکی زانستی‌و فەرهەنگیی خەباتی گەلی کورد لەم دیوەی کوردستان بوو. هەڵسووڕێنەرانی ئەو دەزگایە خۆ دەیانتوانی هەمووشتێك لە پاوانی خۆیان بگرن‌و هەر بۆخۆیان بن‌و بەس. بەڵام ئەوان لەو هەل‌و دەرفەتە تازەیەو لە ئیمکاناتی ئەو دەزگایە بۆ خزمەت بە هەموو کوردو بۆ راکێشانی هاوکاریی هەر کوردێك کە خزمەتێکی فەرهەنگیی لەدەست بێ، بێ سەرنجدان بە هێندێك لە سنوورەکان کەلکیان وەرگرت. ئەوان بەم هەنگاوەیان هەر تەنیا بواریان بۆ تێکەڵاوی‌و هاوکاریی فەرهەنگی لەنێوان شارەزایان‌و رووناکبیرانی دوو بەشی کوردستان نەرەخساند، بەڵکوو بەردی بناغەی دۆستایەتی‌یەکی درێژخایەنیشیان لەنێوان پێشەنگان‌و نوخبەکانی ئەو دوو بەشەی کوردستاندا دانا.

* کاتێك مامۆستا حەسەنزادە لە زمانی مامۆستا مەسعوود **محەممەد**ەوە دەگێڕێتەوە: "ئەوە هیچ هونەر نیە کە کۆیی دەگەڵ ئێوە چاکن، چونکی ئێوە ئەگەر فریشتەش نەبن تۆزێك لە فریشتان کەمترن، جا ئەو میللەتە چۆن لەگەڵ ئێوە خراپ بێ؟"؛ یا کاتێك دوکتور کەماڵ مەزهەر کۆنە زامی دێتەوە سۆو بە چاوی پڕ لە فرمێسك‌و بە هەنیسکەوە دەگێڕێتەوە: "مامۆستا مەسعوود بۆ مردنی دایکی نەگریا، بەڵام بەیانی‌یەکی زوو کە تەلەفوونی بۆ ماڵی ئێمە کرد، دەگریا. من‌و شەهلا (ی خێزانم) سەرمان سووڕما. گوتم مامۆستا چی بووە؟ گوتی کەماڵ! کۆستمان کەوت! قاسملوو کوژرا"؛ هەروەها کاتێك پرۆفیسۆر ئەورەحمانی حاجی مارف دەڵێ: "واڵە" (والنتینای هاوسەرم) زۆرجار کە باسی کوردان دێتە پێشێ؛ با بڵێین عەرەبێکی بەغدا یا خود رووسێك لە رووسەکان ئەگەر گلەیی‌یان لە هەڵسوکەوتی کوردێك هەبێ، ئەوە یەکسەر ئەڵێت ئێوە یەك دوو جار لەگەڵ کوردەکانی ئەودیو دانیشن، جا ئەزانن کورد کێیە، هەست ناکەن لەگەڵ ئورووپایی‌یەك‌دا دانیشتوون یا لەگەڵ رۆژهەڵاتی‌یەك"، ئەو قسانە بۆ هەر ئەندامێکی حیزبی دێمۆکرات‌و بۆ هەر کوردێکی ئێرانی زۆر خۆش‌و جێگای شانازین. بەڵام هەر لەو کاتەش‌دا ئەرکێکی گرینگ دەخەنە سەر شانمان، ئەویش رەچاو کردن‌و پاراستنی ئەو خوو و خدەو رەفتارو تایبەتمەندی‌یانە کە حیزبی دێمۆکراتیان لەلای مامۆستا مەسعوود **محەممەد**و دوکتور کەماڵ مەزهەرو پروفیسور ئەورەحمان‌و والنتیناو هەموو دۆستانی، سەربەرزو خۆشەویست کردوە، کە دیارە بێگومان ناسین‌و زانینی قەدری مرۆڤە گەورەکانی کوردو شانازی کردن بە دۆستایەتی‌یان یەك لەوانە.